# کۆمەڵگەی مۆدێرن

**لەبارەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنیو مەترسییەکانی تیرۆرەوە**

**ئامادەکردنی**

**ئاسۆ جەبار**

**چاپی یەکەم**

**2004**


- **پاکێجی: کۆمەڵگەی مۆدێرن**
- **ئامادەکردنی: ئاسۆ جەبار**
- **لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)**
- **تایپو کلێشەسازی: شیلان نوری، سۆران**
- **هەڵەچنی: ئەنوەر ، محمەد**
- **تابلۆی سەربەرگ: بەهادین**
- **فرزی بەرگ: ئەندازیار سامان محەمەد ساڵەح**
- **زنجیرە: 7**
- **تیراژ: 5000 پێنج هەزار دانە**
- **لەسەر ئەرکی رێکخراوی (RTI) ی ئەمریکی لەچاپدراوە.**
- **ژمارەی سپاردنی (171)ی ساڵی (2004)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە**



**ئەرکی لەچاپدانەوەو بڵاوکردنەوەی بۆ رێکخراوی (KIE) پارێزراوەو هیچ کۆپییەکی لەبەر ناگیرێتەوە.**

# دیموکراســی

# دیموکراسیو کۆمەڵگەی مۆدێرن

ئێمە بۆ دەبێت پشتیوانی لەدیموکراسی بکەین؟ بەتایبەتی؛ بۆچی ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لایەنگری شێوازی دیموکراسین؟ ئایا دیموکراسی خۆی چیەو چی دەگەیەنێت؟ ئایا پەیوەندییەکانی دیموکراسی بەهاولاتیانو کۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادیو یەکسانیو مافەکانی مرۆڤو سەروەری یاساوە چیە؟

سەرەتا ئەم پرسیارانە رامانده‌کێشێت بۆ گفتوگۆیەکی سادەو ساکاری نێو خودی ژیانو پەیوەندیو گەشەکردنەوە, لەبەرئەوەی ژیان بۆ خۆی پێویستی بەرێکخستنو رێکوپێکیو ئاسایشو زامنکردنی ئازادیو لەیەکتر گەیشتنو پەیوەندی تەندروست هەیە, دەبێت بەر لەهەرشتێك سەرجەم هاولاتیان لەوە تێبگەن کە بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانیان بەیەکترییەوەو تێگەیشتن لەیەکتریو لێکبووردنو بەڕێوەبردنو زامنکردنی ئاسایشو ئازادییەکانی تاکەکەسو رێزگرتن لەیەکتریو لەیاساو سەروەرییەکانی یاساو رای گشتیو دۆزینەوەو بنبڕکردنی سەرکوتکارییو تاوانکارییو گەندەڵیو نایەکسانی کۆمەلایەتیو سەرچاوەکانی رێزنەگرتن لەیاساو



ئازادییەکان, هەموو ئەمانەی باسمان لێوەکردن، ببنە خەمێکی هەرەگەورەی هاولاتیان بەگشتیو دەوڵەتو دامەزراوەکان بەتایبەتیو دروستکردنی ناوەندو رێکخراوو دەستەی داکۆکیکردن لەمافەکانی هاولاتیانو سەروەری یاسا, ئەوا ئێمە زۆر بەسادەیی دەکەوینە بەردەم ئاستێکی کۆمەلایەتی پێشکەوتوو کە پێویستە لەو چەمكو زاراوانە تێبگەین کە پەیوەندێکی زۆر قولڵو کاریگەریان بەژیانو گوزەرانو بیرکردنەوەی ئێمەی مرۆڤەوە هەیە, کەواتە سەرەتا با لەچەمکی دیموکراسییەوە دەروازەیەك بکەینەوە بۆ تێگەیشتن لەدنیای نوێ و هاولاتی شارستانی.

## دیموکراسی چیە؟

هەرکەسێك بەدرێژایی ژیانی، بیەوێت یان نەیەوێت, وابەستەیە بەهەندێك گروپو ئەنجومەنی جۆراوجۆرەوە, هەرلە بنەماڵەو گەڕەكو یانەکانو یەکێتییە سەندیکاییەکانەوە بگرە تا گەلو ولات. تەواوی ئەم گروپو ئەنجومەنو یەکێتییانە بۆ ئەنجامدانی کارێك یان بۆ خۆبەڕێوەبردن یان بۆ دەستەبەرکردنی مافو ئامانجەکانیان پێویستیان بەبڕیاردانی بەکۆمەڵو تاوتوێکردنی ئەو بڕیارو بیرکردنەوانە هەیە.

ئەم جۆرە بڕیاردانە بەبڕیارگەلی بەکۆمەڵ ناودێر دەکرێ, لەبەرامبەردا جۆرێکی دیکەی بڕیاردان هەیە بەناوی

"بڕیاردانی تاکە کەسی" کە تیایدا خەڵکانی تایبەت بەتەنها بەناوی ئەوانیترەوە بڕیار دەردەکەن.

دیموکراسی پەیوەندی بەجۆری بڕیاردانی بەکۆمەڵەوە هەیە. دیموکراسی لەچەمکی خۆیدا دەربڕی ئەو ئامانجەیە کە ئەو بڕیارانەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەیەك دادەنێ، دەبێ بیروڕای تەواوی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەخۆ بگرێتو، هەروەها پێویستە تەواوی ئەندامەکانیشی لەمافی یەکسان بۆ بەشداریکردن لەبڕیارداندا بەهرەمەندبن، بەواتایەکی دی بوونی دیموکراسی پێویستی بەدوو پرنسیپی هەمەکیە، واتە چاودێری گشتی بەسەر بڕیاردانی بەکۆمەڵو هەبوونی مافی یەکسان لەبەکاربردنی ئەم چاودێرییەدا. چەندە ئەم دوو پرەنسیپە لەپرۆسەی بڕیاردانی کۆمەڵگەیەکدا زیاتر بێتەدی ئەو کۆمەڵگەیە (دیموکراتی)تر دەبێت.

کەواتە دیموکراسی بەر لەهەرشتێك بڕیاردانی بەکۆمەڵەو ئازادیو یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسو بەڕێوەبردنی دەوڵەتو کۆمەڵگە بەشێوەیەکی یەکسانو تەندروست، ئەو بنەما زانستیو جیهانیانەشی دەبنە کۆڵەکەیەکی تۆکمەو بنەڕەتی بۆ دیموکراسیو دامەزراندنی شێوازێکی دیکەی پێکەوە ژیان بەئازادیو یەکسانی بەندە بەتێگەیشتنمان لەدیموکراسییەت بەشێوەیەکی باشو ڕێکوپێك.



هەموومان ئامانجێکی زۆرمان هەیە کە بەتەنیا ناتوانین بەدەستی بهێنین. بەوحاڵەوە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی دیکە کە ئەو ئامانجانەیان هەیە دەتوانین بەهەندێکیان بگەین. لەبەرئەوە وای دابنێین بۆ گەیشتن بەئامانجێکی تایبەت، ئێوەو سەدان کەسی دیکە ڕێکبکەونو ئەنجومەنێك پێکبهێنن. ئەوەی کە ئامانجەکانی ئەم ئەنجوومەنە چیە جارێ وازی لێدێنین، هەتا بەتەواوەتی لەسەر پرسیاری دیموکراسی چیە؟ پێدابگرین، وای دابنێین لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکەتاندا زۆرێك لەئەندامان پێشنیاز دەکەن کە ئەنجومەنی ئێوە پێویستی بەرێسایەك هەیە. ئەو پێشنیازە قبوڵدەکرێت. واپێدەچێ کەتۆ لەم بوارانەدا لێوەشاوەیت، یەکێك لەئەندامەکان پێشنیاز دەکات کە تۆ پێشنوسی ئەم ڕێسایە بنوسیتو لەکۆبوونەوەی دوای ئەنجوومەندا بیخەرەڕوو، بۆ ئەوەی گشت ئەندامان پێیدا بچنەوە ئەو پێشنیازە بەگەرمی وەردەگیرێت، بۆ قبوڵکردنی ئەرکێکی لەو چەشنە، تۆ بابەتێك بەم ناونیشانە هەڵدەبژێریت:"من پێموایە لەئامانجە هاوبەشەکانی خۆمان گەیشتووم، بۆ نموونە: ئایا ئێمە ڕێسایەکمان دەوێت کە ڕێگە بدات بەتواناترینو ڕۆشنبیرترین ئەندامان کە بتوانن بۆ خۆیان گشت بڕیارێکی گرنگی ئێمە دیاریبکەن؟ ریزبەستێکی لەوجۆرە ڕەنگە نەبەتەنها دەبێتەهۆی بڕیارو نەخشەیەکی ژیرانەتر بەڵکە لەبەفیرۆچوونی کاتو هەڵسوڕانی ئەندامانی دیکەش کەمدەکاتەوە"،

ئەندامانی ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگ ئەم چەشنە ڕێگەچارانە پەسەند ناکەن. یەکێك لەو ئەندامانەی کە من ناویدەنێم "نوێنەری سەرەکی" بەڵگەی لەو جۆرە لەبواری گرنگترین کێشەدا دێنێتەوە کە ئەم ئەنجومەنە پەیوەندی پێیانەوە دەبێت, هیچ کام لەئێمە تا ئەو ڕادەیە ژیرنین کە گشت کەسێك لەروانگەی تایبەتی خۆیەوە قبوڵیان بکات. تەنانەت کاتێك هەندێك لەئەندامان لەبواری تایبەت بەو مەبەستە شارەزاییان زۆر تریش بێت, ئێستا ئێمە دەتوانین کێشەکانی پەیوەندیدار بەو مەبەستە فێرببین. هەڵبەت پێویستە بەرلە بڕیاردان سەبارەت بەکێشەکان باس‌و ڕاگۆڕینەوە بکەین. باسی ڕاوێژکردنی سەرەتاو بڕیارو نەخشە لەبارەی داڕشتنی سیاسەتەکان, یەکێکە لەهۆیەکانی دامەزراندنی ئەنجومەن. بەڵام گشتمان بەیەك ڕادە بەرپرسیارین سەبارەت بەبەشداری لەباس‌و ڕاگۆڕینەوەکان, بۆ سیاسەتێك کە ئەنجومەنەکەمان دەبێت ڕەچاوی بکات. لەئەنجامدا دەبێت ڕێسای سەرەکی ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە دابڕێژرێت, ئەو ڕێسایە دەبێت مافی بەشداری ئێمە بۆ گشت بڕیارەکانی ئەنجومەن مسۆگەر بکات. بەڕاشکاوی دەبێت بڵێین: چونکە ئێمە گشتمان لەئاستێکی یەکساندا بەرپرسیارین, دەبێت بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بەسەر خۆماندا حوکمبکەین.

ئەم نمونەیەی کە باسمان لێوەکرد بچوککراوەی زاراوەی دیموکراسییە لەبیرکردنەوەو ئەرك‌و جێبەجێکردندا



بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناو کۆمەڵگەو تەواوی چین‌و توێژەکانیدا.

ئەوەی ڕاستی بێت دیموکراسی گەلێك هەل دەڕەخسێنێت بۆ:

١- بەشداری ڕاستەقینە.

٢- دەنگی یەکسان.

٣- بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕوون‌و ئاشکرا.

٤- بەکارهێنانی کۆنترۆڵی کۆتایی بەسەر دەستوری کاردا.

٥- تێکەڵکردنی پیروبەساڵاچوان‌و ژنان‌و پیاوان بەیەکسانی لەبەردەم یاساو هەڵبژاردن‌و بڕیارداندا.

دیموکراسی کۆمەڵێك بەهای جوان‌و ئاکاری پێشکەوتوو بۆ هاوڵاتیان بەدەستدەهێنێت, لێرەدا بەکورتی ئەو بەهایانە دیاریدەکەین:

## * یەکسانی لەمافەکانی هاوڵاتیبووندا

ئامانجی دیموکراتی کارێکی یەکسانە لەتەك تەواوی خەڵکیدا. جێرمی بنتام دەڵێت: "دەبێت هەریەك لەتاکەکانی کۆمەڵگە بەئەندازەی تاکێك لەقەڵەم بدەین‌و نابێت هیچ کەس لەتاکێك زیاتر بێتە ئەژمار", بەپێی بنەمای یەکسانی حکومەت نەك تەنها دەبێت بەشێوەیەکی یەکسان بایەخ بەبەرژەوەندییەکانی خەڵکی بدرێت, بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی یەکسانیش بەها بۆ بیروڕاکانیان دابنرێت.

## * بەدیهێنانی پێداویستییەکانی خەڵك بەگشتی

لەبنەڕەتدا حکومەتە دیموکراتییەکان زیاتر لەجۆرەکانی دیکەی حکومەت توانای بەدیهێنانی پێداویستیەکانی خەڵکی ئاساییان هەیە. چەندە خەڵکی ئارەزووی لەداڕشتنی سیاسەتەکاندا زیاتر بێت, ئەگەری رەنگدانەوەی خواستەکان و ئامانجەکانیشیان زیاتر دەبێت.

ئەوە خەڵکی ئاسایین کە بەکردەوە هەست بەدەرئەنجامی سیاسەتەکانی حکومەت دەکەن و, تەنها ئەگەر هەرچەندە لەخوارەوە هەندێك کەناڵی کارامەو هاوڕێك بۆ فشارهێنان و کارتێکردن لەئارادا بێت, دەوڵەتیش دەرئەنجامی واقعی کارەکانی پێچەوانە دەکاتەوە. دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە، ئەگەر نیازپاکیش بن, بەڵام ئەگەر لەدەسەڵات و کۆنترۆڵی خەڵکی دڵنیابن لەگەشبینانەترین دۆخدا سیاسەتگەلێك دادەسەپێنن کە لەتەك خواستەکانی خەڵکیدا ناگونجێت و، لەخراپترین دۆخیشدا، دوچاری گەندەڵی و خۆپەرستی دەبن. ئالێرەوە دەبێت تێگەیشتن لەدیموکراسی ببێتە پێویستییەکی هەنوکەیی بۆ دروستکردنی رۆحی بەرپرسیارێتی و رەخنەو داکۆکیکردن لەمافە گشتی و تایبەتەکانی هاوڵاتیان و ناچارکردنی حکومەت و دەوڵەت



بەڕێزگرتن لەو مافانەو دابینکردنی پێداویستییە گشتییەکانی هاوڵاتیان و گوێگرتن لەداواکاری و فشارەکان.

## *پلورالیزم و سازشکردن

دیموکراسی لەسەر بنەمای وتووێژی ئازادو قەناعەتپێکردن و سازشکردن دامەزراوە. جەختکردنی دیموکراتی لەسەر دیالۆگ و بەتەنها قایلبوون نییە بەجیاوازی بیروڕاو جیاوازی بەرژەوەندییەکان لەزۆربەی پرسە سیاسیەکاندا, بەڵکو ئەوەش دەردەخات کە دەبیٚ بۆ دەربڕینی ئەو جیاوازیانەو گوێگرتن لێیان رێز دابنێن. کەواتە پێش گریمانەی دیموکراتی قبوڵکردنی هەبوونی فرەیی و جۆراوجۆریی کۆمەڵگەو یەکسانی هاوڵاتیەکانێتی و, کاتێکیش ئەو جۆراوجۆرییە دەردەکەوێت کێشەکان بەڕەوشێکی دیموکراتی چارەسەر دەکرێن, واتە لەڕێگەی وتووێژو قەناعەتپێکردن و سازشکردن نەك بەداسەپاندنی ملهوڕانەی باوەڕ یان دەرخستنی دەسەڵات.

## *دەستەبەرکردنی ئازادییە سەرەتاییەکان

دیموکراسی پاراستنی ئازادییە سەرەتاییەکان دەستەبەردەکات. ناکریٚ وتووێژی ئازاد وەك میتۆدێك بۆ دەربڕین و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەبیٚ

هەبوونی ئەو ئازادییانە بەدیبێت کە لەعورفی مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا رەچاو دەکرێت. ئەم مافانە بریتین لە:

**ئازادی رادەربڕین، ئازادی کۆڕوکۆبوونەوەکانو ئاسایشی تاکەکەسو ئازادی کۆچکردن.**

دیموکراتی دەتوانێت پشتیوانی پاراستنی ئەم مافانە بکات، چونکە هەبوونی ئەوانە بۆ پاراستنی مانەوەی دیموکراتی زۆر پێویستەو، ئەومافانەش لەباشترین دۆخدا دەستەبەرکەری گەشەکردنی تاکەکانی کۆمەڵن و دەبنەهۆی دروستبوونی روحیەتی بڕیاردانی بەکۆمەڵ کە لەخۆیدا پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی بەهاداریی بەڵگەهێنانەوەکانو بەڵگە جۆراوجۆرەکان.

## *نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی

هەمیشە نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی جێیبایەخی دیموکراسی بووە. لەسیستمە دیموکراتیەکاندا سیاسەتەکان یان ئەو سیاسەتمەدارانەی کە هێندە کارامە نەبوون یان سەردەمانی کارامەییان بەسەر چووە، دوای رەوتێکی یاسایی و ئاشتی ئامێز لادەبرێن، بەمجۆرە نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەبێ سەرهەڵدانی ئاژاوە یان رووخانی دەوڵەت کە بۆ بەرکەنارکردنی رژێمە نادیموکراتییەکان شتێکی حەتمەییە، دەستەبەر بکرێت.



## بۆچی دیموکراسی پەسەند دەکەین؟

دیموکراسی چەند ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە کە بریتین لە:

١- دوورەپەرێزی لەدیکتاتۆری

٢- مافی سەرەتایی

٣- ئازادی گشتی

٤- مافی چارەی خۆنووسین

٥- سەربەخۆیی ئاکاری (ئەخلاقی)

٦- ئاڵوگۆڕی مرۆڤی

٧- پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس

٨- یەکسانی سیاسی

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە دیموکراسییە مۆدێرنەکان، ئەمانەشیان لێدەکەوێتەوە:

٩- ئاشتیخوازی

١٠- گەشەو پەرەپێدان

١١- هەڵکردنو یەکتر قبوڵکردنو قبوڵکردنی جیاوازییەکان.

کەواتە با کەمێك زیاتر ئەو خاڵانەی سەرەوە روونبکەینەوە:

**١-دیموكراسی یارمەتی ئێمە دەدات تا پێش بەحكومەتە دكتاتۆرو شەڕانیەكان بگرین.**

پێدەچێ بنەڕەترین و سەرەكیترین كێشەو بابەت لەسیاسەتدا راكردن بێت لەدەسەڵاتداریێتی دیكتاتۆری. لەتەواوی مێژووی نووسراودا, لەسەردەمی ئێمەشدا, رێبەرانێك هەن, كەبەهۆی خۆبەزلزانی, بەدگومانی بەرژەوەندی تاكەكەس, ئایدۆلۆژی, ناسیونالیستی, دینداریێتی, بڕوا بەمەزنێتی بوونی خۆیان, یان هەست و ئارەزوویان و هەڵچوونی تایبەت, لەتوانا تایبەتەكانی دەوڵەت, بۆ بەڕێوەبردنی سەرەڕۆیی و توڕەیی كەڵكیان وەرگرتووە. هەتا بەئامانجی تاكەكەسی خۆیان خزمەت بكەن. نرخدانی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتداریێتی سەرەڕۆیی دیكتاتۆری كەمتر نەبووە لەقوربانیانی نەخۆشی و قات و قڕی و شەڕ. بۆ نمونە لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی (ژۆزیف ستالین) لەیەكێتی سۆڤێت (١٩٢٩-١٩٥٣) چەندین ملیۆن مرۆڤی سیاسی كەوتنە بەندیخانەوە, كە زۆربەیان بەهۆی نەخۆشی ترسی ستالینەوە بوو؛ كە دەترسا لەدژی شۆڕش بكەن.

نزیكەی بیست ملیۆن لەئۆردوگاكانی كار گیانیان لەدەستدا, یان بەهۆی سیاسەتەوە لەسێدارە دران, یان بەهۆی قات و قڕییەوە مردن. هەروەها ئەگەر سەرۆكی دیكتاتۆری ئەڵمانی نازی لەبەرچاوبگری (١٩٣٣-١٩٤٥) سەرەڕای دەیان ملیۆن كوژراوی نیزامیی و خەڵكی مەدەنی



كە بەرهەمی شەڕی دووەمی جیهانی بوو, هیتلەر راستەوخۆ بەرپرسی مردنی شەش ملیۆن جوولەكەیە كە لەئۆردوگاكانی كاری زۆرەملێ, هاوڕێ لەگەڵ زۆرێك لەنەیارانی پۆلۆنیایی, قەرەجەكان و هاوجنسەكانی و ئەندامی گروپەكانی تر كە هیتلەر بەمەبەستی لەناوبردنیان هەزارانی لەناوبردن.

هەروەها لەسەردەمی رابەری سەرەڕۆو دیكتاتۆرانەی پۆل پۆت لەكامبۆدیا (١٩٧٥-١٩٧٩), تاقمەكەی پۆل پۆت یەك لەسەر چواری خەڵكی كامبۆدیایان كوشت. كە دەتوانرێت بەجۆرێك لەبنبڕكردنی وەچە دابنرێت. پۆل پۆت ئەوەندە لەتوێژی خوێندەوار دەترسا كە نزیكەی گشتیانی لەناوبرد: بێزێدەڕۆیی, بوونی چاویلكەو دەستی نەقڵیشاو پسولەی مردن بوو.

هاوكات كەس ناتوانێت سەرەك كۆمارێكی دیكتاتۆری وەك سەدام حسێن لەیاد بكات, كە دەرهەق بەمیللەتەكەی خۆی سەدان جینۆسایدو رەشەكوژی هەرەمەكی ئەنجامداوە, لەوانە ئەنفالكردن و لەناوبردنی زیاد لە(١٨٢) هەزار كورد لەناوچە كوردنشینەكان, لەناوبردن و دروستكردنی گۆڕی بەكۆمەڵ بۆ سەدان هەزار كوردو عەرەب و كەمەنەتەوایەتیەكانی عیراق. كەپاش رووخانی ئەم رژێمە بەهەزاران گۆڕی بەكۆمەڵ لەسەرتاسەری عیراق دا دۆزرانەوە, هاوكات ئەم رژێمە لە(١٩٨٨/٣/١٦) شارۆچكەیەكی گەورەی كوردستان بەناوی هەڵەبجەوە

کیمیاباران کرد, کە زیاد لە(٥) هەزار هاوڵاتی شەهید بوونو زیاتر لەدەهەزار کەسیش بریندارو ئالودە بەژەهر بوون. بێجگە لەهەڵگیرساندنی چەندین جەنگی خوێناوی لەگەڵ دراوسێکانیدا, هەشت ساڵ جەنگو کوشتار لەگەڵ وڵاتی ئێراندا, داگیرکردنی وڵاتی کوەیتو جەنگی یەکەمی هاوپەیمانانو جەنگی دووەمی هاوپەیمانان, کە لەم جەنگانەدا بەهۆی سەرەڕۆیی سەدامی دیکتاتۆرو تینوی داگیرکاری سەدان هەزار سوپای نیزامیو خەڵکی بێتاوان کوژرانو لەناوچوون.

**٢-دیموکراسی بۆ هاوڵاتیان هێندێک لەمافە سەرەکییەکان مسۆگەر دەکات، کە ڕژێمە نادیموکراسییەکان ئەوەیان ناوێت, یان ناتوانن دانیان پێدا بنێن.**

دیموکراسی تەنیا پرۆسەیەکی حکومکردن نییە, بەچەشنێك کەمافی کەمینە توخمی پێویستی دامەزراوە سیاسییە دیموکراتیەکانە، بەڵکو دیموکراسی لەناخی خۆیدا سیستمێکی یاسایشە. یاسا توخمێکە لەپێویستیەکانی دروستکەری پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی دەوڵەت.

**٣-دیموکراسی بۆ هاوڵاتیانی فرەتر لەهەر سیستمێکی کارای دیکە ئازادی تاکەکەس مسۆگەر دەکات.**

سەرەڕای ئەوەی گشت مافەکانی, ئازادیو ئەو دەرفەتانەی کە بەڕاستی پێویستن بۆ ئەوەی کە حکومەتێك



دیموکراتیك بێت, هاوڵاتیانی ئەو دیموکراسیە دڵنیان لەوەی کە سود وەردەگرن لەئازادییەکی فراوانتر. باوەڕ بەهەلو مەرجی لەباری دیموکراسی جیاواز نیە لەباوەڕەکانی دیکە. بۆ زۆرینەی خەڵك ئەم باوەڕە, بەشێکە لەکۆمەڵێك باوەڕی پێکەوە گرێدراو, یەکێك لەبەشەکانی ئەم کۆمەڵە پێکەوە لکاوە, بۆ وێنە ئەوەیە کە ئازادی رادەربڕین خۆی لەخۆیدا لەباروباشە. هەروەك سەرۆکی یۆنانی پێریکلیس سەبارەت بەدیموکراسی ئەسینا لەساڵی (٤٣ پ.ز دا وتی, کە ئەو قسەیەی ئەو بۆ دیموکراسیە نوێکانی ئێستاش دەخوا:"ئەو ئازادییەی ئێستا لەحکومەتدا هەمانە دەبێت رەگی بچێتە ناو ژیانی ئاساییشمانەوە.

**٤-دیموکراسی یارمەتی خەڵک دەدات تا لەبەرژەوەندی سەرەکیان پارێزگاری بکەن.**

هەر کەس بەشوێن شتێکەوەیە: ژیان, بژێوی ماڵ, تەندروستی, ئەوین, رێز, ئاسایش, بنەماڵە, هاورێیەتی, کارێکی باش, سەیرانو گەشتو زۆر شتی دیکە. لەبەرئەوە تەنها لەکەشو هەوای دیموکراسیو حکومەتی یاسادا تۆ دەتوانیت ژیانێکی ئازادانەو راستەقینە بگوزەرێنیت.

هاوکات تائازادییەکی راستەقینەو سەروەرییەکی کارای دیموکراتیو یاسایی لەئارادا نەبێت تەواوی بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسو کۆمەڵگە دەکەوێتە بەر ترسو دڵەڕاوکێو پێشێلکردنی ئازادییەکانو نەبوونی ئاسایش.

**٥-تەنیا حکومەتی دیموکراتی دەتوانێت لانی زۆری دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ کەسەکان تا ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن، واتە بەپێی یاسایەک کەخۆیان هەڵیدەبژێرن بژین.**

هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ژیانێکی باشی هەبێت بەبێ دۆستو هاوڕێیەتی. بەڵام ژیان بەهاوڕێیەتی کەسانی دیکەوە نرخێکی دیکەشی هەیە!

تۆ ناتوانیت بەردەوام ئەوەی پێتخۆشە بیکەیت، هەر کە سەردەمی منداڵیت تێپەڕ کرد، یەکڕا ئەوەی بەشتێکی راستەقینەی ژیانی دەزانی، ئەوەی کەتۆ حەز دەکەیت بیهێنیتە دی جیاوازە لەوەی کە کەسانی دیکە ئەیانەوێت بیهێننە دی، لەوەش تێدەگەی کە گروپو کۆمەڵێك کە حەز دەکەن تۆ تێکەڵاویان بیت لەڕێساو کردەوەیەك پەیڕەوی دەکەنو تۆش وەك ئەندامێك ناچار دەبیت پەیڕەوی بکەیت، لەئاکامدا کە نەتتوانی ئاواتەکانت بەسانایی یان بەزۆرەملێ بسەپێنی، ئەودەم دەبێت ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە هەڵبژێریت بۆ کێشەکانت، رەنگە ئەو ڕێگەچارەیە لەڕێگای ڕێکەوتنەوە بێت بەپێی ئەم هەماهەنگییە تا رادەیەك دەتوانی ئازادی دیاریکردنی چارەنووسی خۆتان بەکاربێنی، بەداڕشتنی ئازادانەی ژیان لەسەر یاسایەکی دیموکراسخوازی لەبری هەر سیستمێکی ئازادیخوازی تر، ئەم ئاستی ژیانە بۆ تەواوی کۆمەڵگە دەشێ.



**٦-دەوڵەتێکی دیموکراتخواز دەتوانێت لانی زۆری دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارێتی ئاکاری (ئەخلاقی).**

هەڵبەت ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین زوربەمان هەستین بەوکارە، بەو حاڵەوە هەرچەندە هەلو دەرفەت بۆ ژیانی ژێر یاساکەتان سنووردارببێت، مەودای بەرپرسیارێتی ئاکاری تۆش سنوورداره. تۆ چۆن دەتوانی بەرپرسی بڕیاردانێك بیت کەخۆت ناتوانیت کۆنترۆڵیان بکەیت؟ ئەگەر نەتوانیت هیچ کاریگەرییەکت لەسەر جووڵانەوەی بەرپرسانی دەوڵەت هەبێت، چۆن دەتوانی بەرپرسی هەڵسوکەوتیان بیت؟ ئەگەر تۆ پەیڕەوی بڕیاری گشتی بیت، کەوەك هەی، ئەگەر پرۆسەی دیموکراسی مەودای ئێوە فرەتر دەکاتەوە بۆ ژیان لەژێر تیشکی ئەو یاسایانەدا کەخۆتان هەڵتانبژاردوون، ئەودەم ئێوەش دەتوانن رێك وەك کەسێك کەلەبواری ئاکارییەوە بجوڵێنەوە تا رادەیەك، کە هیچ دەوڵەتێکی نادیموکراتی ناتوانێت ئەوە بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کەهیچ کام لەئێمە بەرپرسیار نین بەرامبەر ژیانو گوزەرانو هەڵسوکەوتی مەدەنیو دیموکراتیو داکۆکیکردن لەمافەکانی خۆمانو ئەوانی دی بەڵام بەشێوازێکی نوێو شیاو بەیاساو رێسا دیموکراسیەکان.

**٧-دیموکراسی زۆرتر لەهەر هاوتایەکی شیاوی دیکە دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی خوو و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ.**

ئەم هەڵوێستە زۆر خێراو هەروەها زۆرتر لەهەر هەڵوێستەیەکی تر جێگای ململانێیە. لەبیرتان بێت کە ئەم

هەڵوێستە پەیوەندی بەئەزموونەوە هەیە. واتە پەیوەندی بەشتی راستەقینەوە هەیە. لەڕاستیدا ئێمە دەبێت بتوانین بەداهێنانی شێوەیەکی لەبار بۆ پێوانەی (گەشەی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ)و بەراورد کردنیان لەناو خەڵکانێك کە لەسیستمێکی دیموکراتیکدا دەژین، ئەم هەڵوێستە بڵاو بکەینەوە.

بەڵام ئەم کارە ئەرکێکی گرانە، لەئاکامدا ئەگەرچی بەڵگەی ئامادە نیشاندەری ئەو هەڵوێستەن بەڵام رەنگە وا باشتربێ کەئەم کارە زۆر بەشیاو بزانین نەك وەك شتێکی چەسپاو لەقەڵەمی بدەین.

**٨- تەنیا حکومەتێکی دیموکراتیك دەتوانێت لەئاستێکی بەرزدا پارمەتی گەشەی یەکسانی سیاسی بدات.**

یەکێك لەگرنگترین هۆیەکانی باشتربوونی حکومەتی دیموکراتخواز ئەوەیە کەئەم حکومەتە لەچاو هەر سیستمێکی تردا، دەتوانێت بگات بەیەکسانییەکی سیاسی زۆر بەرینتر بۆ تەواوی رەگەزو چینو توێژەکانی نێو کۆمەڵگەو کار بکات بۆلابردنی جیاوازی رەگەزیو نەژادیو ململانێ ناشرینەکانی نێو فەرهەنگە جیاوازەکانو پتر گیانی هاوکاریو تەباییو قبووڵکردنی لەناویاندا گەشەپێبدات.

**٩-دیموکراسیە نوێکان لەگەڵ یەکدا ناجەنگن.**

سەرباری شەڕو ململانێ گەورەکانی نێوان وڵاتانی ئەوروپا لەجەنگی جیهانی یەکەمو دووەمو پاش جەنگو لەسەروەختی جەنگی ساردیشدا بەردەوامبوو، بەڵام



دەرئەنجام ئەمانە هەموو نەبوونە لەباربردنی دیموکراسیەتو ئازادیو بنەما یاساییەکانی کۆمەڵگەی نوێ بەیەکجاری، بەڵام بوون بەمێژوویەکی پڕ بەئەزموون بۆ داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە، هاوکات ئەوەش دروستە کەهاوڵاتیانو رابەرانی دیموکرات، شێوازەکانی پێکهاتنو پێکەوە ژیان فێردەبن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان وا بیر دەکەنەوە کەخەڵکی وڵاتە دیموکراسیەکانی تریش وەك ئەوان کەمتر جێی ترسو هەڕەشەنو زۆرتر جێگای متمانەن. سەرئەنجام کردەوەو مێژووی وتووێژی ئاشتیخوازانە، بڕیارنامە، یەکێتیو پارێزگاری هاوبەش لەبەرامبەر دوژمنانی نا دیموکراتخواز، لایەنگری ئەوان رادەکێشێت بەلای ئاشتیدا لەبری شەڕ. لەبەرئەوە دونیای دیموکراسی مزگێنیدەری دونیای ئاشتیخوازیشە.

**١٠- وڵاتانێك کەخاوەنی دیموکراسین فرەتر لەو وڵاتانەی کەحکومەتەکەیان نادیموکراتیکە روو لەگەشەن.**

هەموو ئەو وڵاتانەی خاوەن رژێمی دیموکراسی بوون خاوەنی ئابووری ئازادیش بوون. لەم دوو سەدەیەی رابردوودا ئابووری ئازاد سامانێکی زۆرتری پێکەوەنا لەچاو وڵاتانی دیکەدا. بەم پێیە پەندی مێژینە ئاوەژوو بۆتەوە، چونکە هەموو وڵاتە دیموکراسە مۆدێرنەکان خاوەنی ئابووری ئازادن، وڵاتێکیش کەخاوەنی ئابووری ئازادبێت ئەگەری گەشەکردنی زۆرە، وڵاتێکی دیموکراسی مۆدێرنیش ئەگەری دەوڵەمەندبوونی زۆرە.

ولاتە دیموکراسیەکان لەخۆیاندا زۆر باشیی دیکەی ئابووریان بەسەر ولاتە نا دیموکراسەکاندا هەیە, لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ولاتە دیموکراسیەکان هەل‌و مەرج بۆ گەشەی خوێندنی خەڵکەکەیان پێکدەهێنن, دیارە هێزێکی کاری خوێندەوار بۆ داهێنانی نوێ‌و گەشەی ئابووری زۆر بەکەڵکە, سەرەڕای ئەوە حکومەتی یاسا لەولاتە دیموکراتخوازەکاندا فرەتر رەنگدەداتەوە, دادگاکان سەربەخۆ دەجووڵێنەوە, مافی خاوەنداریێتی زۆرتر دەپارێزرێت, پێکهاتنی بڕیارنامەی باشترو شایستەتر بەڕێوە دەبرێت, دەستێوەردانی سەرەڕۆیانەی حکومەت‌و سیاسەتمەداران لەکاروباری ئابووری کەمتر روودەدات. سەرئەنجام ئابووریە نوێکان پابەندن بەپەیوەندییەکانەوەو لەولاتە دیموکراتەکاندا کۆسپ کەمتر لەسەر رێگەی پەیوەندییەکان دادەنرێت. هاوکات وتووێژو دانوستانی زانیاری ساناترو هەروەها زۆر کەم مەترسیترە لەولاتە نادیموکراسییەکان.

## داخۆ سیستمێك كە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دامەزرابێت دەتوانێت بەمانای واقعی دیموكراسی بێت؟

دەکرێت بۆ ئەم پرسیارە بگەڕێینەوە بۆچەند خاڵێکی سەرەکی, کەهەردوو نووسەری کتێبی دیموکراسی چییە؟



(دێڤید بێتهام و کوین بۆیل)ئاماژەیان پێداوە, بۆ زیاتر ئاشنابوون بەسیستمی ناوەکی‌و دەرەکی دیموکراسی لەمیانەی داڕشتن‌و پەیڕەوکردندا.

### * کۆنترۆڵکردن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە:

سادەترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارەی سەرەوە ئەوەیە کەسیستمی پەرلەمانی باشترین سیستمە کەتا ئێستا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت گەڵاڵە کراوە, ئەویش لەهەلومەرجێکدا کەڕێژەی دانیشتوان دەگاتە چەندان ملیۆن‌و خەڵکیش دەرفەتی ئەوەیان نییە بەشێوەیەکی بەردەوام هەموو کاتی خۆیان بۆ پرسە سیاسیەکان تەرخان بکەن. ئەم تیۆرە پێی وایە کەلەم سیستەمەدا خەڵکی لەتەك هەڵبژاردنی سەرۆکی حکومەت (سەرەك کۆمار یان سەرەك وەزیران)و هەڵبژاردنی ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان, دەتوانن چاودێری حکومەت بکەن, چونکە پەرلەمان بەکەڵك وەرگرتن لەدەسەڵاتی خۆی بۆ پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی یاساکان‌و شێوەی دارایی بەندی, دەتوانێت بەردەوام لەڕێی خەڵکییەوە چاودێری حکومەت بکات.

### *رای گشتیی:

گەرچی هەڵبژاردن سەرەکیترین ئامرازە کەخەڵکی لەڕێگەی ئەوەوە ئازادی بڕیاردان سەبارەت بەسیاسەتەکانی حکومەت لەسیستمێکی پەرلەمانیدا بەدەست دێنێت. بەڵام

تەنها ئامرازیش نییە. بۆ نموونە خەڵکی لەسیستمە دیموکراتەکانیدا دەتوانن بۆ تێکۆشان لەدژی گۆڕین یان نەگۆڕینی یاساکان پەیوەندی بەئەنجومەنە جۆراوجۆرەکانەوە بکەن، یان ببنە ئەندامی حزبە سیاسیەکان و هەروەها دەتوانن بەتایبەت دەسەڵاتی خۆیان بەسەر نوێنەرەکانیاندا بسەپێنن. حکومەتەکانیش ئەرکی سەر شانیانە بەنۆبەی خۆیان لەتەک کەسانێکدا کەسیاسەتەکانی حکومەت کاریگەرییان لەسەر دادەنێت، یان لەتەک ژمارەیەک لەخەڵکی وەک نموونەی ئەو کەسانەی کەدەنگیان داوە گفتوگۆ راوێژ بکات. بەکردەوە جگە لەژمارەیەکی کەم لەحکومەتە هەڵبژێردراوەکان ئەوانی دیکەیان لەکاتی دەرکەوتنی رای گشتیدا لەئەماندا نین. رای گشتیی بەشێوەیەکی بەردەوام لەڕێگەی دەرئەنجامی راپرسیەکان یان لەڕێگەی چاپەمەنی و رادیۆ تەلەفزیۆنەوە بەحکومەت دەگەیەنرێت، بەڵام دواجار کارامەبوونی تەواوی ئەم کەناڵە کۆنترۆڵکراوانەی خەڵکی بەندە بەکارامەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

حکومەتەکان تەنها لەکاتێکدا بەجددی بایەخ بەرای گشتیی دەدەن کەبزانن لەکاتی گوێ پێنەدانیان بەم بیروڕایە، لابردنیان لەسەر پۆستەکانیان شتێکی حەتمییە.



### * کۆنترۆڵکردنی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ:

کەواتە لەسیستمێکی پەرلەمانیدا بەردەوامبوونی چاودێری گشتی لەڕێگەی ئەو کاریگەرێتییە راستەوخۆیەی کەخەڵکی لەکاتی هەڵبژاردندا بەسەر سیاسەتەکانی حکومەت و ئەندامەکانیدا دایدەسەپێنێت و، چاودێری بەردەوامی نوێنەرانی پەرلەمانی بەسەر حکومەتداو هەروەها لەڕێگەی رەنگدانەوەی سیستماتیکی رای گشتی لەکەناڵە جۆراوجۆرەکانەوە – کەحکومەتیش ناچارە بەجددی وەریانبگرێت – پارێزراوو دەستەبەر دەکرێت.

### * یەکسانی سیاسی:

ئێستا دەچینە سەر پرەنسیپی دووەمی دیموکراسی واتە یەکسانی سیاسی. سیستمە پەرلەمانییەکان لانی کەم لەم رووەوە کەبەناوی ئەوانی دییەوە ماف بڕیاردانی سیاسی بەژمارەیەکی کەم لەخەڵکی دەدەن، جۆرە نایەکسانییەک لەخۆ دەگرن، بەڵام هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئەگەر تەواوی هاوڵاتیان لەماف یەکسان بۆ خۆ کاندید کردن و ئەنجامدانی چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان و ئیمکانی قەرەبووکردنەوەی خراپ لەبەڕێوەبردنی رابردوویان بەهرەمەندتر بن و رای خەڵکیش بەهایەکی یەکسانی هەبێت، دەتوانرێت یەکسانی سیاسی بەدەست بێت. لەزۆربەی سیستمە دیموکراتی و پەرلەمانیەکاندا ئەم پێودانگانە بەکردەوە بەشێوەیەکی

تەواو ڕەچاو ناکرێن چونکە لەبنەڕەتدا یەکسانی سیاسی جیاوازیگەلێکی وەك جیاوازی لەسامانو کاتو بەدەستهێنانی ئیمکانیاتو سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی قەتیس دەکات. یەکێك لەئەرکەکانی لایەنگرانی دیموکراتیش ئەوەیە کە لەبواری سیاسەتدا هەندێك ڕێگا بۆ کەمکردنەوەی ئەم جۆرە جیاوازیانە بدۆزنەوەو هەروەها میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی بەکاربردنی چاودێری خەڵکی بەسەر حکومەتدا کارامەتر بکەن.

## بۆچی میدیاکان بۆ دیموکراسی گرنگن؟

تەواوی حکومەتەکان لەهەموو سیستمە سیاسیەکاندا لەهەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری خەڵکدان لەسیاسەتەکانیان, یان لانی کەم پەسەندکردنیان لەلایەن ئەوانەوەو, چونکە پەیوەندیکردن بەخەڵکییەوە تەنها لەڕێگەی میدیاکانی وەك چاپەمەنییەکانو رادیۆو تەلەفزیۆنەوە دەکرێت, کەواتە ئەم کەناڵانە لەکۆمەڵگەکانی ئەمڕۆدا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن. بەڵام لەسیستمە دیموکراتەکاندا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەرکێکی لەوە گرنگتریان لەئەستۆدایە کەتەنها ببنە کەناڵێك بۆ پڕوپاگەندەی دەوڵەت. ئەرکی ئەم کەناڵانە ڕەخنەگرتنە لەکارکردەکانی دەوڵەت, هۆشیارکردنەوەی خەڵکیو دابینکردنی تریبۆنی ئازاد بۆ وتووێژە سیاسییەکانو



چالاکیکردن وەك کەناڵێك بۆ گەیاندنی رای گشتیو بەکاربردنی فشاری گشتی بۆسەر دەوڵەت.

### *ڕۆژنامەنووس, پارێزەری بەرژەوەندییە گشتییەکانە:

کارکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەپێناو ڕەخنەگرتن لەدەوڵەتو گەیاندنی هەواڵەکان بەخەڵکی بۆ ململانێ لەتەك مەیلەکانی دەوڵەت بۆ نهێنیکاریو هاوسەنگکردنی بارستایی ئامرازی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستن.

دەوڵەت تەنها کاتێك دەتوانێت بەدەوڵەتێکی بەرپرسیار لەقەڵەم بدرێت کەخەڵکی لەکارکردنی ئەو دەوڵەتە بەئاگابنو ئامرازێکی سەربەخۆو ناوابەستەشیان بۆ هەڵسەنگاندنی لافلێدانە ناڕەسمییەکانی دەوڵەت سەبارەت بەسیاسەتەکانی لەبەردەستدا بێت.

لەهەمانکاتدا کەنابێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بچنە ناو قەڵەمڕەوی ژیانو بەتایبەتی خەڵکیەوە, ئەرکی سەرشانیان کەزانیاری پێویستو وێنایەکی گشتی لەبەرژەوەندییە گشتییەکان بخەنە بەردەستی خەڵکیو خەڵکیش مافی خۆیانە کەلەو شتانە بەهرەمەند بن, بەدەر لەو حاڵەتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناتوانن رۆڵی گرنگی خۆیان وەك (پارێزەری بەرژەوەندییە گشتییەکان) بگێڕن.

**دیالۆگی گشتی**: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن جگە لەگواستنەوەی زانیارییەکانیان لەکەناڵە ناحکومەتیەکانەوە بواری دورستکردنی تریبۆنێکی ئازاد بۆ دیالۆگی گشتیش فەراهەم دەکەن کەوەزیران و تەواوی کەسایەتییەکانی دەوڵەت لەو ڕێگەیەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە بەشێوەیەکی کەوەڵامەکانیان بەگوێی وەرگرەکانیان بگات.

بەمجۆرە ئامرازێك بۆ گواستنەوەی ڕای گشتی بۆ دەوڵەتیش فەراهەم دەبێت. لەتەواوی ئەم حاڵەتانەدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەبەشداریکردن خەڵکی لەم بوارەدا وەك تەواوکەرو پشتگیریکەری پەرلەمان دەردەکەون بۆ ئەنجامدانی ئەرکی تاوتوێکردن و پێداچوونەوەی کارکردنی دەوڵەت.

### * سەربەخۆیی کەناڵەکای ڕاگەیاندن:

دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تەنها کاتێك دەتوانن ئەم ئەرکە سەرەتاییانە سەبارەت بەدیموکراسیەت جێبەجێ بکەن کەبەتەواوەتی سەربەخۆ بن و لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت یان بەرژەوەندییە تایبەتیەکاندا نەبن.

دەتوانرێت دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا لەرێی بەناچارکردنی ئەو کەناڵانەی کە بە بودجەی دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکرێن, بۆ وەڵامدانەوە لەبەردەم لیژنەیەکی بێلایەن یان نوێنەرانی توێژە جیاجیاکانی



کۆمەڵگەو هەروەها ڕەخساندنی کەشی ململانێ لەگەڵ کەناڵەکانی بواری تایبەتدا, سنووردار بکرێت. هەروەها دەکرێت دەسەڵاتی بەرژەوەندییە تایبەکانیش بەسەر چاپەمەنیەکاندا بەسنووردارکردنی وەرگرتنی مافی ئیمتیازو بەکاربردنی بڕیارگەلێکی دیکە کۆنترۆڵ بکرێت. بەڵام هیچ یەك لەم هەنگاوانە لەخۆیدا دەستەبەرکەری گێڕانی ڕۆڵێکی بێلایەن و کاریگەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نییە لەبەرامبەر دیموکراسیدا.

لەکۆتاییدا جێبەجێکردنی ڕۆڵێکی لەم جۆرە بەندە بەسەربەخۆیی و لێهاتوویی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان و سەرنووسەران و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکان و هۆشیاری فراوانی خەڵکی لەپشتگیریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبەرەوپێشبردنی ڕەوتی دیموکراتیدا.

## دیموکراسی بەربڵاو پێویستی بە چ دامەزراوەیەك هەیە؟

دیموکراسی لەئاستی وڵاتێکدا پێویستی بەم دامەزراوانەی لای خوارەوە هەیە:

١- هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی.

٢- هەڵبژاردنی ئازاد, دادوەرانەو بەردەوام بێت.

٣- ئازادی بیروڕا دەربڕین.

٤- بوونی سەرچاوەی زانیاری ڕاگەیاندن.

٥- ڕێکخراوە سەربەخۆکان.

٦- هاوڵاتی تێکەڵ.

دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکان لەسەر بنەمای گشتی دامەزراوە سیاسەکان و وڵاتێکی دیموکراتیکی پێشکەوتوو لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی بریتین لە:

١- هەڵبژاردنی پلەکانی دەوڵەت: چاودێریکردنی بڕیارکانی حکومەت لەباری داڕشتنی سیاسەت بەپێی یاسا لەبەردەست ئەو نوێنەرانی دانراوە کەلەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵبژێدراون. هەر بەو پێیە حکومەتە دیموکراتیکە تازەکان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی.

٢- هەڵبژاردنی ئازاد, بەدادوەرانەو بەردەوام: نوێنەرانی هەڵبژێردراو لەهەڵبژاردنێکی بەردەوام و یەکساندا هەڵبژێردرێن, کە کردەوەی توندوتیژی تا رادەیەك شاراوەیەو تێیاندا نادیارە.

٣- ئازادی رادەربڕین: هاووڵاتیان ماف ئەوەیان هەیە کەبێترس و دڵەڕاوکێ لەتۆڵە سەندنەوە بیروڕای خۆیان دەربڕن لەسەر کێشە جۆراوجۆرە سیاسییەکان, بەمانای فراوانی وشە کەرەخنە لەپلەو پایەکانی حکومەت و خودی حکومەت, سیستمی بەڕێوەبردن, سیستمی ئابووری سیاسی و ئایدۆلۆژی دەسەلاتداریش لەخۆ دەگرێت.

٤- دەستپێڕاگەیشتن بەسەرچاوەکانی راگەیاندن و زانیاری: هاووڵاتیان ماف ئەوەیان هەیە کەزانیاری خۆیان لەسەرچاوەکانی راگەیاندنی سەربەخۆ وەربگرن, واتە



هاوڵاتیان, پسپۆڕان, رۆژنامەکان, گۆڤار, کتێب و ئامێرەکانی پەیوەندی گشتیی و شتی لەم بابەتە.

٥- رێکخراوی سەربەخۆ: هاووڵاتیان بۆ گەیشتن بەمافەکانی خۆیان واتە بەو مافانەی کەبۆ کردەوەی کاریگەربوونی شایستەیی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکان پێویستن, دەبێت بتوانن ئەنجومەن و سەندیکا یان رێکخراوی سەربەخۆ, لەوانە حزب و کۆمەڵەی سەربەخۆی سیاسی یان فەرهەنگی یان رۆشنبیری یان گەشەپێدان یان یاسایی یان هۆشیارکردنەوە پێکبهێنن.

٦- هاوڵاتی تێکەڵاو: هیچ هاوڵاتیەك کە لەوڵاتێکدا نیشتەجێیەو یاسای ئەو وڵاتە پەیڕەوی دەکات نابێت بێبەش بکرێت لەمافێك کە هاوڵاتییەکانی دیکە هەیانەو پەیوەستی ئەم پێنج دامەزراوە سیاسیەیە. ئەویش ئەو مافانە لەخۆدەگرێت: ماف دەنگدان لەهەڵبژاردنێکی ئازادانەو دادپەروەرانەدا, بۆ دیاریکردنی سەرۆکەکانی حکومەت, پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن, ئازادی رادەربڕین, پێکهێنان و بەشداری لەدامەزراوە سیاسییە سەربەخۆکاندا, دەستپێڕاگەیشتن بەسەرچاوەی سەربەخۆی زانیارییە گشتییەکانی راگەیاندن و سەرجەم سەربەخۆیی و ئەو هەل ودەرفەتانەی کە لەوانەیە بۆ کارایی و کاریگەری دامەزراوە سیاسییە دیموکراتیکەکان لەئاستی وڵاتێکدا پێویستن.

# یاسا سەرەکییەکانی دیموکراسی

هەروەك دیموکراسی بەڕێژەی جیا جیا دەردەکەوێ, یاسا سەرەکییەکانی دیموکراسیش بەشێوازی جیا جیا دەردەکەون. ئێستا رەنگە بپرسی ئایا جیاوازی یاسای سەرەکی دەوڵەتە دیموکراسیخوازەکان گرنگ بوون؟ پێدەچێ وەڵامەکە ئاوا بێت: نا, بەڵێ, رەنگە.

بۆ روونکردنەوە لەم وڵاتانەوە دەستپێدەکەین کەئەزموونێکی زیاترو کۆنی دیموکراسیان هەیە, ئەو وڵاتانەی کەدامەزراوە بناغەییەکان لەدەوروبەری ساڵی ١٩٥٠ بەولاوە بەردەوام لەناویاندا بوونی هەبووە. ئەوانە بەگشتی بیستو دوو وڵاتن: ئوستراليا, نەمسا, بەلژيك, کەنەدا, کۆستەریکا, دانیمارك, فنلاندا, فەرەنسا, ئەڵمان, ئایسلاند, ئایرلەندا, ئیسرائیل, ئیتاڵیا, ژاپۆن, لۆکسمبۆرگ, هۆڵەندا نیوزلەندا, نەرویج, سوید, سویسرا, بەریتانیا, وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

جۆراوجۆربوونی ئەوان وێنەیەکی ئاشکرا لەئەگەرەکانی جیاوازی دەدات بەدەستەوە, بەڵام گرنگی بەرێکوپێك کردنی یاسایی ئەو وڵاتانەش کەتازە هاتوونەتە ناو قۆناغی دیموکراتییەوە کەمتر نییە لەوان. لەڕاستیدا دەکرێت تەنانەت گرنگتریشبن بۆ سەرکەوتنی رەوتی دیموکراسی.



## یاسا سەرەکییەکان چۆن کاریگەرییان دەبێت؟

لەوانەیە یاسا سەرەکییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر کاریگەریان هەبێت لەسەر سیستمی دیموکراسی وڵاتێك.

بەردەوامی: یاسای سەرەکی دەتوانێت پاڵپشتێك بێت بۆ مانەوەی بنەما سیاسییە سەرەکییە دیموکراتیکەکانی کە باسمان لێوەکردن. ئەو یاسایە دەتوانێت نەبەتەنها چوارچێوەی حکومەتی دیموکراتیك دابڕێژێت, بەڵکە گشت ماف و پێویستی دامەزراوە سیاسییە سەرەکییەکانیش مسۆگەر دەکات.

مافی سەرەکیی: یاسای سەرەکی دەبێت هەم پارێزەری مافی زۆرینەو هەم کەمینە بێت. گەرچی ئەم هەوێنە لەهەمان مەرجی یەکەمدا بەشێوەی ئاماژەیی دیارە, بەڵام بەهۆی بوونی جیاوازیو فرەچەشنی نێوان یاسا سەرەکییە دیموکراتیکەکان واباشترە ئەو ماف و چارەسەریانە بەتایبەت بدەینە بەر سەرنج بۆ زۆرینەو کەمینە.

بێلایەنیی: یاسای سەرەکی دەتوانێت بێلایەنی لەنێو هاوڵاتیانی وڵاتێکدا سەقامگیربکات. رێکخستنو گەشەی یاساکان, پاش مسۆگەر کردنی ماف و ئەرکی سەرەکی, دەتوانن پرۆسەی یاسادانانیش بەشێوەیەکی مسۆگەر دابڕێژن کە لەبەرژەوەندی یان لەدژی بۆچوونەکان

یان بەرژەوەندی هاوڵاتیانێکی تایبەت و کۆمەڵێکی تایبەتدا نەبێت.

بواردان بەوەڵامدانەوە: یاسای سەرەکی دەکرێت بەشێوەیەك دابڕێژرێت کەهاوڵاتیان بتوانن ڕێبەرە سیاسییەکانیان لەماوەیەکی مامناوەندیدا ناچار بەوەڵامدانەوە بکەن سەبارەت بەبڕیارەکان، کردەوەو بەڕێوەبردن.

نوێنەرایەتی دادپەروەرانە: ئەوەی کە چ شتێك لەسستمێکی دیموکراسیدا نوێنەرایەتی عادلانە پێکدەهێنێت باس و لێکۆڵینەوەیەکی بێکۆتایی بووە، کەئەوە تا ڕادەیەك ناوەڕۆکی بابەتەکەی کەپەیوەندی هەیە بەو هەوێنەی دوایی باسەکەمان، واتە (یەکێتی بیری تێگەیشتووانە) و (حکومەتی کارامە).

یەکێتی بۆچوونی تێگەیشتووانە: یاسایەکی سەرەکی دەتوانێت یارمەتی هاوڵاتیان و ڕێبەران بدات تا یەکێتییەکی هۆشیارانە سەبارەت بەیاساو ڕێبازەکان دابمەزرێنن ئەوکارە دەتوانێت بەدەرفەت رەخساندن و مەیل دروستکردن لەڕێبەرانی سیاسیدا ڕێخۆشکەرێکی باشی هەبێت بۆ دەمەتەقەو ململانێ و وتووێژی ئاشتی و دامەزراندنی کەلوپەلەکان و پێکهاتن لەپێناو ئاسانکردنی ڕێگای ڕێککەوتن لەنێوان حەزو بۆچوونە جیاوازەکاندا.

حکومەتی کارامە: مەبەستی ئێمە لەکارامەیی ئەوەیە کەحکومەت خەریکی کۆمەڵێك کێشەبێت کەلەڕوانگەی



هاوڵاتیانەوە بەکێشەو گرفتە گرنگەکان دادەنرێت و بەکردەوە حکومەت لەو بوارەدا بەباش هەڵدەسەنگێندرێ.

حکومەتی کارامە لەکاتی بارودۆخە گرژەکاندا کەبەهۆی شەڕ، هەڕەشەی شەڕ، ململانێی توندی نێونەتەوەیی، گیروگرفتی تووندی ئابووری، هەروەها قەیرانەکانی لەم چەشنە روو دەدەن، بەتایبەتی گرنگی بەدەست دێنێت. بەڵام لەکاتی ئاسایشدا ئەم باسە لەئارادایەو بۆ نموونە کاتێك کێشەی گرنگ نەك زۆر گرژو ئاڵۆز لەبەرنامەی هاوڵاتیان و ڕێبەراندا هەبێت، بەدڵنیایی جاری واهەیە لەماوەیەکی کورتدا حکومەتێکی نادیموکراسی هەوێنێکی باش و شایان باشتر لەحکومەتێکی دیموکراتیك بهێنێتەدی، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ ئایا هەر وایە یان، ئەوە جێی گومانە بەهەرحاڵ ئەو حکومەتانەی جێگای باسی ئێمەن ئەوانەن کەلەناو سنووری دیموکراتیکدا دەجووڵێنەوە.

بڕیارە شایستەکان: هەرچەندەش حکومەتی کارامەو لێهاتوو پێویست بێت، دیسانیش ناتوانین هەروا بەئاسانی شاپەڕی یاسایەك بین کەبەڕێوەبردنی کردەوەی جەسوورانەو چارەنووسانە سانا دەکات، بەڵام کاری حکومەت بۆ کەڵك وەرگرتن لەباشترین ناسینی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێکردنی گیروگرفتی وڵات دژوار دەکات. بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی شلگیرانە جێگای ڕێبازی ژیرانە ناگرێتەوە.

ناسکی و توانای تێگەیشتن: مەبەستی من لەو دوو هەوێنە ئەوەیە، کارێك کەحکومەت بەڕێوەی دەبات بەڕادەی

پێویست بۆ خەڵك روونبێتو خۆی لەخۆیدا ئەوەندە ساكار بێت كەهاوڵاتیان بتوانن لێی تێبگەن كەحكومەت خەریكی چییەو چۆن خەریكە بەڕێوەی دەبات, لەبەرئەوە كارێك كە حكومەت بەڕێوەی دەبات نابێت هێندە بەئاڵۆزی بەڕێوە بچێت كەهاوڵاتیان نەزانن خەریكە چی روودەدات, بەهۆی ئەو تێگەیشتنەیان لەكارەكانی حكومەت, نەتوانن بەسانایی رێبەرەكانیان, بەتایبەتی لەكاتی هەڵبژاردندا ناچاری وەڵامدانەوە بكەن.

نەرمونیانی: نەریتو نووسراوەی سیستمێكی یاسایی پێویست ناكات هێندە سەختو نەگۆڕبێت كەنەتوانرێ لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەكاندا بگۆڕدرێ.

ڕەوابوون: بەدیهێنانی ئەو دە هەوێنەی پێشوو, بەدڵنیاییەوە ئێمەی زۆر نزیك كردۆتەوە لەداڕشتنی یاسایەكی سەرەكی كەجێی رەوابوونو پشتیوانی هاوڵاتیانو سیاسەتمەدارە دەركەوتووەكانەوە بێت, هەر ئەمەش زامنی پاراستنو بەردەوامی ئەو دەبێت. بەو حاڵەشەوە لەهەر وڵاتێكدا هێندێك چاكسازیو رێكخستنی یاسایی دەتوانێت لەگەڵ شێوەكانی نەریتی باو زیاتر لەگەڵ یەكتردا بگونجێنێت. بۆ نموونە ئەگەرچی لەڕوانگەی زۆربەی كۆماریخوازانەوە ئەو كارە لەدژایەتیدایە, بەڵام دەبێت قبووڵی هێشتنەوەی پادشایەك لەسەرووی دەوڵەتەوە لەهەمان كاتیشدا سازگاریو رێكخستنی ئەو لەگەڵ پێویستیەكانی دیموكراسی گشتگیر, لەوڵاتانی



ئەسكەندەنافی, هۆڵەندا, بەلژیكا, ژاپۆن, ئسپانیاو بەریتانیا رەوابوونێكی زۆرتری بەخشیەوە بەیاسا سەرەكییەكانی ئەم وڵاتانە بەڵام هەروەك سیستمی پادشایەتی یان سەرتاپاگیری یان تاك رەهندی دەسەڵات دەرێژخایەن جێی ناڕەزایی هاولاتیانێتی بەگشتیو لەكەم شوێن ئەم سیستمانە قبوڵدەكرێن.

## بۆچی ئەو ئەزموونە دیموكراسیانەی لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دامەزراون بەدیموكراسی لیبرالی ناودێر دەكرێن؟

بەڵگەی یەكەم بەڵگەیەكی مێژووییە. زوربەی كۆمەڵگە خۆرئاواییەكان بەر لەدیموكراتیبوون, لیبراڵ بوون. بەو مانایەی كەسەرەتا بەپێی دەستوور رێكخستنێكی لیبرالیان دامەزراندبوو, پاشان مافی دەنگدان بەتەواوی هاوڵاتیان بەخشراو حیزبە سیاسیەكانیش گەشەیان كرد گرنگترین تایبەتمەندیگەلی ئەو جۆرە رێكخستنە بریتیبوون لە: پەیڕەوكردنی حكومەت یان دەسەڵاتی راپەڕاندن لەو یاسایانەی كە لەلایەن پەرلەمانی پێكهاتوو لەكەسانی هەڵبژێردراو (حكومەتی یاسا) پەسەندكراون, دەستەبەركردنی مافی تاكەكەس بەپێی یاساو هەروەها دەستەبەركردنی ئازادی رادەربڕین. كۆڕو كۆبوونەكانو كۆچكردنو سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتی داد لەدەسەڵاتی

یاسادانان و لەدەسەڵاتی راپەڕاندنی وڵات بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەیاساو ئەو مافە تاکەکەسیانەی پێشتر باسمانکردن. مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو دیموکراسیانە گەلەك سستو لەقبوون کەتیایدا بێ سەقامگیر نەبوونی مافی دەنگدانی گشتی، تایبەتمەندییەکانی یاسا سالارانی لیبرالی پەرەی سەندوو حزبە سیاسییەکانیش کاملبوون.

## حکومەتی یاسا:

ئێستا بەبەڵگەی دووەم دەگەین، وا بەستەیی بەرامبەری مەرجداری لیبرالی (Libral Constituionanlism)و دیموکراسی. لەکۆمەڵگە نوێکاندا حکومەتەکان خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانن و هەرچەندەش لەلایەن خەڵکییەوە پشتیوانییان لێبکرێت، بەڵام گەر وەك هەر تاکێکی دیکە لەبەرامبەر یاسادا بەرپرسیار نەبن، یان گەر داوایان لێنەکرێت کە بۆ بەکاربردنی یاساکان بەپێی پەیڕەوو پڕۆگرامە رەسمییەکان رەزامەندی پەرلەمان بەدەست بهێنین، یان ئەگەر رێزی ئازادییەکانی هاووڵاتیان نەگرن، خۆ ئەگەر لەهەندێك حاڵەتیشدا بەشێوەیەکی (نامرۆیی) کەڵکیان لێوەربگرێت ئەوکاتە خەڵکی بەخێرایی توانای کۆنترۆڵکردنیان بەسەر حکومەتدا لەدەستدەدەن. دیموکراسیەت سیستمێك نییە کەهەرچیەك خەڵکی داوای بکات هەر لەو چرکە ساتەدا یان لەکەمترین کاتدا



فەراهەمبکرێت، بەڵکو سیستمێکە کە تواناکانی هەژموونی دەنگەکانی خەڵکی و کۆنترۆڵکردنیان بەسەر دەوڵەتدا ئەپارێزێت و ئەو توانایانەش بەرەو پێشکەوتن پەلکێشدەکات.

## دیموکراسی و پابەندبوون بەدەستوور:

هەر بەوجۆرەی کەلەناونیشانی "پابەندبوون بەدەستوور" دا دەردەکەوێت باشترین رێگە بۆ پاراستنی ئەم تایبەتمەندیانەو هەروەها توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی دیموکراسی تۆمارکردنیانە لەدەستورێکی نوسراودا کەتیایدا مافەکان و ئەرکەکانی هاولاتیان و دەزگا جۆراوجۆرەکانی وڵات بەباشترین شێوە روونکراوەتەوەو بەهەمووانیش راگەیەندراوە. لێرەوە پێگەی تایبەتی دەستور ئاشکرادەبێت کە کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێت لەبەرانبەریدا سوێندی یاسایی بخۆن و لەسەروو بەرژەوەندییە گروپییەکانی خۆیانەوە دایبنێت. هەروەها ئامارژەیەکی دیکە لەگرنگێتی ئەم خاڵە ئەوەیە کە ریفۆرمکردنی دەبێت لەرێگەی هەندێك هەنگاوی تایبەتی وەك پشتگیریکردنی ئەو دەنگدەرانەی کە مەرجی یاساییان بۆ دەنگدان هەیە. یان لەرێگەی ریفراندۆمەوە ئەنجامبدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا (دەستووری نووسراو) تەنها کاتێك بەپارێزراوی دەمێنێتەوە کە (دەسەڵاتێکی داد)ی سەربەخۆ

توانای داسەپاندنی ئەو دەستورەی هەبێت و هەروەها خەڵكیش بەیەكگرتوویی داكۆكی لێبكەن.

## ئایا دیموكراسی لیبراڵ تاكە فۆرمی مومكینی دیموكراسییە؟

تا ئەندازەیەك سەدەی بیستەم گەواهیدەری ئەو هەول و تەقەلایانە بووە بۆ دامەزراندنی دیموكراسی لەئاستی ولاتاندا بێ ئەوەی لەپێشینەی دیموكراسی بەهرەمەندبووبن، زوربەشیان رژێمی تاك حزبی بوون كە فراوانترینیان سیستمە كۆمۆنیستەكان بوون. بەڵگەی ئەم سیستمانە بۆ سەلماندنی لەپێشتربوونی سیستمی تاك حزبی ئەوەیە كەئەم سیستمە بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانی خەڵكی شۆڕشگێڕو سڕینەوەی كاریگەریی داراییە تایبەتییەكان و بەرژەوەندییە گروپییەكان بەكارامەتر دادەنرێت. حزبی فەرمانڕەوا چ وەك كەناڵێك بۆ گواستنەوەی رای گشتی لەخوارەوە، هاندانی خەڵكی لەسەرەوە بەئاراستەی پشتگیریكردن لەسیاسەتەكانی دەوڵەت كاریدەكرد.

### * نەبوونی بەرپرسیارێتی:

لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی هەرجۆرە ئازادی رادەربڕین و كۆڕو كۆبوونەوەیەك بەو مانایە بوو كەتەنها ئەو دیدگایانە



دەیانتوانی دەربكەون و تەنها ئەو رێكخراوانە مۆڵەتی دامەزراندنیان هەبوو كە زنجیرەی پلەوپایە حزبییەكان پشتگیریان بكردنایەو سەرەنجام ئەوەبو كە بەكاربردنی دەسەلاتی هاوولاتیان لەسیاسەتەكانداو بەرپرسیارێتی كاربەدەستە دەوڵەتیەكانیش لەبەرامبەریاندا گەلێك بەرتەسك بۆوە.

### * حكومەتی تاك حزبی:

مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە كە سەرلەبەری ئەو حكومەت و دەوڵەتانەی كە تاكە یەك حزب تیایدا سەروەرو حاكمی رەهای كۆمەڵگەو دامەزراوەكانی بووە، دواجار بوونەتە دەسەلاتێكی دیكتاتۆری یان فاشی یان چەوسێنەر لەهەموو رووەكانەوە، بەتایبەتی لەڕووی شارستانی و ێشێلكردنی مافەكانی هاولاتیان بەگشتی و مافی تاكەكەس، هەروەها دەسەلاتی لەو جۆرە بەهیچ شێوەیەك حسابی بۆ رای گشتی و مافی دەنگدان و یاساو دەستور نەكردووە، ئەوەی گۆڕانكاری بێت بوونی نەبووە، هاوكات ئەو كۆمەڵگەیانەی كە لەژێردەسەلاتێكی تاك حزبی رەهادا بوون زیاتر وەك ئۆردوگای زۆرەملێ ژیان و گوزەرانیان بەسەر بردووە. ئەمەش بەو مانایە بوو كەدیسان دەوڵەتەكان و رێبەرەكانیان دەگۆڕێن بەفەرمانڕەواگەلێكی دیكتاتۆرو نابەرپرسیارو، لەدەستدانی كاریگەریی هەر جۆرە

پەرتبوونێکی سێ دەسەڵاتەکەش (یاسادانان, راپەڕاندن, داد) بەو مانایە بوو کە گرنگییەك لای حکومەتی یاسا لەئارادا نییە بۆ پاراستنی ئازادییە مەدەنیەکانو بەرپرسیارێتی حکومەت لەبەرامبەر خەڵکیدا لەڕێگەی پەرلەمانەوە.

## * لیبرالیزمو دیموکراسی:

تەنها دەرئەنجامێك دەکرێت لەگێرانەوەی ئەم مێژووانەوە بەدەستبێت ئەوەیە کەبێ هەبوونی لیبرالیزم هەرجۆرە تەقەلایەك بۆ سەقامگیربوونی دیموکراسی شکست دێنێت. بەکردەوە سەلمێندراوە کە ئازادی کۆڕو کۆمەڵەکانو پێشبڕکێی ئازادی هەڵبژاردن هەر ئاکامێکی نەخوازراویشی بەدواوە بێت, ئامرازێکی حەتمییە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامی دەسەڵاتو چاودێریکردنی حکومەت لەلایەن خەڵکییەوەو, هەروەها حکومەتی یاساو پەرتبوونی دەسەڵاتەکانیش دەبنە دەستەبەرکەری بەکاربردنی چوارچێوەکانی دەستور بەسەر حکومەتداو هەرچی کاریگەرتر رێگە بۆ چاودێریکردنی خۆش دەکەن.

## ئایا هەمیشە بڕیاردانی زۆرینە دیموکراسیەتە؟

بەگشتی لەناو خەڵکیدا ئەوە وێنایەکی هەڵەیە کە دیموکراسی لەتەك حکومەتی زۆرینەدا بەیەکسان دەزانن.



ئەگەر دیموکراسی بەمانای تەواوی واژەکە بەحکومەتی خەڵکی بزانین کەواتە دەبێت حکومەتی سەرجەم خەڵکی بێت نەك حکومەتی بەشێك لەخەڵکی بەسەر بەشێکی دیکەدا. بەدەربڕینێکی دیکە دەکرێت بڵێین تایبەتمەندییەکی گرنگی دیموکراسی بریتیە لەمافی بڕیاردانێك کەهەمووان بەیەکسانی لێی بەهرەمەندن, لەکاتێکدا کەبڕیاردانی زۆرینە تەنها رێخۆشکردنی دەستورێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەزەمانێکدا کە شێوازەکانی دیکەی وەك (دیالۆگ, پیاچوونەوەو سازشکردن)هیچ دەرئەنجامێکیان بەدەستەوە نەداوە. بێگومان ملکەچکردن بۆ بڕیاری زۆرینە دیموکراسیترە لەوەی دەرفەت بەکەمینە بدرێت کەسەبارەت بەخواستەکانی زۆرینە حوکم دەربکەن یان رێ لەبەدیهاتنیان بگرن, بەڵام حکومەتی زۆرینە لەو رووەوە کەدەبێتە هۆی لاوازبوونی کەمینەو قایلنابێت بەهیچ مافێك بۆ بەشداریکردنیان لەبڕیارداندا, دەبێ وەك رێخۆشکەرێکی سەرەتاییو خێرا بۆ بڕیاردان لەقەڵەمبدرێت نەك ئاستی باڵای ئەو شتەی دیموکراسی دەیخوازێت.

## *پرنسیپی بەرامبەری

**principle of Reciprocit**

لایەنگرانی حکومەتی زۆرینە ئاماژە دەدەن بەو خاڵەی کە کەسانێك لەدۆخێکی تایبەتدا لەباڵی کەمینەدا

راوەستاون لەدۆخێکی تردا لەباڵی زۆرینەدا جێدەگرن و کاریگەریشیان لەبڕیارێکی تایبەتیدا, یان دۆڕاندنیان لەخولێکی هەڵبژاردندا بە"بردنەوەیان" لەئایندەدا قەرەبوو دەبێتەوە. بەواتایەکی دی ڕەزامەندیو چۆکدادانی کەمینە لەبەرامبەر ڕوانگەکانی زۆرینەدا پشت بەپرنسیپی بەرانبەری دەبەستێت بەو مانایەی کە ڕۆژێك دێت کەمینەش جێی زۆرینە دەگرێتەوەو هەر بەوجۆرەی ئەوان ملیانکەچ کرد بۆ خواستەکانی زۆرینە, خوستەکانی ئەوانیش لەئایندەدا بەڕێزەوە لەبەرچاو دەگیرێت.

## * زۆرینەو مافی تاکەکەسی:

ئەو بارودۆخەی کەتیایدا بڕیارەکانی زۆرینەی خەڵکی (یان حکومەتێك کەبەپشتیوانی زۆرینە کار دەکات) دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی تاك یان گروپێك بەبارودۆخێکی نادیموکراتی ناودێر دەکرێت. ئەو مافە سەرەتاییانەی کەبۆ بەشداریکردنی خەڵکی لەژیانی سیاسی وڵاتدا زۆر پێویستن بریتین لە:

مافی ئازادی ڕادەربڕین, کۆچکردن, کۆڕوکۆبوونەوەکان و مافی دەنگدان و ناونوسین, بۆ بەدەستهێنانی پۆستە حکومیەکان. دەستەبەرکردنی ڕەچاوکردنی ئەم مافانەو بەخشینیان بەشێوەیەکی یەکسان بەتەواوی هاوڵاتیان بناغەی سیستمێکی دیموکراتی پێکدەهێنێت و باشترین



کاریش ئەوەیە کەلەتەك تۆمارکردنی ئەوانە لەپەیڕەوو پرۆگرام یان جاڕنامەی مافەکان و چاودێرییەکی تایبەتیان بکرێت لەدەستدرێژی بپارێزرێن. سەرباری ئەو مافانەی کەلەسەرەوە باسمکردن کۆمەڵە مافێکی دیکەی پێویست بکات بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشترو گوزەرانێکی باشتر بۆ هاوڵاتیان کەبریتین لە: مافی سەفەرو گەشت و گوزار, مافی فەرهەنگی و کولتوری و ئاینی, مافی موڵکداریێتی, مافی ڕای گشتی و ناڕەزایی دەربڕین, کە تەواو ئەم مافانە دەبنە سەرەتایەکی نوێ و کاریگەر بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەتداو ناڕاستەوخۆ دەبێتە گەڵاڵەبوونی دیالۆگێکی سەرتاسەری دەوڵەت و دامەزراوەکانی لەلایەك و کۆمەڵگەو ناوەندەکانی حوکم لەلایەك.

## * کەمینە هەمیشەییەکان

دوایەمین کێشە سەبارەت بەم باسە ئەوەیە کە هەندێك جار لەکۆمەڵگەکاندا هەندێك کەمینە بەرچاو دەکەون کەهەستێکی توندیان هەیە. واتە ئەو گروپەی کە کەمینەیە ڕەنگە وا هەست بکات کە کێشەکەیان هێندە گەورەن کەئەگەر ببنە زۆرینەش هیچ کات ناتوانن بێتوانایی کردەییان لەبەکاربردنی دەسەڵاتدا قەرەبوو بکەنەوە. دەبێت بڵێین کەبەداخەوە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ناتوانرێت هیچ یاسایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دابنرێت. بەڵام

زۆرینەیەك كە هوشیارەو خوازیاری بەڕێوەبردنی دیموكراتیی‌یە لەكۆمەڵگەدا لەجیاتی كەڵكوەرگرتن لەپێگەی باڵاتری خۆی وەك زۆرینە هەر كات پێویست بكات هەنگاو بۆ بەدیهاتنی خواستەكانی كەمینە هەڵدەگرێت.

دیموكراسی تەنها لەزەمانێكدا بەپایەداری دەمێنێتەوە كەخەڵكی بۆ بەردەوامی پێكەوەژیان توانای رێكەوتنیان لەتەك یەكدیدا هەبێت. بەهەمان ئاراستە بەختیار عەلی دەڵێت: دیموكراسیەت بەرهەمی ئەو كۆمەڵگە زیندوانەیە كەدەتوانن جیاوازی بەرهەمبهێنن.

## ئایا تاك لەسیستمێكی دیموكراتیدا دەتوانێت بەشێوەیەكی رەوا سەرپێچی لەیاسا بكات؟

سەپێچیكردنی مەدەنی (یان سەرپێچیكردنی ئاشتی ئامێز لەیاسا بۆ داكۆكیكردن لەهەندێك پرنسیپی گرنگ یان بەرژەوەندییە زیندووەكان) جێگەیەكی تایبەتی لەمێژووی دیموكراتیدا هەیە. دەبێت ئەم جۆرە سەرپێچیكردنە جیابكرێتەوە لەیاسا شكێنی خراپەكاران. تایبەتەندییەكانی ئەم جۆرە سەرپێچیكردنە بریتییە لە: ئاشكرابوونیان، هەبوونی ئامانجی سیاسیو خۆبەدەستەوەنەدانو نەترسان لەسزادان. بەگشتی مەبەست لەم شێوازی ململانێكردنە ئەوەیە سەرنجی خەڵكی رابكێشێت بۆ دەستدرێژیو نادادپەروەری دەوڵەتوانانو فەرمانڕەواكان یان دەزگا



دەسەڵاتدارە تایبەتەكانو، ناچاریان بكات بەسیاسەتەكانیاندا بچنەوەو، تەنها ئەوكاتەش پەنابردن بۆ ئەم شێوازە رەوایە كەشێوازەكانی دیكەی وەك پڕوپاگەندەكانو ناچاركردن، كاریگەرێتی خۆیان لەدەستدابێت.

### * پتەوكردنی یاسا:

نەیارانو رەخنەگرانی سەرپێچیكردنی مەدەنی بەمجۆرە بەڵگە دەهێننەوە كەناكرێت بەهیچ جۆرێك پاساو بۆ یاساشكێنی بهێنرێتەوە. یاسا بناغەی كۆمەڵگەیەكی مەدەنییەو كەمتەرخەمی تاك یان گروپ بەرامبەر بەیاسا تەنها دەبێتەهۆی هاندانی ئەوانی دی بۆ دووپاتكردنەوەی ئەم جۆرە كردارە ئەگەر بڕیار بوایە كە تەواوی خەڵكی تەنها ئەو یاسایانە هەڵبژێرنو پەیڕەویان بكەن كە خۆیان دەیانەوێت ئەوكاتە بناغەی یاساكە ژیانی هەمووانی لەسەر راوەستاوە بەخێرایی پتەوی خۆی لەدەست دەداتو سست دەبوو، جیا لەوەش لەكۆمەڵگە دیموكراتیەكاندا هەندێك كەناڵی یاسایی بۆ گۆڕینی یاسا بەڕووی تاكەكاندا ئاوەڵابووە، كەناڵگەلێكی وەك بەشداریكردن لەهەڵبژاردن دا، كۆنترۆڵكردنی نوێنەرانی پەرلەمانو ململانێی یاسایی بۆ ناچاركردنی هاوڵاتیانو دەوڵەت سەبارەت بەپێویستی گۆڕان لەسیاسەتەكان یان یاسا نادادپەروەرەكان.

### *یاساو دادپەروەری:

لەلایەکی دیکەوە ئەو داکۆکیکەرانەی پەنا بۆ سەرپێچیکردنی مەدەنی دەبەن ئەوە دێننەوە یاد کە قایلبوون بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن تاك ناچار ناکات ملکەچ بن بۆ هەر یاسایەك یان هاوکاریکردنی هەر سیاسەتێکی دەوڵەت کەڕەنگە نادادپەروەرانەش بێت. هەندێکجار کەناڵە یاساییەکانی ململانێ و ناڕەزایی دەبنەهۆی بەهەدەردانی کاتێکی زۆر لەکاتێکدا ئەو زەرەرو زیانانەی قەرەبوو ناکرێتەوە کە لەبەکاربردنی یاسا نادادپەروەرەکان دەکەوێتەوە. بەکردەوە دەنگی خەڵکی ئاسایی لەناو پڕوپاگەندەکانی حکومەت و خاوەن بەرژەوەندییە بەهێزەکاندا وندەبێت.

بەهەرحاڵ دەبێت ویژدانی تاکەکەس دوایەمین دادگابێت بۆ بڕیاردان سەبارەت بە"هەڵە" و "ڕاست"و هیچ کەسێکیش ناتوانێت لەبەرامبەر بەردەوامی یاسا نادادپەروەرەکاندا خۆی لەبەرپرسیارێتی بدزێتەوەو هیچ هەنگاوێکیش هەڵنەگرێت.

### * ویژدانی تاکەکەس

لەکۆتاییدا هەر بابەتێك دەبێت بەتایبەت لەلایەن خودی تاکەکەسەوە چارەسەر بکرێت. یەکێك لەو بوارانەی کەتێیدا بەشێوەیەکی رەسمی گرنگی ویژدانی تاکەکەس سەلمێندراوە مافی دژایەتیکردنی خزمەتی سەربازییە



لەوەڵامی دەنگی و ویژداندا گەلێك لەحکومەتەکانیش داندەنێن بەکاریگەریی ئاکاری ئەمجۆرە دژایەتیکردنەو بیرلەوە دەکەنەوە شێوەگەلێکی نوێ وەك بەدیلێك بۆ خزمەتی سەربازی بدۆزنەوە بەڵام لەحکومەتە تاك حیزب و دیکتاتۆرو سەربازییەکاندا تەواوی هاوڵاتیان وەك سەرباز سەیر دەکرێن و خزمەتی سەربازیش چەندین جار بەزۆر زۆرەملێیانەیە لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا ویژدانی تاکەکەس بوونی نییەو تەواوی خواست و بیرکردنەوەکانیش پەیوەستە بەبیرکردنەوەو مەرامەکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوا.

## ئایا هەر وڵاتێك دەتوانێت لەحکومەتێکی دیموکراتی بەهرەمەندبێت؟

هەڵبەت گومانی تێدا نییە بوونی رۆشنبیر بەقازانجی دیموکراسی تەواو دەبێت, چونکە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ناکۆکیی نێوان فەرمانڕەواکان و فەرمانبەران, بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە کەبەپێی ئەوە لافلێبدەین کەنەبوونی خوێندنی رەسمی دەبێتەهۆی ئەوەی کەخەڵکی نەتوانن لەو مەسەلانە تێبگەن کە کاریگەری لەسەر ژیانیان هەیە, یان توانای ئەوەیان نییە کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن, هەمووشتێك لەپێشینەی دیکتاتۆرەکاندا چ ئیمپراتۆرییە جیهانییەکان و چ لەدەوڵەتەکانیش دەستدەکەوت تەنها نییەتی فێرخوازانە نەبێت.

## * ململانێی خەڵکی

بەواتایەکی دی دیموکراسی لەسەرەوە پێشکەش بەخەڵکی ناکرێت. فەرمانڕەوا سونەتییەکان, دیکتاتۆرە سەربازییەکان و دەزگا حزبیەکان, ئەو سەرۆك کۆمارانە تا هەتا هەتایە دەمێننەوەو داگیرکەرە بیانیەکان هیچ یەکێکیان خۆبەخشانە دەست لەدەسەڵات هەڵناگرن و تەنها کاتێك دەسەڵات جێدێڵن, کە رژێمەکانیان بەشێوەیەکی فراوان بێبایەخ بووبێت و خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ناچاری کردبن کەباوەڕ بەوە بهێنن مانەوەیان لەسەر تەختی دەسەڵات تەنها دەبێتەهۆی قوڵبوونەوەی پشێوییەکان و بێتوانایی لەبەردەوامبوونی حکومەتدا.

## * پشتیوانی نێودەوڵەتی

داسەپاندنی حکومەتێکی سەربەخۆ لەدەرەوەڕا بەسەر خەڵکیدا جۆرە ناکۆکییەکی لەناوخۆی دا هەڵگرتووەو, بەهەرحاڵ ئەگەری مانەوەی ئەو جۆرە رژێمە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یەکجار کەمە.

بێگومان پشتیوانیکردنی دیموکراسیەکانی دیکە دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ سەرکەوتنی هێزە لایەنگرەکانی دیموکراسی و بەدەستهێنانی بونیادێکی دیموکرات.



## دوای بەدەستهێنانی دیموکراسی, چۆن دەتوانین بیپارێزین؟

لەڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە, لەبەرئەوەی بارودۆخ و کۆمەڵگەو کولتورو دەسەڵاتەکان لەوڵاتێکی تایبەتدا دەبنە سەنگی مەحەك بۆ پارێزگاریکردن لەسیستمێکی دیموکراتی شیاو بەکۆمەڵگەکەیان و بەرگەگرتن و بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخە ناهەموارو ناخۆشەکان و ئەوململانێ گەورانەی کەڕووبەڕووی حکومەت و کۆمەڵگە دەبێتەوە. هەندێك جار ئابووری هێندە لاوازە کەناتوانێت داواکارییە رەواکانی خەڵکی جێبەجێبکات و هەندێك جار سوپاش بەدەسەڵاترە لەوەی کەبتوانێت بەو رۆڵە ناسیاسیە رازیبێت کەپێی سپێردراوە.

## * سەقامگیرکردنی دیموکراسی

لەگەڵ هەموو ئەمانەش، ئەوە وێناکردنێکی هەڵەیە کەپێیوایە خەڵکی توانای ئەوەیان نییە بەرەنگاری بارودۆخە نالەبارەکان ببنەوە. دەکرێت بۆ پتەوکردنی دەزگا دیموکراتەکان هەندێك هەنگاو هەڵبگیرێت بەمەبەستی خۆڕاگرتن لەبەرامبەر ئەو فشارانەی دیموکراسی هەرچۆنێك بێت روبەڕویان دەبێتەوە. سەرکەوتن لەم مەسەلەیەدا زیاتر بەندە بەکارامەیی و بەئەزموونی ئەو تاکە تەکنوکراتانەی کەپۆستە سەرەکیەکانیان بەدەستەوەیە: خەڵکانی وەك

پارێزەرە مافناسەکانو یاسادانەران، سکرتێرەکانی پەرلەمان، کاربەدەستانی چاودێریکردنی هەڵبژاردنو لەهەموویان زیاتر کارمەندانی دەوڵەت. پێکهاتنی حزبە سیاسییەکانیش یەکێکە لەپێداویستیەکان، دەبێت ئەم حزبانەش توانای پەروەردەکردنی ئەندامەکانیان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەزگا سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی – واتە میدیاکان، پیشە ئازادەکان، سەندیکاکانو بەشێوەیەکی گشتی رێکخراوە ناحکومییەکان.

دەبێت بەبێ وابەستەبوون بەحکومەتو لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودا چالاکی ئەنجامبدەن.

### * ململانێی دوو لایەنە:

رەنگە باشترین بەرجەستەکردن بۆ ئەو ململانێیەی کە لەپێناو پاراستنی دیموکراسیدا دەکرێت ئەوەبێت کە هاوکات لەدووبەرەوە دەکرێت. ئەم ململانێیە لەلایەکەوە لەتەك ئەو هێزانەدایە کەدژی دیموکراسین کەهیچ کاتێك تەحەمولی بوونی دەزگاگەلی ئازاد، یان کاریگەرێتی خەڵکانی ئاسایی لەسەر ئەو بزاوتە دووفاقییەی کە لەسیاسەتی دیموکراتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە وەك پێشبڕكێ بۆ بەدەستهێنانی حکومەتو وەسوەسەی تێڕوانین لەسیاسەت وەك کێبەرکێیەك کەتەواوی خەڵاتەکانی بەبراوە دەدرێت. لەململانێی یەکەم دا سەرکەوتن بەرادەی بەرفراوانی دەزگاکانو ئەو گروپانەی ناو کۆمەڵگە



کەبەرژەوەندیان لەمانەوەی دیموکراسیدایەو ئامادەشن داکۆکیی لێبکەن، لەململانێی دووەمدا سەرکەوتن بەندە بەڕادەی دانبەخۆداگرتن لەکاتی کەڵکوەرگرتن لەدەسەڵاتو پەرۆشی بۆ وتوێژو دیالۆگ لەتەك رەقیبە سیاسیەکانداو، هەروەها رێزو حورمەتێك کەتاکەکان لەبەرامبەر مافە سیاسییەکانی ئەوانیتردا پێی قایلدەبن.

## ئەو توخمە سەرەکیانە کامانەن کەسیستمێکی دیموکراتی گونجاو پێکدەهێنن؟

هەر سیستمێکی دیموکراتی گونجاو چوار توخم یان کۆڵەکەی سەرەکی هەیە، ئەم چوار کۆڵەکەیە بریتین لە: بەرگوزارکردنی هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە بوونی حکومەتی شەفافو بەرپرسیار، چاودێریکردنی مافە مەدەنیو سیاسیەکانو بوونی کۆمەڵگەی دیموکراتیك یان "مەدەنی".

### * هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە

پێشبڕكێ لەهەڵبژاردندا سەرەکیترین ئامرازە کە کاربەدەستە دەوڵەتیەکان ناچار دەکات بەرپرسیاربن لەبەرامبەر خەڵکی داو مل بۆ چاودێریکردنیان بدەن. خەسڵەتێکی دیکەی گرنگی هەڵبژاردنی ئازاد دەستەبەرکردنی یەکسانی سیاسییە لەنێو هاوولاتیاندا

چ لەبواری بەدەستهێنانی پۆستە حکومەتیەکانو چ لەبواری نرخی دەنگەکانیان. بەرپاکردنی هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە سەرەتا بەندە بەبوونی سیستمی هەڵبژاردنەوە, مەبەست لەسیستمی هەڵبژاردن کۆمەڵە یاسایەکە کەئەوە دیاریدەکات کام لەلێپرسراوانی دەوڵەتی دەبێ لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریبکرێن, چ کەسانێك مافی دەنگدانیان هەیە, چ کەسانێك بۆیان هەیە بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەم پۆستانە خۆیان کاندید بکەن, بنکەکانی هەڵبژاردن چۆن دیاریدەکرێنو چۆن دەنگەکانی خەڵکی جیادەکرێنەوەو براوەکانیش دەستنیشان دەکرێن لەقۆناغی دووەم دا "دادپەروەریو ئازاد"بوونی هەڵبژاردن بەکردەوە چۆن بەرپا دەکرێت: لەتۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانو رەوەندی ململانێی هەڵبژاردنەوە بگرە تا ژماردنی وەرەقەی دەنگەکانو زەمانەتی بێلایەنیو جیدییەتی یاساو سەرپێچیکردن کەراستی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بشێوێنیت.

## *دەوڵەتی شەفافو بەرپرسیار

لەسیستمە دیموکراتیەکاندا بەرپرسیارێتی حکومەت بەرامبەر خەڵکی دوولایەنی هەیە: یەکەم بەرپرسیارێتی یاسایی واتە بەرپرسیارێتیی لەبەرامبەر دادگەکاندا لەمەڕ پابەندبوونی لێپرسراوانی حکومەت بەیاساکان "حکومەتی



یاسا"و ئەوی دیکەیان بەرپرسیارێتی سیاسییە واتە بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر پەرلەمانو خەڵکیدا دەربارەی هەنگاوەکانو سیاسەتەکانی حکومەت.

## * مافە مەدەنیو سیاسیەکان

مافە مەدەنیو سیاسییەکان بریتین لەهەندێك ئازادیی وەك (ئازادیی را دەربڕین, کۆڕو کۆبوونەوەکانو کۆچکردنو سەفەرکردن) کەمەرجی سەرەکی گەمەی سیاسی خەڵکییە چ بەشێوەی خودڕێکخستن (Self Organization) لەکۆمەڵگەداو چ بەدەستهێنانی دەسەڵاتو, کاریگەری بەسەر سیاسەتەکانی حکومەتدا. راستە ئەمە وەك بەشێك لەمافە گشتییەکانی مرۆڤ بۆ تاکەکان پارێزراوە, بەڵام بەهای ئەوانە لەکاری کۆمەڵیدا، واتە پەیوەستبوون بەئەوانی دیکەو هەوڵدان بۆ ئامانجە هاوبەشەکان, ململانێی گروپیو کاریگەرێتی لەسەر رای گشتیو.... تاد. کەواتە نابێت بەوجۆرە وێنابکرێت کە مافە تاکە کەسییەکان بەپەیوەست لەتەك ئامانجەکان یان بڕیاردانە بەکۆمەڵەکانو چاودێریکردنی دەوڵەت لەلایەن خەڵکیەوە ناگونجێت, چونکە بناغە سەرەکیەکانی ئەم مافانە دەسەڵاتێکی لەو جۆرە بۆ کۆمەڵگە فەراهەمدەکات.

## *کۆمەڵگەی دیموکراتی یان مەدەنی

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرخەری ئەو راستیەیە کەدەبێت کۆمەڵگە بۆ پاراستنی دیموکراسی خاوەن رێکخراوگەلێکی جۆراو جۆر بێت کەبێ پشتبەستن بەدەوڵەت بەڕێوە ببرێت. تەنها لەم حاڵەتەدایە کەدەسەلاتی دەوڵەت سنووردار دەکرێت.

رای گشتی کەلەجیاتی ئەوەی کەلەسەرەوە رێکبخرێت لەخوارەوە بەگوێی دەوڵەتوانان دەگات و کۆمەڵگەش ئەو متمانە بەخۆکردنە بەدەست دێنێت کەبۆ بەرەنگاریکردنی دیکتاتۆریەت پێویستە.

## بیروڕای فەیلەسوف و بیرمەندانی جیهان سەبارەت بەدیموکراسی:

مایەی شانازییە بۆ خەڵکی یۆنان کە (٢٥٠٠) سال لەمەوبەر، حکومەتی ئەسینا ئازادی بیروباوەڕو رادەربڕین و رای خەڵکی بەهەند وەرگرتووە، لەکاتێکدا ئەمرۆ لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا ئەم ئازادییە لەزۆرینەی وڵاتان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بوونی نییە.

مۆنتسکیۆ (١٦٨٩-١٧٥٥) فەیلەسوفی فەرەنسی؛ لەبواری سیاسەت و دەوڵەت دا، پێی وایە: ئامانج لەپێکهێنانی حکومەت، پاراستنی ئازادییەکانی تاکەکەسەو لەهەمانکاتدا دەڵێت: ئازادی واقعی، ئەوە نییە تاکە کەس



هەرچی بخوازێت؛ ئەنجامیبدات. چونکە لەواقعێکی وادا، تاکەکەس دەبێتە تاکڕەو و زۆردار. هەروەها ئەوە دەڵێت؛ حکومەتە تۆتالیتارییەکان (سەرتاسەرییەکان)، پێویستیان بەتاکتیکی کارڕاست و پاکدامێن نییە، چونکە حکومەت پێویستی بەوجۆرە تاکانە نییە، لەحکومەتی توتالیتاریاییدا هێزی دەسەلاتدارو توانا رەهاکەی بنەمای حوکمڕانیەتی. بەڵام لەحکومەتە دیموکراسییەکان دا، بەدڵنیایەوە پێویستی بەتاکە کەسە کاردروستەکانە کە خاوەنی تێکۆشانی سیاسی بن، چونکە تەواوی کارو رەفتاری کاربەدەستان لەبەردەم رەخنەی خەڵکیدا، تەنها کەسانی خاوەن متمانە دەتوانن کاربکەن، ئەگەر کەسانی ناشایستە لەحکومەتی دیموکراسیدا هەبن، زۆر زوو ئابڕو لەدەستدەدەن و ئەزموونەکانی مێژوو دەریدەخات تا کاتی متمانەو ئاکاری باش لەکۆمەڵگەدا هەبێت، کەسانی لەوجۆرە خوازیارین و بەڵام کاتێ لەکۆمەڵگەدا بڕواو متمانە لەناوچوو، کەسانی هەلپەرست بەسوودوەرگرتنی نێگەتیڤانە لەپێگەکانیان، روحی زیادەڕۆیی و شڕەخۆری بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن.

رۆسۆ؛ دیموکراسی بەوابەستەی هەلومەرج و بارودۆخی سروشی و کلتوری هەرنەتەوەیەك دەزانێت و دەڵێت: دیموکراسی بۆ هەندێك لەنەتەوەکان گونجاوترو کراوەترەو بۆ هەندێکی تریش حکومەتی سەڵتەنەتی بۆ پەسەندە. رۆسۆ بۆ کۆمەڵگە پیشەسازییەکان زیاتر دیموکراسی

بەگونجاوتر دادەنێت و حکومەتی سەڵتەنەتیش بۆ کۆمەڵگە کشتوکاڵی و سونەتییەکان بەگونجاو دەزانێت.

ڕۆسۆ لەبەشێکی کتێبی (پەیماننامەی کۆمەڵایەتی)ی خۆیدا دەڵێت: کاتێك مرۆڤەکان لەدۆخی سروشتی (دڕندەیی) چوونە ژیانی مەدەنی (شارنشینی)یەوە, ناچار دووچاری گۆڕانێك دەبن. دادپەروەری جێی غەریزە دەگرێتەوە. داواکاری و خواستە دەرونی و جەستەیەکانی. جێگەی خۆیان دەدەن بەئەنجامدانی ئەرك و شوێنکەوتنی یاسائیتیکی و کۆمەڵایەتیەکان. لەکۆمەڵگەی مەدەنیدا, ملکەچی بۆ یاسا, بەئازادی دەژمێردرێت و پەیڕەوکردنی ئارەزووە دەروونیەکان؛ جۆرە کۆیلەییەکە.

بەڵام ڕۆسۆ لەکتێبی سێیەم پەیماننامەی کۆمەڵایەتی خۆیدا دەڵێت: ئەگەر بڕیار بێت لەدنیادا میللەتێك لەفریشتە پێکبهێنرێت, ئەوا بێگومان حکومەتی دیموکراسی هەڵدەبژێرن.

جیمز ستیوارت میل (١٧٧٣-١٨٢٦) فەیلەسوفی ئوسکوتلەندی دەڵێت: حکومەت گوزارشتە لەیەکێتی و هاوکاری لاواز دژی بەهێز. لەوێدا زۆرینەی کۆمەڵگە بەهۆی ناهەمە چەشنییەوە لاوازن, پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەهێزدا حکومەت دابمەزرێنن تا بەمافەکانی خۆیان بگەن. ئەم پێناسەیە بەڕواڵەت بۆ حکومەتە دیموکراسیەکان ڕاستە کە زۆرینەی خەڵکانی کۆمەڵگە بۆبەدەستهێنانی مافی خۆیان حکومەت دادەمەزرێنن و هەم بۆ حکومەتە



توتالیتارییەکان کەیەك دەستەی بچوکی لاواز یەکدەگرن تا بەسەر سەرجەم کۆمەڵگەدا کە بەهێزن حوکمڕانی بکەن.

جیمزمیل دەڵێت:"تەنها دەتوانرێت متمانە بەحکومەتە خەڵکسالارییەکان یاخود دیموکراسییەکان بکریت بەئومێدی ئەوەی کە نەوە دوای نەوە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە بپارێزن". چونکە حکومەتە دیموکراسیەکان بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بەبەرژەوەندییەکانی خۆیانی دادەنێن, بەڵام حکومەتە ڕەهاگەراکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان و گروپەکەیان لەسەرو بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەوە دادەنێن.

جۆن ستیوارت میل (١٨٠٦-١٨٧٣) کوڕە گەورەکەی جیمز میل لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (ئازادی) دەڵێت: تەواوی مرۆڤایەتیش مافی ئەمەی نییە دەمی کەسێکی ناڕەزامەندو نەیار ببەستێ و ڕێگەی دەربڕینی بیروباوەڕەکانی لێبگرێت. چونکە ئەگەر وانەبێت, هەرگیز مرۆڤایەتی بەبیروباوەڕو ڕوانینی نوێ, ئاشنا نابێت و لەدۆخێکی لەو جۆرەدا ڕێگای گەشەو پێشکەوتن دەبەسترێت, واتە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی مافی بیرکردنەوەو هۆشمەندێتی و دەربڕینی بیروڕاکانی هەیەو لەپلەوپایەی عەقڵ و دانایی مرۆڤ ناوەشێتەوە کەببێتە لەمپەری بەردەم بڵاوبوونەوەی هزرو بیروباوەڕی هاوڕەگەزانەی وەك خۆی.

جۆن میل دەربارەی مەترسی دیکتاتۆری لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا دەڵێت: هەروەك چۆن دەوڵەتە دیموکراسییەکان هەڵبژێردراوی چینەکانی گەلن، ئەوا ئەگەر زۆرینەی خەڵکی ئاسایی نەخوێندەوارو بیرتەسك بن سنورداری بۆ رۆشنبیران و مرۆڤی دانا دەهێننە ئاراوەو دیموکراسی دەگۆڕن بەدیکتاتۆری زۆرینەو حکومەتێکی میللی دواکەوتوو. بەمپێیە پێویستە هەوڵبدرێت خەڵك خوێندەوارو رۆشنبیر بکرێت.

هەروەها دەڵێت: پێویستە هەمیشە رێگەی کەمینەی کۆمەڵایەتی والابکرێت تا بگۆڕدرێت بۆ زۆرینە. دەستەی دەسەڵاتدار نابێ هەنگاوی وا بنێت کە لەمپەری بەردەم پیادەکردنی یاسایی و ئاشتیخوازانەی دەسەڵات بێت.

کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) فەیلەسوفی سیاسی و ئابوری ئەڵمانی، لەکتیبی کاپیتال (واتە سەرمایە) ئاماژە بەدیموکراسی دەدات، لەم کتێبەدا مارکس دیموکراسی سیاسی بەڕاستەقینە نازانێت، چونکە مەسەلەی ئابوری لەخۆ ناگرێت. بەڵام دیموکراسی ئابوری لەپێش دیموکراسی سیاسییەوە دادەنێت و دەڵێت: تا ئەو سەردەمەی کە ئابوری دیموکراتیزە نەکرێت، دیموکراسی سیاسی و کۆمەلایەتی لەدروشمێك زیاتر نیەو تەنها بەوهۆیەوە، خەڵك فریودەدەن. بەپێی بیروباوەڕی ئەو، خەڵکانێك کە لەڕووی ئابورییەوە لاوازبن، دەبنە



شوێنکەوتەی سەرمایەداران و کاربەدەستان و ناتوانن دەنگ و ئیرادەیەکی سەربەخۆیان هەبێت.

لینین: (١٨٧٠-١٩٢٤) دیکتاتۆری پرۆلیتاریا یاخود (دیکتاتۆری کرێکاری)؛ بەدیموکراسییەکی کامڵ و واقعی دادەنێت و دەڵێت: دیموکراسی ئابوری، ئۆرگانیزەیەکی پتەو وئاسنین بۆ سەرجەمی خەڵك دروستدەکات و تا ئەوکاتەی کە بەرژەوەندییەکانی شوڕشی کرێکاری بەپێویستی بزانێت؛ لای نابات.

تروتسکی (١٨٧٧-١٩٤٠) وەك لینین نەیاری دیموکراسی لیبرالیستییەو لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (دیکتاتۆری لەبەرامبەر دیموکراسی)دا دەنوسێت:

ئێمە سەرگەرمی فەلسەفەیەکی نوێی کۆمەڵایەتین کە ناوی کۆمۆنیزمەو دیموکراسی پەرلەمانی؛ بەمردوو دادەنێین.

کاوتسکی (١٩١٨) لەکتێبی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا دەڵێت: بەڕای ئێمەی سۆشیالیزم (دیموکراسی ئابوری) بەبێ دیموکراسی سیاسی شتێکی بەدینەهاتووە.

هەروەها دەڵێت: ئێمە سۆشیالیزمی ئابوریمان ناوێت بەبێ دیموکراسی سیاسی.

هارۆڵد ژوزیف لاسکی (١٨٩٣-١٩٤٨) فەیلەسوفی سۆشیالیزمی بەریتانی، دیموکراسی بەسەر دوودەستەدا دابەشکردووە، دیموکراسی سیاسی و دیموکراسی ئابوری ئەو ئەمریکاو بەریتانیای بەنموونەو دەرکەوتەی

ديموكراسى سياسى و يەكێتى سۆڤێتى ئەوكاتەشى بەديموكراسى ئابورى دادەناو لەوباوەڕەدابوو كاتێ هەردوو ديموكراسيەكە واتە سياسى و ئابوريى، لەكۆمەڵگەيەكدا ئاوێتە بكرێن، ئەوكاتە ديموكراسييەكى تەواوو پێگەيشتوو و راستەقينەمان دەبێت.

برتراند راسڵ؛ فەيلەسوفى هاوچەرخ و ناسراوى بەريتانى لەكتێبى (ئايندەى شارستانيەتى پيشەسازى)١٩٢٣دا، لايەنگرى ديموكراسى دەكات و دەڵێت، پێويستە بەبەخشينى سەربەخۆيى بەدەستەو كۆمەڵە سياسييەكان، ديموكراسى بخرێتە دۆخێكى ميانڕەوەوە. دەستگا ئيدارى و دەوڵەتيەكان دەبێت هەميشە لەژێر كۆنترۆڵ و چاوديرى خەڵكدا بێت. ئەوپێى وايە كە خودى ماف لەكۆمەڵدا ريزى لێناگيرێت مەگەر دەسەلاتێكى وا دەردەست بكات كە خۆى ريزدار بكات.

ڕۆبەرت مۆريسۆن (١٩٣٠) دەڵێت: ديموكراسى جۆرە حكومەتێكە لەدەستپێكى مێژووەوە هەبووە، بەلام تا هەنووكەش نەگەيشتۆتە سنورى تەواوەتى خۆى. ئەو لەوباوەڕەدايە؛ گەشەو بەرفرەبوونى ديموكراسى، پێبەپێيەو مەرجەكەشى زەمينەيەكى تەواوو گونجاويى كۆمەڵايەتييە. تەنها گۆڕانێكى لەناكاوى دەسەلاتێكى ديكتاتۆر بۆ ديموكراسى، ئەويش بەلاسايكردنەوەى وڵاتە پێشكەوتووەكانى رۆژئاواو خۆڕاگەياندنى بۆ خەڵك، ناكرێت ديموكراسييەكى واقعيانە بێت. بەڵكو پێويستە پێبەپێ



بەكلتورى داسەپاوى دەوڵەتى بگيردرێت لەدەستێوەردانى زيادەڕەوانەيان لەژيانى تايبەتى خەڵكى بەتايبەت دەستوەردان لەئابورييەكان كەمبكرێتەوە، تا پێبەپێ كۆمەڵگە ئامادەگى بەدەست بهێنێت كە هيچ شتێك لەگەمارۆى رەهاو تەواوەتى دەوڵەتدا نەهێڵێتەوە.

جۆن ديوى، فەيلسوفى ئەمريكايى (١٩٣٠)دەڵێت: لەگەڵ زانست و داننان بەكەموكورييەكانى ديموكراسيدا، پێويستە هەر پەسەند بكرێت. چونكە ئامانج لەسيستمى سياسى ئەوەيە كە كۆمەكى تاك بكرێت تا پەروەردە دەبێت. بۆ گەيشتن بەئامانجێكى لەوجۆرە، پێويستە تاك لەسنورى توانست و مەوداى خۆيدا پشكى لەدياريكردنى چارەنووس و ميتۆدى كۆمەڵگەدا هەبێ و ئەمەش تەنها لەحكومەتى ديموكراسيدا ديتەدى.

ڤالتەر ليپ (١٩٣٠)نوسەرى ئەمريكايى، دەڵێت: ديموكراسى گوزارشتە لەدەزگايەك ياخود ميكانيزمێكە كە بەپێى توانا يەكانگيرى ئيرادەى كۆمەلايەتى خەڵك بێت، چونكە هەتا كۆنترۆڵ و چاوديرى حكومەت و دەوڵەت لەكاروبارى كۆمەلايەتى خەڵك دا زياتر بێت، ئاسايش و ئارامى خەڵك كەمتر دەبێتەوە.

كارل ريمۆن پۆپەر (١٩٠٢-١٩٩٤)ى بيرمەندو كۆمەڵناسى هاوچەرخ دەڵێت: (ڕژێمێك مەشروعيەتى هەيە كە بەهەڵبژاردنى خەڵك هاتۆتە سەركارو هەركاتێكيش خەڵك بيانەوێت بتوانن بەرێگەيەكى ئاشتيخوازانە بيگۆڕن و بۆ ئەم

گۆڕینەش پێویستیان بەراپەڕین یان شۆڕش و کاری توندوتیژی نەبێت.) بەدەر لەم بۆچوونانە؛ ئیبن خەلدون لەسەدەی هەشتەم دا، دەڵێت: بونیادنانی شاری نمونەیی یاخود شارێك کە خەڵك تیایدا لەخۆشبەختی ڕەهادا بژی، پێویستە داب و میتۆدی خەڵك بەجۆرێك بێت کە پێویستیان بەحکومەت و دەسەڵاتی دەسەڵاتدارو دەوڵەت نەبێت. بەو چەمك و مانایەی سەردەمێك بەدیبهێنرێت کە چینەکانی خەڵك بەبێ پێویست بوون بەپۆلیس و دادگاو زیندان، مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی یەکتر ڕەچاوبکەن.

## حکومەتی دیموکراسی یان حکومەتی نادیموکراسی

لە حکومەتە نادیموکراسی و ڕەهاگەرەکان دا، ڕەخنەگرتن لەدەوڵەت قەدەغەیە. نەیارکردنی کردەی بەرپرسان بەنەیاریکردنی ئاین و خوداوەندو خیانەتکردن بەخەڵك و وڵات دادەنرێت. میدیاکان، ڕادیۆو تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکان سەر بەدەوڵەتن. دەوڵەتمەداران هەمیشە یەکلایەنە لەگەڵ خەڵك دا دەدوێن. فرسەت و هەلی وەڵامدانەوە لەلایەن سیاسەتمەدارانی جێی متمانەی خەڵك و نەیارانەوە نییە. دەسەڵاتداران نەیارانی خۆیان نامرۆڤانەترین تومەتبار بەخەڵکیان دەناسێنن و لەدادگا وابەستەو داخراوەکاندا دادگاییان دەکەن و حوکمیان دەدەن.



لەدیکتاتۆرییدا ڕەخنەگران بەشێوەیەك دەکەونە بەر ڕق و کینە، هەندێکجار لەمافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانیشیان بێبەشدەکرێن. بەکورتی ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتدارانە مۆڵەتی ڕەخنەگرتن بەکەس نادەن جگە لەمێژوو، بەرگرتن لەمێژووش ناحەتمییەو بێگومان مێژوو باشترین و دادپەروانەترین دادوەری دەکات.

لەدیموکراسیدا خۆکاندیکردن و خۆ هەڵبژاردن ئازادە، ڕێز لەدەنگ و ڕوانینی خەڵك دەگیردرێت. سیستمی فرەحیزبی و پەرلەمانی هەیە. هەڵبژاردن بەشێوەی یەك قۆناغی و بەدەنگدانی ڕاستەوخۆی گەل ئەنجامدەدرێت.

تەنها کەسانێك کە لەهەڵبژاردن بێبەشن کەبەپێی یاساو دادگا متمانە پێکراوەکان، سزا درابێت و بەتاوانبار دانرابێت نەك ئەوکەسانەی کە لەگەڵ سیاسەت و کردەی بەرپرساندا ناکۆکن.

لە حکومەتە نادیموکراسیەکاندا هەڵبژاردن لەژێر کۆنترۆڵی توندی حکومەتدایە، کارمەندانی دەوڵەت بەجۆرەها تەزویر، هەوڵدەدەن کەسانی جێیمەبەست و جێیمتمانەی خۆیان کاندید بکەن. زۆرینەی ئەم کارانەش بەسنوردارکردنی هەلومەرجی خۆکاندیدکردن پیادە دەکرێت. لەڕژێمە ڕەها گەورەکاندا، خەڵك تەنها لەوەدا ئازادن کە یەکێك یاخود چەند ناوزەدکراوێکی پێشنیازکراوی دەوڵەت هەڵبژێرن. مەسەلەی هەڵبژاردن

لەجیهانی سێیەمو وڵاتە تاکڕەوەکاندا هەمیشە جێی گاڵتەجاڕیو نوکتە بووە.

دەڵێن لەوڵاتە دیموکراسییەکاندا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دوای (٢٤)کاتژمێر رادەگەیەنرێت، کەچی لەوڵاتە تاکڕەوەکاندا پێشتر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن زانراوە.

لەوڵاتە نادیموکراسیەکان دا، زۆرینەی دادگایکردنەکان، لەپشت دەرگا داخراوەکانەوەو بەبێ بوونی مافی هەڵبژاردنی پارێزەری بەرگریکەر ئەنجام دەدرێت.

دادگای تایبەتی بۆ نزیکانو وابەستەکانی حکومەت هەیە. دەوترێت هەرچەند ژمارەی دادگا تایبەتییەکان زیاتر بێت، ئەوا ئەو وڵاتە زیاتر لەمیتۆدی دیموکراسی دوورکەوتۆتەوە. چونکە دادگای تایبەتی بەمەرامی جیاواز دادەمەزرێت. دەسەڵاتی دادوەریی؛ وابەستەو ناسەربەخۆو دادگا فەرمانپێکراوەکان، متمانەو باوەڕی خەڵك لەدەستدەدەن.

دیموکراسی واقعی، هەمیشە ئاشتیخوازو لایەنگری مافەکانی مرۆڤ بووەو لانی کەم لەڕووی تیۆرییەوە دژی جەنگ و خۆ لەهەرجۆرە جەنگێکی دەرەکی دەپارێزن، بەباشینازانن کە سەرمایە مرۆییو ماددییەکانی وڵاتەکەیان، لەجەنگدا بەهەدەر بدەن. دەسەڵاتدارانی دیموکرات، باوەڕیان بەچارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان وڵاتان هەیە بەڕێگە چارەی ئاشتیخوازانەی وەك گفتوگۆو دادوەری نێو دەوڵەتی، وڵاتە دیموکراسییەکان هەوڵدەدەن لەبەرامبەر ئەو



وڵاتانەش دا کە روانگەیەکی باشیان سەبارەت بەوان نییە، مامەڵەیەکی ئاساییو ئاشتیخوازانەیان هەبێت، هەڵبەت ئەمە بەقازانجی پەیوەندییە نێودەوڵەتیو ئابورییەکانی وڵاتیش دەکەوێتەوە.

لەڕژێمە تۆتالیتاریو رەها گەراکاندا، جەنگ یاخود ئاشتی بەندە بەرای دەسەڵاتدارانەوە. هەندێکجار دەبینرێت کە چینی دەسەڵاتدار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان یاخود بۆ لادانی رای گشتی لەمەسەلە ناوخۆییەکانو راکردن لەکێشەو قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانو سەرکوتکردنی خەڵکە سەرپێچیکەرو ناڕەزامەندەکان، پەنا دەبەنە بەرجەنگی دەرەکی. دەوڵەتە رەهاگەراکان هەمیشە دوژمنێکی واقعی یان وەهمێکی ناوخۆییو دەرەکی بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان دروستدەکەن، تا لەکاتێکدا کە لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیاندا رووبەڕووی شکستبوونەوە، گوناهی سەرجەم پەشێوییە کۆمەڵایەتیو ئابورییەکان بخەنە ئەستۆی ئەو دوژمنە دەستکردەو دەستە ناوخۆییەکانیەوە، کەمتر بایەخ بەکردەی رابردووی خۆیان دەدەنو ئامادەباشی قبوڵکردنی شکستی پرۆژەو بەرنامەکانی خۆیان نین.

## پوختەی تایبەتمەندییەکانی حکومەتی دیموکراسی

١-له ديموكراسيدا جياكردنەوەو سەربەخۆيی واقعيانەی دەسەڵاتەكان هەيە. لەديكتاتۆريدا جياكردنەوەی دەسەڵاتەكان نييە, يان ئەگەر هەشبێت رواڵەتە.

٢-لەڕژێمە ديموكراسييەكان دا, پارتەكان ئازادو چالاكن‌و مافی كەمينەكان بەڕەسمی ناسراوەو لەڕژێمە ناديموكراسييەكانيشدا, پارتايەتی نييە, ياخود ئەگەر هەبێت پارتی دەوڵەتييەو ديكتاتۆری زۆرينە دەسەڵاتدارە.

٣-گرنگترين بنەڕەتی ديموكراسی, بەهەڵە زانينی كاری مرۆڤەو پێويستە بەهۆی چاودێری خەڵكەوە هەڵەكان بەكەمترين ڕێژە بگەيەنرێت. هەروەها لەحكومەتە خەڵكسالارييەكاندا ئازادی راگەياندن‌و رەخنە فەراهەم كراوە, لەكاتێكدا كە لەديكتاتۆرييەكاندا لەڕێی سانسۆری توندو تيژەوە بەر بەئازادی  راگەياندن دەگرن.

٤-لەديموكراسيدا, هەڵبژاردن ئازادو بێقەيدو مەرجە, لەتوتاليتاريدا هەڵبژاردن لەنێوان كانديدە پێشنيازكراوەكانی حكومەتدا ئازادە.

٥-له ديموكراسيدا, ئاين‌و ئامانجی سياسی؛ ئازادە. لەكاتێكدا كە ئاين‌و كۆبوونە سياسی‌و ڕێكخراوييەكان لەديكتاتۆريەتدا, سەربەدەوڵەتن.

٦-لەديموكراسيدا هەموو خەڵك لەبەرامبەر ياسادا يەكسان‌و بەرامبەرن. بەڵام لەحكومەتەكانی تردا, كەسەكان لەسەر بنەمای دووری‌و نزيكی لەهەرەمی دەسەڵاتەوە پشتيوانی ياساييان هەيە.



٧-وڵاتە ديموكراسيەكان نەياری جەنگن بەهۆی بوونی زيانە ماددی‌و مەعنەوييەكانيەوە. بەڵام لەوڵاتە ناديموكراسييەكاندا پێشوازی لەجەنگ‌و شەڕ دەكەن بۆ راكردن لەكێشە ناوخۆيی‌و قەيرانە كۆمەڵايەتيەكان.

٨-لە ديموكراسيدا؛ دەسەلاتداران بەدەنگی خەڵك دەگەنە دەسەڵات‌و بەدەنگی خەڵكيش لەدەسەڵات كەنارگير دەكرێن. لەديكتاتۆريشدا دەسەڵاتداران رەنگە بەدەنگی خەڵك بگەنە دەسەڵات, بەڵام هەرگيز بەدەنگی خەڵك لەدەسەڵات كەنارگير ناكرێن.

٩-كێشكردنی رەزامەندی‌و ئاسايشی خەڵك, ئامانجی بنەڕەتيە لەوڵاتە ديموكراسيەكاندا. لەكاتێكدا كە كێشكردنی رەزامەندی خەڵك ئارەزوويەكی دەسەڵاتدارانی وڵاتە ناديموكراسييەكانە, بەڵام زۆرينەيان بۆيان نايەنەدی.

١٠-دەسەڵاتدارانی وڵاتە ديموكراسييەكان لەپەيوەندی نزيكدان بەخەڵكەوەو لەناو خەڵكدان. لەكاتێكدا دەسەڵاتدارانی وڵاتە ناديموكراسييەكان لەژێر چاودێری وردی ئاسايش دان‌و بەخێرايی بەناو خەڵكدا تێدەپەڕن.

# دەوڵەتی شەفافو بەرپرسیار

**بۆچی بوونی دەوڵەتی شەفاف بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراتی پێویستە؟**

بوونی دەوڵەتی شەفاف لەوڕووەوە پێویستە کە تا ئەوکاتەی کە زانیاریگەلی تەواو دروست لەکارکردنی دەوڵەتو دەرئەنجامی سیاسەتەکانی لەبەردەستی خەڵکیدا نەبێت, ئەوکات کاربەدەستانی دەوڵەت خۆیان لەهەمبەر ئەواندا بەبەرپرسیار نازانن و هاوڵاتیانیش لەکاتی هەڵبژاردندا ناتوانن بەشێوەیەکی هۆشیارانە نوێنەر هەڵبژێرن. دەبێت بەدەستهێنانی ئەم زانیاریانە وەك مافێ بۆ هاوڵاتیانو بەنوێنەرایەتی ئەوانیش بەمافی میدیاکان لەقەڵەم بدرێ نەك وەك چاکەیەك کە دەوڵەت دەیکات, چونکە خەڵکی بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی دەوڵەت پارە دەدەنو مافی خۆشیانە بزانن کە لەبەرامبەردا چیان دەستدەکەوێتو بەوپارەیەیان چ کارگەلێك ئەنجامدەدرێت. هەرچەندە بەزۆری ئاشکراکردنی بەدەستهێنانی ئەم زانیاریانە بەفیڕۆدانی سەرمایە گشتیەکان دادەنرێو رەخنەی لێدەگیرێت, بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە یارمەتیەکە بەئاقاری کارایی دەوڵەتو دەرخستنی پەژارەو مەیلەکانو, بەرگرتنە لەگەندەڵیو پەیبردنیشە بەهەڵە سیاسیەکان بەر لەخراپتربوونی بارودۆخەکان. هەروەها هۆکارێکی گرنگی پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکانو دەسڕەسیی تاکەکانە بەو



پەروەندە تایبەتانەی پەیوەست بەخۆیان کە لەلایەن دەوڵەتو دەزگا پەیوەندیدارەکانیەوە دەپارێزرێت.

## *لایەنە جیاجیاکانی دەوڵەتی شەفاف.

بوونی دەوڵەتی شەفاف پێویستی بەچ شتگەلێك هەیە؟

دەکرێت بۆ دەوڵەتی شەفاف چوار لایەن لەبەرچاو بگیرێت:

**لایەنی یەکەم**: خستنە رووی زانیاریگەلی راستەقینە سەبارەت بەسیاسەتەکان لەلایەن خودی دەوڵەتەوە, ئەم زانیاریانەو بەڵگەکانی وەرگرتنی ئەم سیاسەتانە, دەرئەنجامە پراکتیکەکانی, خەرجییەکانیو ئەو رێسایانەی کە چۆنێتی جێبەجێکردنیان رێکدەخەنو زانیاریگەلێکی لەو جۆرە لەخۆ دەگرێ.

**لایەنی دووەم**: دەسڕەسی تاکەکانو چاپەمەنیەکانە بەدۆکۆمێنتە نێودەوڵەتیەکان. دەکرێت ئەم دەسڕەسییە چ بەشێوەی راستەوخۆ چ لەڕێگەی نوێنەرانی پەرلەمانەوە ئەنجامبدرێو هەروەها دەسڕەسیی تاکەکان بەپەیوەندە تایبەتیەکانیشیان دەگرێتەوە.

**لایەنی سێیەم**: ئاشکرابوونی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانو کۆمسیۆنە جۆراوجۆرەکانی, کۆبوونەوەکانی حکومەتی ناوچەیی (lacal government) و راپۆرتی کۆبوونەوەکانی ئەو دەزگایانەیە کە کەڵك لەبودجەی دەوڵەت وەردەگرن بۆ

تەواوی خەڵکی و چاپەمەنییەکان. **لایەنی چوارەمی** دەوڵەتی شەفاف بریتییە لەراوێژکردنی سیستماتیکی دەوڵەت سەبارەت بەنووسین و ڕێکخستنی بەرنامە جۆراوجۆرەکان و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و پێشنیارە پەسەندکراوەکانی کەسانێك کە بۆچوونێکی تایبەتیان هەیە.

## چۆن دەکرێت دەوڵەتی شەفاف بپارێزرێت؟

لەسەردەمی پێش سەدەی بیستەمدا کە تیایدا دەوڵەت لەئێستا سنوردارتر بوو, وەها دەزانرا کە ئازادی چاپەمەنییەکان گرنتییەکی تەواوە بۆ پاراستنی دەوڵەتی کراوە. ئەمڕۆ وێڕای چالاکیگەلی بەرفراوانترو ئاڵۆزتری حکومەت, تەنانەت بەهێزترین گرنتیگەلیش بەتەنها بەس نییە بۆ ئازادی چاپەمەنییەکان کەپاراستنی نهێنییەکانی رۆژنامە نووسان بەبەشێك لەوانە دادەنرێت. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی دەوڵەتان و دەزگا ئیدارییەکانیان ئەوەیە کە حەزدەکەن پەردەیەك بەسەر چالاکییەکاندا بدەن و بەنهێنی بیهێڵنەوە تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە داکۆکی لەهەڵەکان و کارە نایاساییەکانیان بکەن و خۆیان لەگرفتاری رزگار بکەن. بەواتایەکی سادەتر ئامانجیان ئەوەیە ئابڕوی خۆیان بپارێزن کە لای ئەوان لەهەموو شتێك گرنگترە.



## * ئازادی دەسڕەسی بەزانیارییەکان

سەرمەشقی یاساکانی ئازادی دەسڕەسی بەزانیارییەکان یان پێوەرەکانی "باشترین کارکرد" لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکان و سویدەوە خراوەتە ڕوو. ئەم ئەو بابەتە سەرەکیانە دەگرێتەوە کە پێشتر قسەیان لەسەر کراوە, بریتین لە: ئەرکی ئاشکراکردنی سیاسەتەکان لەلایەن دەوڵەتەوە, دەسڕەسی خەڵکی بە(بەڵگەو قەواڵەکان), ئاشکرابوونی کۆبوونەوەکانی دەزگاکانی دەوڵەت و هەروەها داکۆکیکردن لەگروپە ئاگادارکەرەوەکان کەسەرپێچییەکان و کارە نایاساییەکانی حکومەت ئاشکرا دەکەن. دەبێت ئەمجۆرە یاسایانە وەك یاریدەدەرو تەواوکەری ئەو هەنگاوانە لەقەڵەمبدرێت کە دەستەبەرکەری پاراستنی مافی پەرلەمان و بۆ کۆنترۆڵکردنی کارکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن. یەکێك لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو یاسایانە ئەوەیە کە مافی دەربڕین و پێناسەکردنی ئەو حاڵەتە ئاورتانەی کە نابێت ئاشکرا بکرێن (وەك ئەو حاڵەتەی کە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی, پاراستنی نهێنییەکانی تاکەکەس و.. تاد پێویستن) بەدادگا دەسپێردرێ نەك بەخودی حکومەت.

## *خەرجی پەیوەندییە گشتییەکان

دەبێت ئاماژە بەدوو بابەتی دیکەش بدرێت, یەکەم: لەتایبەتمەندییەکانی حکومەتی ئەمڕۆکە, تەرخانکردنی

بودجە گەورەکانە بۆ "پەیوەندییە گشتییەکان". کارکردنی "پەیوەندییە گشتییەکان" جیا لەخستنە رووی هەندێ زانیاری واقعی لەسیاسەتەکانی دەوڵەت هەندێ مەسەلەی دەوڵەتیش دەگرێتەوە. گرتنەبەری شێوازێك بۆ خستنە رووی زانیارییەکان سەبارەت بەکاتبەندییەکانو چۆنێتی بەڕێوەبردنی سیاسەتەکان بەشێوەیەك کە گونجاوترین کاریگەری لەزەینی خەڵکیدا هەبێتو، هەڵبژاردنو گوڵبژێرکردنی ناهۆشیاریانەی ئەو مەسەلانەی کە دەبێت بۆ خەڵکی ئاشکرا بکرێتو، هەروەها هەندێك هەنگاوی دیکەش کە لەخۆیان دەگرێو بۆ کاریگەری دانان لەسەر رای گشتی کەڵکیان لێوەردەگیرێت، تەواوی ئەم بابەتانە کارکردنی پەیوەندییە گشتیەکان پێکدەهێنن. ئەم جۆرە کارکردانە لەڕادەبەدەر بوونی گرنتیەك بۆ دەسڕەسی بەزانیارییە دەوڵەتییەکانو هەڵسەنگاندنیان بەپێویست دەزانێت. یەکێك لەڕێگە گرنگەکانی بەدیهێنانی ئەم گرنتییە بوونی سەنتەرێکی خزمەتگوزاری ئاماری گشتییە کە وابەستە نەبێت بەحوکمەتەوەو، پەرلەمانو حکومەتو خەڵکیش بتوانن بەشێوەیەکی یەکسان کەڵکی لێوەربگرن.

## *ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەتەك خەڵکیدا

مەسەلەیەکی دیکەش ئەوەیە چەمکی دەوڵەتی شەفاف گەلەك بەرفراوانترە لەئازادی دەسڕەسی بەزانیارییەکانو



دەسڕەسی خەڵکیش بەوەزیرانیش دەگرێتەوە تا لەتەکیاندا وتوویژ لەسەر سیاسەتەکان بکەنو داوای روونکردنەوەیان لێبکەن. لەوجۆرە سیستەمەدا دەبێت حکومەت لەتەك خەڵکیدا دەربارەی نوسینو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی راوێژ بکاتو، ئەم مەسەلەیەش پێویستی بەبوونی یاسا گەلێکە کەهەندێ بابەت لەخۆدەگرێت وەك: بەرنامەی زمانبەندیکراو بۆ راوێژکردن لەتەك خەڵکیدا، هەڵسەنگاندنی کاریگەری سیاسەتەکان لەسەر دەوروبەر "ژینگە"، بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگانەی کە حیزبەکان سەبارەت بەدەرئەنجامی سیاسەتەکان دەیخەنە روو... تاد. کەواتە بەو ئەنجامە دەگەین کە "شەفافبوونی دەوڵەت"لەلایەکەوە ئامادەبوونی حکومەتە بۆ گوێگرتن لەقسەکانی خەڵکیو لەلایەکی دیکەوە دانانی زانیاریگەلی راست و وردە لەبەردەستیان دا. (س ٢. ل ٩١-٩٦)

## ماناى دەوڵەتى بەرپرسيار چيە؟

بەرپرسيارێتى دەوڵەت سێ لايەنى سەرەكى هەيە:

### *بەرپرسيارێتى ياسايى

بەرپرسيارێتى ياسايى بەو مانايەدێت كە تەواوى پلەو پايە دەوڵەتيەكان لەوانە كە هەڵبژێردراون تا ئەوانەش كە دانراون لەكاتى پێشێلكردنى ياسادا لەبەرامبەر دادگاكان بەرپرسيارێتى كاركردەكانيان لەئەستۆ دەگرن. لەبنەڕەتدا چەمكى "دەوڵەتى ياسا"ش هەر لێرەدا شاراوەتەوەو بەومانايەدێت كە كەسانێك كە ياساكان دەخەنە گەڕو سياسەتەكان بەڕێوەدەبەن، دەبێت خۆيان بەپێى دەسەلاتێك كە ياسا دەستنيشانو سنووردارى كردووەو هەروەها بەگوێرەى دەستور كاربكەن.

### *بەرپرسيارێتى سياسى

*لايەنى دووەمى بەرپرسيارێتى حكومەت، بەرپرسيارێتى سياسييە، بەو مانايەى كە دەبێت حكومەت يان بەرپرسانى بەڕێوەبردنى وڵات لەهەمبەر پەرلەمانو خەڵكيدا سەبارەت بەسياسەتەكانيانو هەروەها ئەولەويياتو چۆنێتى جێبەجێكردنيان بەرپرسياربن. بەپێچەوانەى بەرپرسيارێتى ياساييەوە كە تاڕادەيەك لەپەيوەندىگەلێكى



سادە بەهرەمەندە. (تەنها پەيوەندييە كە لەنێوان كاربەدەستانى دەوڵەتو دادگاكاندايە). بەرپرسيارێتى سياسى بونيادێكى ئاڵۆزترى هەيە.

لەم جۆرە بەرپرسيارێتيەدا هەندێك دەزگاى ناهەڵبژێردراوى دەوڵەت (وەك خوزمەتگوزارييە گشتييەكان، هێزە چەكدارەكان، پۆليسو كەرتەكانى ئاسايش) بەهۆى ئەو وەزيرانەوە كە سەرۆكىحكومەت دايمەزراندوون لەبەرامبەر ئەودا بەرپرسيارن. هەروەها لەلايەكەوە سەرۆكى حكومەتو راستەوخۆ بەنۆبەى خۆيان لەپرۆسەى هەڵبژاردندا لەهەمبەر خەڵكيدا بەرپرسيارنو، لەلايەكى ديكەوە لەهەمبەر پەرلەمانو يان دەسەلاتى ياساداناندا كە بەنوێنەرى خەڵكى لەقەڵەمدەدرێن. نوێنەرانى پەرلەمانيش بەرپرسيارن لەهەمبەر ئەوكەسانەدا كە دەنگيان پێداون.

### *بەرپرسيارێتى دارايى

لايەنى سێيەم مەسەلەى بەرپرسيارێتى داراييەو، واتە بەرپرسيارێتى دەوڵەت لەبەباشترينو كارامەترين شێوە سەرفكردنى داهاتە ئابوورييەكان بەئاراستەى ئامانجە پەسەندكراوەكانى پەرلەمان. لێرەشدا ئاراستەى جۆرى بەرپسيارێتيەكە كتومت وەك ئاراستەى بەرپرسيارێتى سياسييە. لەگەڵ ئەو جياوازيەدا كە لەبەرپرسيارێتى داراييدا بەڕێوەبەرايەتييەك هەيە بەناوى حسابدارى گشتى

که لەهەمبەر پەرلەماندا بەرپرسیارە, بەلاّم لەچاودێریکردن بەسەر وردەکارییەکانی خەرجییەکانی دەوڵەت کەڵك لەپەرلەمان وەرناگیرێت.

## *بەرپرسیارێتی و چاودێری خەڵك

واتە چاودێریکردنی دەوڵەت لەلایەن خەڵکییەوە, کەواتە دەکرێ ئەوە بەدیبکرێ کە دەستەبەرکردن‌و پاراستنی بەرپرسیارێتی دارایی‌و بەرپرسیارێتی یاسایی بەهۆی لیژنە پسپۆڕەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە تاڕادەیەك لەدەسەلاّتی ناڕاستەوخۆی خەڵکی یان دەسەلاّتی سیاسی پارێزراون‌و بەرپرسیارێتییان تەنها بەپرنسیپەکان‌و ڕێسا پیشەییەکان سنووردار دەکرێن. بەلاّم لەکۆتاییدا ئەو بەرپرسیارێتی سیاسیە کە لەسەروو هەموو شتێکەوە رادەوەستێت, چونکە ئەو یاسایانەی کە دادگاکان دەیخەنە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەو خەرجییانەی کە بەڕێوەبەرایەتی حسابداری گشتی چاودێری چۆنیەتی سەرفکردنیان دەکات, خۆی پەیوەستە بەدەسەلاّتی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خەڵکییەوە کە لەژێر سایەی دەستووردا کاردەکات.



## پوختەی ئازادی راگەیاندن‌و دیموکراسی

١-مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەلاّیەتیەو دەخوازێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا بژی. بەوهۆکارەوە چاوپۆشی لەهەندێ لەئازادییەکانی خۆی دەکات تا ئازادییە گرنگترو بنەڕەتییەکانی تر بەدەستبهێنێت.

٢-ڕەوایەتی حکومەتی دیموکراسی, لەدڵنەوایی را و روانینی گەلەوەیە.

٣-بەوتەی ستیوارت میل؛ ئازادی راگەیاندن؛ تاجە گوڵینەی ئازادییەکانە, چونکە راگەیاندن پوختەو گوشراوی بیرو ئەندێشەکانی مرۆڤایەتیە. هەروەها دەڵێت؛ تەنانەت تەواوی مرۆڤایەتیش مافی ئەوەی نیە ببێتە لەمپەری بەردەم بیرکردنەوەو راگەیاندنی ئازادانەی مرۆڤە نەیارەکانی.

٤-کاتێك لەکۆمەڵگەیەکدا ئازادی راگەیاندن قەدەغە دەکرێت, بیروڕاو روانگە نەیارەکان لەناو ناچێت, سەرەڕای گەشەکردن‌و بەرفرەبوونی نهێنیانە, هاوڕاو هاوڕێبازیش دروست دەکەن‌و لەهەلومەرجی ناسك‌و سەردەمێکی یارمەتیدەردا دووبارە دەردەکەونەوەو تەنانەت زیاتر لەڕابردوو؛ دەبنە جێبیایەخ. بەهۆی ئەو فاکتەرەوەیە کە هەمیشە لەدوای هەر سەردەمێکی سەرکوتکردن, سەردەمێکی رۆشنگەری‌و بوژاندنەوەیەکی هزری دێتە ئارا.

٥-ڕاگەیاندنی سیاسی لەکۆمەڵگەدا. دەکرێت بەشێوەیەکی ناسنوردار ئازاد بێت. چونکە زیان لەکەس

نادات جگە لەدەسەڵاتدارە توندڕەوەکان. بەڵام ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە ڕەنگە ببێتە مایەی لەڕێلادان و ئاڕاستەکردنێکی نێگەتیڤانەی ڕای گشتی، دەتوانرێت لەڕێگەی نوێنەرانی واقعی گەل و یەکانگیر لەگەڵ دابونەریت و هەلومەرجی سەردەمەوە کۆنترۆڵ بکرێت.

٦-بوونی سانسۆری سیاسی بەسەر مرۆڤەکاندا، بەشکاندن دەژمێردرێت، واتە دەیهێنێتەوە یاد کە: تۆی هاوڵاتی تێگەیشتن و هەستی تەواوت نیەو دەسەڵاتدارانی تۆ پێویستە بڕیار بدەن کەچی بۆتۆ باشەو چی خراپە. کاتێ سانسۆری دەوڵەت هەیە، زانیاریش بەهەڵە دەگاتە هاوڵاتیان، گرتنی هاوڵاتیانیش بەبێ تاوان؛ لەکاروباری سیاسیدا نادروست و ناواقعیانەیە.

٧-جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ جەخت دەکاتەوە کە ڕووبەڕووبوونەوەی تۆمەتبارانی سیاسی، پێویستە بەشێوەیەکی بەڕێزانەو شایستەی هەڵسوڕاوێکی سیاسی بێت و بەئامانجی بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی گەل و وڵاتەکەی خۆی؛ هاتۆتە مەیدانەوە، بەهۆی ئەو فاکتەرەوەیە کاتێك تومەتبارێکی سیاسی پەنا بۆ وڵاتێك دەبات، خۆی لەگێڕانەوەی تۆمەتبارەکە دەپارێزێت بۆ وڵاتەکەی.

٨-هەندێك دەڵێن ئازادی ڕاگەیاندنی سیاسی، دێتە مایەی بزاوتنی چینێکی گەل. ئەمە بێگومان لەکاتێکدا دەبێت کە: وتاربێژ یان نوسەر جێی متمانەو باوەڕی گەل



بێت. دووەم؛ گەل بەئەندازەیەك لەحکومەت ناڕازی بن کە بە وتارێك هانبدرێن.

٩-لەیاسای زۆرینەی وڵاتاندا، پلان و نەخشەکێشان بۆ لەناوبردنی حکومەت؛ تاوانە (تەنانەت ئەگەر هەنگاوی کاریش لەوبوارەدا نەزانرابێت، واتە پراکتیزە نەکرابێت). بەڵام مێژوو دەریدەخات گەلانی جیهان بەو یاسایانەوە پابەند نەبوون، چونکە تا هەنوکە چەندین جار حکومەتەکان لەڕێگەی کودەتاو شۆڕشی گەلەوە شکست دراون.

١٠-هەندێ دەڵێن لەوڵاتە دیموکراسییەکاندا، تەنها ئەو حیزبانە باوەڕیان بەدیموکراسی هەیە، پێویستە ئازاد بن. بەڵام زۆرینە لەوباوەڕەدان کە ئازادی ڕاگەیاندن لەدیموکراسیدا، یەکێکە لەمیتۆدە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی و بێگومان پێویستە ڕەچاو بکرێت، ئەم ئازادییە نەك تەنها بۆ هاوڵاتیانی لایەنگری دیموکراسییە. بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤەکانی ڕەزامەند یاخود نەیار دەبێت فەراهەمبکرێت. (س٣-ل٥٣-٥٤)

## پوختەی فێربوونی دیموکراسی

١- بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراسی و پاشان حکومەتی دیموکراسی، وابەستەی هەلومەرجێکە کە دەستنیشانکردنی ووردی ئەو دۆخە لەکردەنەهاتووە، بەڵام زۆربە دۆخە کولتوری، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان بەکاریگەرو دەستنیشانکەر دەزانن.

٢- سیستمی راگەیاندنی گروپیو پەیوەندییە پێشکەوتووەکانو تیۆری گوندی جیهانی، نەتەوەکانی زیاتر لەهەمیشەو بەدرێژایی مێژوو، نزیکترو وابەستەتر کردووە تا ئەو ئاستەی کە زۆرینەی گەلانی جیهان بەرەو ئەو ئاقارە دەڕۆن کە ژیانو یاساکانو بیرکردنەوەو تەنانەت حکومەتی نزیك لەیەکترو هاوشێوەیان هەبێت، هەروەك چۆن لەبیست ساڵی رابردوودا ژمارەی حکومەتە دیموکراسییەکانی جیهان بۆ رێژەی دوو بەرابەری ساڵانی پێشوو زیادیکردوە.

٣- بەرفرەبوونی وڵاتان بەرەو دیموکراسی، لەدوادواکانی سەدەی بیستەم داو ئاراستەبوونی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بەرەو خەڵکسالاری لەو وڵاتانەی کە خەسڵەتی زۆری هاوبەشیشیان نیە، بۆتە مایەی ئەوەی کە ئەمرۆ بیرمەندانی کۆمەڵناسی لەبری ژمێرکردنی پێشمەرجەکانی چوونی کۆمەڵگەیەك بۆ قۆناغی



دیموکراسی، زۆرینەیان بایەخیان داوە بەدۆخی زەمینەساز یاخود رێگا خۆشکەر بۆ پرۆسەی دیموکراسی.

٤- کاتێك حوکمڕانان گەشتبنە ئەو پلەیەی گەشەی سیاسیو ئاستی کۆمەڵایەتی کە خوازیاری بەشداری کارایانەی گەل بن لەکاروباری سیاسیو حکومیدا، پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە ئاسانترو سادەتر لەدۆخێك کە حوکمڕانان بەرهەڵستکاری بەخشینی ئازادییە دیموکراسییەکان بن بەگەل.

٥- تا کاتێك گەل باوەڕیان بەپەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی دیموکراسی نەبێتو ئاسانکاری و سازشی قبوڵ نەکەن لەگەڵ هاونیشتمانانی خۆیاندا وەك بەهایەکی کۆمەڵایەتیو کولتووری. هەرگیز دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیەدا بەبونیاد نابێت. بەهۆی ئەو فاکتەرەوە دەگوترێت کەشکستدان بەحکومەتێکی رەها بەس نییە، چونکە کۆمەڵگەی زەمینساز بۆ دیکتاتۆری پاش ماوەیەك حکومەتێکی دەسەڵات رەهای تر لەبری ئەو دێنێتە سەرکار. پاشانیش گرنگترین پێشمەرجی بونیادنانی پەیوەندی دیموکراسیانە، کاریگەری کولتوریو فێربوونی کۆمەڵگەیە بۆ هەبوونی نەرمڕەویو ئاسانکاری لەکاروباری رۆژانەی ژیان دا.

٦- فێربوونی دیموکراسی وەك هەر فێربوونێکی تر، پێویستە سەرەتا لەژینگەی ماڵدا دەستپێبکات و پاشان لەقوتابخانەو خوێندنگاو سەرەنجام لەزانکۆدا فۆرمەلە

ببێت. لەتەواوی ئەم قۆناغەو لەدەستپێکدا، پێویستە هەوڵبدرێت لاوان ئاشنای روحیەتی هاوکاریو ئارامیو ئازادیخوازیی بکرێت مرۆڤانێکیان لێبەرهەمبهێنرێت کەباوەڕ بەخۆو مافخوازی فێربووبێتنو لەناو کۆمەڵگەدا جێیبایەخو رێزبنو رێزیش لەبیروباوەڕو روانگەی تاکەکانی تر بگیرێت.

٧- چوونی لاوان بۆ ژینگەی کارو کۆمەڵو پێکهێنانی یەکێتیە پیشەییەکانو سەندیکا کرێکارییەکانو تەنانەت بەشداریکردن لەهەرەوەزییە گشتەیەکاندا، سەرجەمیان شوێنو پێگەیەکی گونجاون بۆڕاهێنانی دیموکراسیو نیشاندانی لێهاتووی کەسانی شایستە. هەر یەکێتییە پیشەییو سەندیکاکان کەکاتێك یەکدەگرن سەندیکای گەورەی نەتەوەیی دێنە ئاراو هێزو پێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان وەدەستدەهێنن. هەروەها توانستی ئەوەشیان دەبێت روانینو خواستە رەواکانیان بەدەوڵەت بسەلمێنن.

٨- یەکێکیتر لەهەنگاوەسوودمەندەکان بۆ جوڵانیکۆمەڵگە بەرەو دیموکراسی، بنیادنانی پێکهاتە سیاسی حیزبەکانە کە دەبنە مایەی زیادبوونی هۆشیاری سیاسیو بالابردنی توانستی شیکردنەوەو لێکدانەوەی کاروباری کۆمەڵایەتی. چونکە لەحیزب دا بیروباوەڕو روانینی تاکەکان لەلایەن هاوڕاکانیەوە دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو رۆشندەکرێتەوە.



لەپێکهاتە حیزبیەکاندا کەسانی لایەق بۆ بەرپرسیارێتی دەناسرێتو ئاشکرادەبن. لەم دۆخەدا کەکەمتر کەسانی هەلپەرست دەتوانن لەپڕدا لەمەیدانی سیاسی وڵاتدا دەربکەون. لەسەرجەم دۆخەکانیش واباشترە تاکەکان بەتایبەتی لاوان، بۆ چالاکی سیاسیو پارتایەتی هەڵبژێردرێن کە گرنتیبن کەسەرجەم کارو بڕیارەکان بەمیتۆدیکی دیموکراسییانە پراکتیزە دەکرێن. تاکڕەوی لەحیزبیشدا زەمینەیەکی گونجاونییە بۆ چالاکی سیاسی لاوانو گەشەی کولتوریان، چونکە ئەم جۆرە حیزبانە، کەسانو لایەنگرانی خۆیان زیاتر وەك رەشە لەشکرێك بەکار دەهێنن، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تەنها حیزبی مۆدێرنە کە لەسەر بنەما دیموکراسیو مەدەنیو یاساییەکان دامەزرابێتو کاربکات بۆ بەرپاکردنی ژیانێکی ئازادانەو خۆشگوزەرانە بۆ هاوڵاتیانو بەکردار پارێزگاری لەمافە مەدەنیو فەرهەنگیو سیاسیو ئابوورییەکانی تاکەکەس بکاتو کاربکات بۆ پاراستنی سەروەری یاساو قبوڵکردنی جیاوازییەکان.

***

کەواتە تاکەکەس ئەو خودەیە کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لەنێوان ویستی ئازادی و پەیوەستبوون بەڕۆشنبیری و بانگەشە بۆ عەقڵ کۆدەکاتەوە، هەروەها دەبێتە کۆی ئەم سێ بنەمایە: بنەمای تاکەکەسایەتی و بنەمای تایبەتمەندی و بنەمای کۆمەڵگەیەتی.

(ئالان تۆرین)

دیموکراسی مرۆڤایەتی دانامالێت بۆ تەنها هاولاتی، بەڵکە وەك تاکەکەسێکی ئازاد دانیپیادەنێت، بەڵام هەروەها وەك تاکەکەسێکی پەیوەست بەکۆگەلە ئابووری یان ڕۆشنبیرییەکانیش ئیعترافی پێدەکات. (ئالان تۆرین)

سیستمی دیموکراسی بریتیە لەداڕشتەیەکی ژیانی سیاسی کە ژمارەیەکی زۆر بەزۆرترین ئازادی تەیار دەکات، هاوکات داڕشتەیەکە کە پارێزگاری فراوانترین هەمەچەشنی پێویست دەکات و دانیپێدا دەنێت. (ئالان تۆرین)

بیرۆکەی ئاینی دەوڵەت، ئەگەر هاتوو بەمانای داسەپاندنی ژمارەیەك لەبنەما ئاکاری و فیکرییەکان بوو، ئەوا دەچێتە سەرلوتکەی ئەو هزرانەی کە دەبێتە نەیاری دیموکراسی. (ئالان تۆرین)



هەڵسوکەوتی شارستانی لەژیانی تایبەتیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ هەڵسوکەوتی شارستانی لەپەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی ئەو کە لەژیانی گشتیدا بەشدارن. ئاکاری باش سیفەتێکە، بۆ بەدبەختی سیفەتێکی دانپێدانراو نییە. وەك سیفاتی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی تاکەکانی پێکەوە لەکاتی پێکەوە بوونیان بەیەکەوە یان پەیوەندیان لەدوورەوەیە بەیەکەوە لەڕێگەی نوسین یان پەیوەندییە تەلەفونییەکان.. تاد. ئاکاری باش تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزە، چ ئاکارە نەریتییەکان یان نامەئلوفەکان کە گوزارشتدەکات لەڕێزو پیاهەڵدان و دوورکەوتنەوە لەخراپەکردن بەرامبەر ئەوی دی. هەروەها سروشی باش یان ئاکاری باشەکاری لەمرۆڤدا (ئاکاری باشی سروشتی) بەخراپەکردن سنووری بۆ دادەنرێت. (السلوك الحضاري والمواطنة)

کۆمەڵگەی سەرتاپاگیر (تۆتالیتاری) تەواو پێچەوانەی کۆمەڵگەی شارستانییە. (السلوك الحضاري والمواطنة)

ئەمجۆرەی سەرتاپاگیری هۆشیاری نزیکەی تەواوی دانیشتوانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هەتا لەسەر ئاستێکی ناهاوسەنگیش، کەتایبەتمەندییەکی بنەڕەتییە. (السلوك الحضاري والمواطنة)

کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لەمشتومڕترین و ئاڵۆزترین چەمەکانی فەلسەفەی سیاسی. ئێمە ئەم چەمکە لەبەرامبەر وشەی ئینگلیزی (Civil Society)و (Sciete Civile) لەزمانی فەرەنسیدا بەکاردەهێنین. وشەی (Civil) لەوشەی (Civis) لاتینی داتاشراوە کە لەسەردەمی کۆندا بەواتای (کۆمەڵی هاولاتیان) بەکاردەهات. بۆ نموونە کاتێک باسی (War civil) یان (Le guerre civile) ئەکرێ, مەبەست لەو شەڕەیە کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا, روودەدات هەر بەم شێوەیە رووبەڕووی چەند وشەیەکی وەکو ( Civil rights) یان (Civls les droits) بەواتای مافی مەدەنی دەبیننەوە کەبریتییە لەکۆی یاساکانی تایبەت بەهاولاتیان لەولاتێکدا.

وەک ماندڤێل دەڵێت: هەر تاکەکەسێکی کۆمەڵگەی مەدەنی کاتێک بەدوای بەختەوەری تاکەکەسی خۆیدا دەگەڕێت بەجۆرێك لەجۆرەکان یارمەتی هاتنەدی بەختەوەری و بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵدەدات.(مۆدێرنیتە, دیموکراسی و رۆشنبیران: رامین جیهانبەگلو)

***

بۆ ئەوەی لەلایەنی مافدارییەوە, لەکۆمەڵگەی مەدەنی بگەین, بەوەی کۆمەڵگەیەکە لەسەر فرەلایەنی سیاسی و دیموکراسی و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ, داد,



سەروەری گەل, کەرامەتی نیشتمانی, دروستبووە. ئەوە بەو واتایە, چەمکێکی دنیایی هەمەلایەنەو هاوجووتە لەگەڵ یاسای ولاتان و مێژوودا. جا لەبەرئەوەش جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی, کەوا شۆڕشگێڕە گەورەو مەزنەکانی فەرەنسا دایانڕشتووە, تازە چاوەڕێی بلاوکردنەوەیە لەدەوڵەتانێك کە تائێستاش سەرکوتکەر روح و خەونەکان دەخنکێنێت, هەر ئەوەش بەو مانایە دێت, کەمرۆڤایەتی تا ئێستاش پێویستی بەردەوامیی لەداڕشتنەوەی ئەو چەمکانە هەیە, تاوەکو لەگەڵ پەرەسەندنەکانی مرۆڤایەتی پاڵپشتی لە(جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاولاتی) بەڵگەی ئەخلاقی هەر کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هاوچەرخ بکات. (کۆمەڵگەی مەدەنی, چەمك و کێشەکانی, محەمەد جمال باروت, وەرگێڕانی: گۆران جەلال.)

# کۆمەڵگەی مەدەنی

# کۆمەڵگەی مەدەنی

## کۆمەڵی مەدەنی چییە؟

ناتوانرێت کۆمەڵی مەدەنی لەیەک رستەی نەگۆڕدا پێناسە بکرێت. ئەرکی بنچینەیی کۆمەڵی مەدەنیی لەوە بەدەر نییە کە کۆمەڵە خەڵکێك بەدەوری یەك کۆببنەوەو پێکەوە گیروگرفتە هاوبەشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. کۆمەڵی مەدەنی کۆمەڵێکە کە ئەندامەکانی ئەو ئازادییەیان هەیە دامەزراوەو ئەنجومەنی جیاواز بۆ جێبەجێکردنی کارە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان پێکبهێنن. ئەم خولیایەی کەخەڵکی, کۆمەڵێك بیانەوێت بەهاوکاری یەکتری لەڕێگەی خزمەت بەخۆیان و خەڵکی تر هەنگاو هەڵبهێننەوە پێشینەیەکی مێژویی هەیە. هاوپشتی و هاودڵی لەگەڵ خەڵکی تردا هاندەدات تا خۆیان بەبەشێك لەهەموان و ئەندامێك لەئەندامەکانی کۆمەڵ بزانن و بکۆشن بەهاوبەشی و هەرەوەزی بۆ خۆیان و خەڵکی تر سوودمەند بن. کۆمەڵی مەدەنی بەم مانا و تێگەیشتنە لەسەرتاسەری مێژوو و لەهەموو کەلتورەکاندا هەبووە.

هەروەها کۆمەڵی مەدەنی ئەمڕۆ نمونەیەکی تازەیە لەڕژێمێکی دیموکراتی کەقابیلی بەردەوامیی و گۆڕانە.



بۆئەوەی زیاتر لەکۆمەڵی مەدەنی تێبگەین و پتر گرنگی پێبدەین دەکرێت بزانین ئایا دامودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی چ شووناسێکیان هەیە, دامودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی رێکخراوگەلێکی (نا دەوڵەتین), بەم مانایەی کەخەڵکی بەخواستی خۆیان دروستیانکردوون و سەربەخۆ لەدەوڵەتان بەڕێوەی دەبەن, و (ناحکومین), بەو مانایەی کەمەبەستی سوود گەیاندنیان بۆ کەسێك یان گروپێك لەخەڵکیان نییە.

هاوولاتیانی هەر وڵاتێك بەهۆی رێکخراوو ئەنجومەنەکانیانەوە لەشێوەو ئەنجامی کارەکانی دەوڵەتی خۆیان دەکۆڵنەوەو هەڵیدەسەنگێنن و چاودێرن بەسەر بازرگانەکانەوە تا لەمەسەلەی سوودوەرگرتندا زیادەڕۆیی نەکەن. سەرەنجام کۆمەڵێکی مەدەنی, کاریگەری لەسەر داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکانی بەڕێوەبردن دادەنێت و دەوڵەت و هەروەها کەرتی تایبەتیش هاندەدات تا بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن.

*لەوڵاتی ئەمریکادا ٤/١ ملیۆن رێکخراوی ناسوودخواز هەن کەسەرمایەکەیان دەگاتە بڕی پێنج سەد ملیار دۆلار. لەئەوروپای خۆرهەڵاتداو لەپاش رووخانی دیواری بەرلین, بەشی سێیەم زۆر گەشەی کردووە. بۆ نموونە لەوڵاتی هەنگاریا, رێکخراوە ناحکومییەکان لەسەدا شەش سەد زیادی کردووەو گەیشتۆتە چل هەزار رێکخراو. وای دەخەمڵێنن کەلە بەرازیل (٤٥ هەزار) رێکخراوی ناحکومی و لەمیسر (٢٠ هەزار) و لەتایلەندیش نزیك بە(١١ هەزار)

ڕێکخراوی ناحکومی هەبێت. وێڕای ئەوەش کەئەم ژمارانە مایەی دڵگەرمی زۆرن, بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبێت بەبێ زانیاری وردو زۆرترو لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژمارەو ئامارە مەوجودەکان دژوارە وێنایەکی ڕۆشن لەمەڕ کۆمەڵی مەدەنی وەك هێزێکی کارخولقێنەر بەدەست بێت. بۆ نموونە نازانین کەهەلومەرجی کار لەکەرتی دەوڵەتیو بەشی تایبەتیدا چۆن چۆنییە. تا ئێستە بەوشێوەیە بووە کەئەو خەڵکەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیان ئەنجامداوە, کاریان زۆرترو هەقدەستەکەیان کەمتر بووە. ئاشکرایە ژنان زۆرینەی کاری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنن. بەم پێیە بوونی ئاگایەکی وردو دروست لەبارەی ئەوەی کەئایا ڕێکخراوە تازە دروستبووەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەئاست بازاڕی کاری سوننەتیدا ڕەفتارێکی دادپەروەرانەتریان هەیە یان نا, بایەخێکی زۆری هەیە.

## کۆمەڵی مەدەنیو سەرمایەی کۆمەڵایەتی

سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی کۆی هەموو ئەو سەرچاوانەیە کەبۆ یارمەتیو پشتیوانی کۆمەڵی مەدەنی ئامادەدەکرێت. ئەم سەرچاوانە بریتین لەهێزی مرۆییو ئەو بارانەی کەبۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی مەدەنیی تەرخاندەکرێتو هەروەها ئەو پەیوەندیانەی کەلەنێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵدا پتەو دەبێت. تۆڕەکانی



زانیاریو کۆمەڵایەتیو تەنانەت هەلومەرجی سیاسیو یاسایی کەدەبنە هۆکاری بوونو چالاکی کۆمەڵی مەدەنی, دیسان بەیەکێك لەسەرمایە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێت.

*کۆمەڵی مەدەنی لەسەرچاوە گەلێکەوە داهات بەرهەم دێنێت کەبەڕێگای تر لەبەردەستی ئەو پرۆگرامانەدا نەبووە کەویستویانە چارەسەری پێویستییەکانی کۆمەڵ بکەن. کۆمەڵی مەدەنی وێڕای ئەو یارمەتیانەی کەلە حکومەتەکانەوە وەریدەگرێت, توانیویەتی سەرچاوەگەلێکی زۆر لەکەرتی نادەوڵەتی (بۆ نموونە کارە خێرخوازییەکانو کۆمپانیاو دامودەزگاو بازرگانییەکان), هەروەها لەخەڵکی چاکەخواز یان سەرچاوەگەلی تر, هەروەها لەڕێگەی کارە بازرگانییەکانی خۆیەوە بەدەست بهێنێت. خەڵکی خۆیان لەڕێگەی تەرخانکردنی پارەو پێشکەش کردنی دیاریو کاڵاو خزمەتگوزاریو کاری خۆبەخشانەوە یارمەتی کۆمەڵی مەدەنی دەدەن.

## ئۆرگانەکانی کۆمەڵی مەدەنی

(ئۆرگانی کۆمەڵی مەدەنی) بەشێوەیەکی گشتی, بەو دامەزراوانە دەگوترێت کەلەڕێگەی خەڵکەوە پێکهێنراون, واتە خەڵك دایمەزراندوون, لەوانە: ئەنجومەنە نارەسمیەکان, یان یانە وەرزشیو فەرهەنگیەکان, یان ڕێکخراوە گەورەکان کەبەڕەسمی تۆمار کراون. ئەمانە دەتوانن شێوە حکومی بن

یان بەتەواوی سەربەخۆ بن, کرۆکی سەرەکی نەریتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بریتی بوو لەیەکێتییە کرێکارییەکان, ئەنجومەنە پیشەیی یان بازرگانییەکان, یەکێتییە پیشەییەکان, کۆمەڵە هەرەوەزییە کرێکارییەکان, ڕێکخراوە ئاینییەکان, زۆرێك لەئەنجومەنە نەتەوەیی و خێڵەکییەکان.

ئەمڕۆ باوە کە (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی)و (ڕێکخراوە ناحکومییەکان) بەیەك ماناو لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن. بەڵام باشتر وایە کەزاراوەگەلێکی وردو دەقیقمان هەبێت, تاجیاوازی نێوان جۆرە زۆرو زەوەندەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەوەی کەهەیە ڕۆشن بێت.

لەم ڕێبەرەدا زاراوەی (ئۆرگانی کۆمەڵی مەدەنی) بۆ هەموو جۆرە ڕێکخراوێك کە لەخزمەتی کۆمەڵە مەدەنییەکاندا بێت, بەشێوە حکومی و ناحکومییەکانیەوە بەکاردەبرێت, وەکو ڕێکخراوێك کەبۆ خزمەت بەسەرجەمی خەڵکی هاتبێتە ئاراوە (وەکو ئەو دەستەو گروپانەی لایەنگری ژینگەن) یان خزمەتی گروپێکی تایبەتی لەکۆمەڵ بکات, (وەکو ئەنجومەنەکانی دراوسێتی و پاراستنی خەڵکی بێبەش) یان بەرگری لەماف ئەندامەکانی ڕێکخراوێکی تایبەتیی بکات, (وەکو یەکێتییە کرێکاری و سەندیکاییەکان).

*بۆ بەدبەختی نمونەیەکی زۆر لەو ڕێکخراوانە هەن کەڕێساو هەلومەرجی یاسایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی



مەدەنییان هەیە, بەڵام گەندەڵ و تاوانکارن, بۆ نموونە دەتوانرێت ناوی چەندین دەستەو تاقمی ئایینی فریوکاری وڵاتانی خۆئاوایی ببرێت کەهەڵگری مەرجەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانن بەڵام بەتایبەت بۆ تالانکردنی خەڵکی ساویلکەو پڕکردنی کیسەو تورەکەی پارەی بنیادنەرانەی ئەوانە کەخۆیان وەکو رابەرانی ڕۆحی دەناسێنن, پێکهاتوون. دەستەو تاقمە ڕەگەزپەرستەکان لەوڵاتانی خۆرئاوایی و شوێنانیتر, وەکو یۆگۆسلافیای پێشوو دەوروبەری دەریا گەورەکانی ئەفریقیا, نموونەگەلێکن لەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کەبەشێوەیەکی ڕەسمی یان ناڕەسمی بەناحکومی ناسراون, بەڵام بەتاوانی گەورەی ڕێکخراو هەستاون.

هەروەها بەدەربڕینێکی ترو بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنیی دەتوانێت بەهەمان ئەندازەی فاکتەرە دەرەکییەکان بۆ ڕێکخراوەکە زیانبەخش و تێکدەربێت.

## بەهاکان و پێوەرە هاوبەشەکان

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بۆئەوە لەڕەوتی بزاوتی جیهانی کۆمەڵی مەدەنیدا بەڕاست و دروستی بجوڵێنەوە, گەلێك بەهای کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە. لەخوارەوە ئاماژە بۆ چەند دانە لەو زەمینە گشتیانە دەکەین کەئەم بەهایانە لەسەری وەستاون.

گشتگیری‌و بەدووربوون لەڕەگەزپەرستی، پێشوازیکردن لەهەموو ئەندامانی ئارەزومەندی کۆمەڵ، قبوڵکردنیان‌و گوێگرتن لەقسەیان، هەروەها بەشداری پێکردنیشیان بەشێوەیەکی یەکسان لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا ناوەڕۆکی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنییە. ئەم ڕێکخراوانە ئەوەندەی کەدەکرێت دەبێت نوێنەری فراوانترین دەستەو تاقم‌و خواستەکانیان بن. لەپێکهاتەی ئەم ڕێکخراوانەدا نابێ هیچ جۆرە جیاکارییەك لەسەر بنچینەی ڕەگەز، نەژاد، ناسنامەی نەتەوەیی یان ئایینی، بێتوانایی جەستەیی‌و نابێت هیچ جۆرە تایبەتمەندیەکی تاکەکەسی تر بوونی هەبێ.

بەشداریکردن لەبەڕێوەبردندا . ئۆرگانی کۆمەڵی مەدەنیی نمونەی حکومەتێکی دیموکراتییە، ئەم ڕێکخراوانە خۆشیان دەبێت پشتبەستوو بن بەهەمان ئەو بنەما دیموکراتیانەی کەبۆ حکومەتەکانیان دەوێت‌و پروپاگەندەی بۆ دەکەن. چ لەناو پێکهاتی ڕێکخراوەکەی خۆیانداو چ لەئاستی کۆمەڵدا بەشێوەیەکی گشتیی نابێت شتێك بەشاراوەیی‌و بەداپۆشراوی بهێڵنەوە، دەشبێت هانی بەشداریکردنی جەماوەر لەکاروبارەکانی خۆیاندا بدەن.

دەستڕاگەیشتنی هەموان بەو ئۆرگانەو وەڵامدانەوەی هەموان لەلایەن ئەو ئۆرگانەوە بناغەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەسەر بنچینەی ئەو متمانەیە دادەنرێت کەجەماوەر پێی دەکەن، تا لەبەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکەدا ئەوپەڕی ڕاست‌و دروستی بەڕێوەبردنێکی شایستە ڕەچاو



بکەن. بەم پێیە ڕێکخراوەکە ڕاستەوخۆ بەرپرس‌و وەڵامدەرەوەی خەڵك‌و هەر ڕێکخراوێکی دەوڵەتیشە کەچاودێرە بەسەر کارەکانیەوە.

پێکهێنانی هەستی بەشداریکردن لەجەماوەردا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، لەڕووی تیۆری‌و پراکتیکییەوە زۆرتر ڕەخنە لەکارە نادیموکراتیەکانی دەوڵەتان‌و زیادەڕۆییەکانی کەرتی بازرگانی دەگرن. ئەم ڕێکخراوانە دەبێت نەك هەرتەنها لەکارەکانی خۆیاندا زۆر وردو سەختگیربن، بەڵکو دەبێت لەبەدەستهێنانی بەشداریکردنی جەماوەرو دەوڵەت‌و کەرتی بازرگانی، بچووکترین هەل لەدەستنەدەن. زۆریش گرنگە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری هاوشێوەی خۆیان پەیوەندییان هەبێت‌و بەگیانی هاوکاری‌و یارمەتیدانی یەکتر چالاکی بنوێنن.

## زەمینەی فەلسەفی‌و مێژوویی

کۆمەڵی مەدەنی بەواتا ئەمڕۆییەکەی، ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵی لەکلتورو مێژووی خۆرئاوادا هەیە. وەك چەمکێك لەڕووی دارشتنی ڕەوتە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فیکرییەکانی خۆرئاوا، ڕۆژگارێکی دورو درێژی بەسەردا تێپەڕیوە، هەروەها پەیوەندییەکی لەپسان نەهاتووی بەسەرهەڵدانی دەوڵەتە دیموکراتیە هاوچەرخەکانەوە هەیە.

## نموونەی کلاسیك

کۆنترین کاتی سەرهەڵدانی چەمکی (هاووڵاتی بوون) دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سیاسی یۆنانی کۆن و رۆم. ئەرستۆ, Telos یانی دوایین ئامانج یان کەماڵی لەپەیوەندی تاك بەPolis واتە: (دەوڵەت – شار)ەوە پێناسە کردووە. لەڕۆمدا تاك بەمانای بەشداری لەقەڵەمڕەوی گشتیدا پێناسە کراوە. قەڵەمڕەوی گشتیش هەمان کۆمار یان حکومەتی شار (Civitas)ە. بەجێهێنانی ئەرکە مەدەنییەکان (کەژیانی تایبەتی تاکیشی دەگرتەوە), (فەزیلەتی مەدەنی) هەر مرۆڤێکی دیاری دەکرد.

## سوننەتی لیبراڵ

لەچەقی ئەم قوتابخانە فەلسەفییەدا, چەمکی (مەدەنیەت) هەیە کەسەرئەنجامەکەی توانای تاکەکانی کۆمەڵە لەپاراستنی مافەکانی خەڵکی ترو رێزگرتنیان و قبوڵکردنی جیاوازی نێوانیان, هەروەها توانای هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتردا. لەم قوتابخانەیەدا تاك وەك پێناسەیەك هێشتا بەکۆمەڵەوە گرێدراوە, بەڵام ئەو هێزەی کەتاك هاندەدات خزمەتی کۆمەڵبکات, لەخودی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت نەك لەشتێکی سەرووی ئەوەوە, واتە ئەوەی بەسەردا ناسەپێنن.



لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرددا نووسراوە زاراوەی (کۆمەڵی مەدەنی) بۆ یەکەمین جار لەسەدەی شازدەدا بەکارهێنراوەو لەپێناسە کردنیدا دەڵێت: (سروشتی مرۆڤ زۆرتر لەگەڵ ژیانی کۆمەڵی مەدەنیدا گونجاوە تا هەر چەشنە ژیانێك بەتاك) ئەمەش مانای ئەوەیە کە (مرۆڤ) خۆی لەخۆیدا مەدەنی و کۆمەڵایەتیانە خەڵق بووە. گەورەترین بیرمەندی ئەم قوتابخانە فیکرییە جۆن لۆکە (سەدەی حەڤدەهەم)

گوتارەکانی لۆك لەمەڕ ئەوەی کەمرۆڤ خۆی لەخۆیدا چاکە, وە خۆشبەختی ئەو ئاوێتەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵە, بووە مایەی دروستبوونی فەلسەفەیەك کەدەڵێت کۆششی لۆژیکی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەبەختەوەری تاکە کەسی, هاوکاری و پشتیوانی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵی لێدەکەوێتەوە.

## کۆمەڵی مەدەنی و دەوڵەت

ئادەم فێرگاسۆن دەیوت: کۆمەڵی مەدەنی و دەوڵەت, هەردووکیان بەشێکن لەسیستمێکی دیموکراتی کەچاودێری یەکتری دەکەن و بەر بەلادان و دەستدرێژییەکانی یەکتر دەگرن. ئەو تیۆرییەی کەئەمڕۆ لایەنگیری زۆرو زەوەندی پەیدا کردووە, کۆمەڵی مەدەنی بەمسۆگەرییەك دژی حکومەتی سەرکوتکەری دەزانێت, قەڵەمڕەوی گشتیش وەك مەیدانێکی خەبات لەدژی ستەمگەری زۆرەملێیانەی

حكومەتەكان دەزانێت, ئەمجۆرە لێكدانەوەیە بۆ كۆمەڵی مەدەنی, گەلێك تێگەیشتنی جیاوازی لەبارەی كۆمەڵی مەدەنییەوە دروستكرد. بەم مانایەی كەدەیانگوت كۆمەڵی مەدەنی, لەم تێگەیشتنەدا, دامەزراوەیەكی دژی دەوڵەتە.

پەیڕەوكارانی ئەم شێوازە فیكرییە لەسەرئەوە هاوڕان كەهەرچەندە تاك پەیڕەوی دەوڵەتبێت, بەڵام ئەندامی كۆمەڵی مەدەنییەو فاكتەرێكە لەپانتایی كۆمەڵدا.

## بەدەستهێنانی دەسەڵاتی مەدەنی

لەئەوروپای خۆرهەڵاتدا, نفوزی رەگەزەكانی مەدەنییەت, لەپێكهاتی دەوڵەتدا, چەندین سەدەی خایاند بۆ ئاكامی هەوڵو كۆششێكی زۆرو زەوەندی بەتاكو كۆ بوو. یەكێتی لەكۆنترین نموونەكانی بەشداریی خەڵك. ئەنجومەن گەڵ بوو كەلەنوێنەرانی كڵێساو گەورە پیاوانو خەڵك لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپایی بووەتە تەداروكو ئامادەكردنی سەرچاوەی پێویست بۆ شەڕ, پێكدەهات. سەرهەڵدانی بیرۆكەی (نابێت بەبێ رای خەڵك باج وەربگیرێت) بۆ ئەم ئەنجومەنانە دەگەڕێتەوە. لەسەردەمی رێنیسانسی ئیتاڵیادا, مەكیاڤیلی ئەو سوپایەی بەخراپ دەزانی كەلە سەربازە كرێگرتەكان پێكدەهات. لەبری ئەوە بۆ شاری فلۆرەنسا سوپایەكی لە(عناصری میللی) پێكهێنا كەدەسەڵاتێكی زۆرتری دەخستە دەست هاووڵاتیانی فلۆرەنساوە. لەبەریتانیا پاش تێپەڕینی چەندین سەدەی یەك لەدوای یەك, لەلابەلای نەریتی هەڵبژاردنی پەرلەمانیو,



پێكهێنانی رێكخستنو كارمەندانی پیشەیی دەوڵەت ( Civil seruice)كە بەڕووی هەموو خەڵكدا كراوەبوو, (حكومەتی مەدەنیی) هاتە ئاراوە. چینی نوێی كارمەندانی دەوڵەت كەلەسەر بنەمای شایستەییو لەڕێی تاقیكردنەوەوە هەڵدەبژێردران نەك بەڕاسپاردنو ویستی سیاسەتمەداران رۆڵێكی زۆر گەورەیان لەبڕێوەبردنی كاروباری وڵاتو كۆڵۆنیالەكانیدا هەبوو.

تۆكڤیڵ (سەدەی نۆزدەهەم) راپۆرتێكی زۆر باشو سەركەوتووی لەبارەی كۆمەڵی مەدەنیی سەربەخۆو بەهێزی ئەمریكا نووسی, لەڕوانینی ئەودا حكومەت ژێرخانگەلێكی وەك دەوڵەت دادگاكان پۆلیسو هێزە چەكدارەكان لەخۆ دەگرێت. كۆمەڵی مەدەنی كەقەڵەمڕەوی ژیانی خەڵكە لەدەرەوەی ماڵو خێزان, لەئەمریكا لەئەنجومەنە پەرشو بڵاوە خۆویستەكانەوە هاتە ئاراوە كەچالاكییە جۆراوجۆرەكانیان چەندین ئیشوكاری وەكو دروستكردنی قوتابخانەو كڵێساو بەڕێوەبردنی كاری خێرخوازانەوە بیگرە تا چاودێریكردنی كارەكانی دەوڵەتی لەخۆ دەگرت. لەمانەش زیاتر تۆكڤیڵ دەیگوت: كەئەم ئەنجومەنانە لەجێی خۆیاندا پەیمانگەلێك كەبەهۆیانەوە خەڵكی فێری حكومەتی دیموكراتی دەكرێنو بەكردەوە لەكۆششە كۆمەڵایەتیەكانو لەپەیوەندیان لەگەڵ یەكتردا بەكارهێنانی بنەما دیموكراتیەكان فێردەبن.

## دووبارە دەركەوتنەوەی كۆمەڵی مەدەنی لەئەوروپای خۆرهەڵاتدا

لەم دەیانەی دواییدا, چەمكی كۆمەڵی مەدەنیی جارێكی تر بەهێزێكی نوێوە لەوڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتدا سەری هەڵدایەوە. لەدەیەی (١٩٧٠)دا, نەیارانی كۆمۆنیزم لەئەوروپای خۆرهەڵاتدا بیرۆكەی كۆمەڵی مەدەنیان وەك شێوەیەكی تری دیموكراسییەت بڵاوكردەوە.

كۆمەڵی مەدەنی لەئەوروپای خۆرهەڵات, لەئەندێشە پراكتیكدا چوار تایبەتمەندی پەیدا كرد كەبریتین لە: كۆمەڵ لەسەر بناغەی حكومەتی یاسا, ئابووری ئازاد, ئازادیی لەپێكهێنانی ئەنجومەنە خۆبەخشەكان و, پێكهێنانی كەشێكی كراوە لەقسەوباس و مشتومڕی ئازاد. لەپۆڵۆنیا بزاوتی هاوپشتی ئەم ئازادییە دیموكراتیانەی داواكردو بەدەستی هێناو, لەهەنگاریا سەرهەڵدانی كەرتی تایبەت, ئازادییە دیموكراتیەكانی لەنێو خەڵكدا بەئاقاری سەربەخۆیی ئابووری پەرە پێدا.

هاتنەئارای بونیاتەكانی كۆمەڵی مەدەنی لەئەوروپای خۆرهەڵاتدا, بایەخی فاكتەرە مێژوویی و كولتوری و هەروەها سیاسی و ئابورییەكان ئاشكرا دەكات, وێڕای چەندان بەربەستی بەرفراوان ڕێكخراوگەلێكی مەدەنیی كارامە لەپۆڵۆنیاو هەنگاریاو سیسلۆڤاكی و كۆماری چیك بنجی داكوتا, لەماڵێكدا كەلەوڵاتانی تردا لەهەمووی گرنگتر



لەڕوسیاو یۆگۆسلافیای پێشوو, بۆشاییەك كەلەپاش ڕووخانی دەوڵەتی كۆمۆنیستی دروستبوو, بووە مایەی گەندەڵی و خوێنڕێژی.

## وانەكانی مێژوو

دەتوانرێت چەندین وانەی زۆرو زەوەند كەلەو شێوە جۆراوجۆرانەی كۆمەڵی مەدەنی لەمێژووی خۆرئاوادا بەخۆیەوە بینیویەتی و ئەو هەوڵانەی كەبۆ بناغەدارشتنی دراوە وەربگیرێت. هەروەها دەكرێت لەو ئەزمونانەی كەلەئەوروپای خۆرهەڵاتدا بەدەستهات ئەوە فێربین ئەگەرچی دروستكردنی كۆمەڵی مەدەنیی ڕێگەیەكە بەرەو دیموكراسی بەڵام هۆكاری بنچینەیی دارمانی سەركوت نییە. جگە لەوەش, هەرچەندە دروستكردنی كۆمەڵی مەدەنی رەنگە كارامەترین ڕێگە بێت بۆ گەیشتن بەدیموكراتییەت, بەڵام روخانی دەوڵەتی سەركوتكەری خۆبەخۆ سەرهەڵدانی دیموكراسی لەناو كۆمەڵدا مسۆگەر ناكات, یان كۆمەڵێك كەبەمانای راستەقینە (مەدەنی)بێت ناهێنێتە ئاراوە.

نمونەی پۆڵۆنیا ئاشكرای كرد كەئەگەرچی كۆمەڵی مەدەنی لەجەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێت, بەڵام چەندین ساڵی دەوێت تا بەرنامەو پرۆگرامی دروستكردنی دابڕێژرێت و هەوڵی خەڵكی لەڕێگەی گەیشتن پێی بەئاكامێك

بگات. بەدەربڕینێکی تر, کۆمەڵی مەدەنی خۆبەخۆو بەیەك شەو لەسەر وێرانەکانی دیکتاتۆریەتەوە دروست نابێت.

لەم میانەیەدا بەراوردی نێوان ئەوروپای خۆرهەڵاتو چینیش گرنگە هەرچەندە سەرهەڵدانی کۆمەڵی مەدەنیو کرانەوەی بازاڕی ئازاد لەئەوروپای خۆرهەڵات لەیەك کاتدا بوو, تاقیکردنەوەی چین ئاشکرای کرد کەباشبوونی بارودۆخی ئابووریو بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی خەڵك, بەتەنها ناتوانێت دروستکەری بونیاتەکانی کۆمەڵی مەدەنی بێت, بۆئەوەی کۆمەڵی مەدەنی دروست بێت دەبێ باشبوونی بارودۆخی سیاسی هاوکات بێت لەگەڵ باشبوونی بارودۆخی ئابووری.

وانەیەکی گرنگی تر ئەوەیە, کەهیچ وڵاتێکی دیموکراتی ناتوانێت بنەماکانی دیموکراتی خۆی لەپەیوەندیەکانیدا لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵو وڵاتانی تر بەکار نەهێنێت.

سەرئەنجامیش, بوونی کۆمەڵێکی مەدەنیی کارا لەسەردەمێکی مێژوویی تایبەتدا بەڵگەی ئەوە نییە کەبۆ هەمیشە بەپایەداری بمێنێتەوە. لەئەمەریکا سەرباری سوننەتی چەسپیوی ئەنجومەنە مەدەنییەکانو بەشداری خەڵك لەبەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا, دەبینن سوننەتی جەماوەری کۆمەڵی مەدەنیی رووەو فەوتانە. کەشو هەوای کۆمەڵایەتی ئەوێ, کەشو هەوای کۆمەڵێکی مشەخۆر (Consamer societ)ی رزیوە. بەواتایەکی تر, خەڵك



لەپاش بەرهەمهێنانو بەکارهێنانی کاڵا, کاتو خواستی ئەوەیان نییە بپەرژێنە سەر کارە کۆمەڵایەتییەکان لەوێ, رەوتی سیاسیش کەجیا لەخەڵك دەڕواتە پێشەوەو رۆژ بەڕۆژ لەوانو لەخواستی ئەوان دوور دەکەوێتەوە, کەشی کۆمەڵی مەدەنی لەناودەبات. جگە لەوەش میدیا گشتییەکان بەدەسەڵاتێکی مەزنەوە کەلەپەیوەندییەکان وا لەبەردەستیاندایە, توانای خۆیان بۆ پشتیوانی لەهێزە ئابوریو سیاسییەکان بەکاردەهێننو خەڵكو رێکخراوە جەماوەرییاییەکان کەمتر لێیان سودمەندن.

## کۆمەڵی مەدەنیو جیاوازییە کولتورییەکان

هەرچەندە ئاشنابوون بەزەمینەی مێژوویی و کولتوری مەدەنی خۆرئاوایی خۆی لەخۆیدا سوود بەخشە, بەڵام بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لەچوارچێوەی کولتوری و مێژوویی وڵاتانی تردا قسەیەکی ترە. ئەو پرسیارە بنچینەییانەی کەدەبێت لەمبارەیەوە سەرنجی بدرێتێ ئەمانەیە: ئایا (بیرۆکە)ی کۆمەڵی مەدەنیو رێکخراوەکانی, بەکارهێنانێکی جیهانیان هەیە؟ ئایا ئەو کۆششانەی کەلەپێناوی دروستکردنی کۆمەڵی مەدەنیدا دەکرێت, لەهەموو جێیەك سودبەخشە؟

ئایا لێتێگەیشتنی باوی ئەم سەردەمە, تەواوی تێگەیشتنە خۆرئاواییەکان بەتایبەتی ئەوانەیان کە

بانگەشەی گشتێتیو جیهانیبوونیان هەیە، لەرووی کولتورییەوە دەداتە بەر رەخنە، ئەم رەخنەگرانە دەڵێن کولتور فاکتەرێکی رێژەییەو راست نییە بگوترێت کەئەگەر دەرکەوتەیەکی رەوشتی لەکۆمەڵێکدا بنجداکوتێت وەك پێویست لەکۆمەڵێکی تردا بەڕێوە دەبرێت. لەهەمان کاتدا، هەر ئەم رەخنەگرانە چەمکی دیموکراسی بەگشتی پەسەند دەکەنو بەزەمینەیەکی دانپیانراوی دەزانن بۆ بیرگۆڕکێو دروستکردنی حکومەتێ کەلەسەر بنچینەی بەشداریکردن دامەزراوە.

گومان لەوەدا نییە دیموکراسی، بەشێوەیەك کەلە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا جێگەی سەرنجە، بەناچاری وابەستەیە بەوەی کەڕێز لەبنەماکانی مافی مرۆڤ بگیرێت، دەوڵەتیش، بەشداری خەڵك لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا بەکراوەییو ئازاد بهێڵێتەوە. کۆمەڵی مەدەنی، بەمانای رستێك لەپێوەرو پەیوەندیو رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان، ژێر خانێکی هاوبەشی لەگەڵ دیموکراسی هەیە. بەم پێیە، ئەگەر چەمكو کارکردنی دیموکراسی بەچەمكو کردارێکی جیهانیانە بزانین بەڵام لەلایەکی ترەوە، مافی مرۆڤو کۆمەڵی مەدەنی بەهاوشانی ئەو نەزانین، ئەوا دوچاری دژایەتییەکی ئاشکرا دەبین.

ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت کەبەکارهێنانی کوێرانەی شێوازە خۆرئاواییەکان بۆ دروستکردنی کۆمەڵی مەدەنی



لەولاتانی ناخۆرئاوایدا، لەڕووی دەستڕاگەیشتن بەدیموکراسی سوودێکی ئەوتۆی نابێت. جیاوازییە کلتورییەکان، کەدەستمایەیەکی پراکتیکین بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵی مەدەنی، بێگومان فاکتەرێکی گرنگن. یەکێ لەم جیاوازیانە، سونەتەکانو هەروەها تێگەیشتنی خەڵك لە(قەڵەمڕەوی گشتی)ە، واتە کەشێك کەتیایدا ئەنجومەنەکان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە پێکدەهێنرێن.

لەخۆرئاوا، سروشتی سەرپشك بوونی پێکهێنانو پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەنجومەنێ یان چەند ئەنجومەنێکی ناوچەیی، تایبەتمەندییەکی دەستنیشانکەری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە.

لەکلتوری زۆرێك لەولاتانی ناخۆرئاواییدا، پێشینەیەکی دورودرێژ لەمەڕ ئەو ئەنجومەنانەی کەبەدەستی خەڵك دروستدەکرێت نابینرێت.

لەم ولاتانەدا، ئەنجومەنە مەدەنییەکان، لەچوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییەکان، ئەنجومەنە سەندیکاییەکان، ئایینی، نەتەوەیی، یان دەستەبەندییە نهێنییەکان (هەموو ئەمانەش بەبێ ئستیسنا بەڕووی ژناندا داخراو بووە). سەرکوتکردنە سیاسییەکانیش، بەپشت گوێ خستنی ئازادیو لەناوبردنی متمانەی پێویست بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوەکانی خەڵك، رێگەی گەشانەوەی (قەڵەمڕەوی گشتی) داخستووە. بەم پێیە، ولاتە

ناخۆرئاوییەکان دەبێت زەمینەی سیاسیو کولتوری پێویست بۆ (ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان) پێکبهێننو پاشان دەستبکەن بەپێکهێنانی ئەوانە. سەرئەنجام، لەو رۆژەدایە کەچەمکی (قەڵەمڕەوی گشتی) روون دەبێتەوەو لەگەڵماندا باوو بڵاوو ناسراوەکەی خۆرئاوادا یەکدەگرێ.

بەکورتی، ئەوەی کە، جیاکردنەوەی چەمکی کۆمەڵی مەدەنیی لەسەرچاوەکەی، گەر کلتورو مێژووی خۆرئاوا بێت نەدەکرێتو نەپێویستیشە. کلتورە ناخۆرئاواییەکان نەك نابێت بواری هاوپشتی کلتورەکانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا لەناو کۆمەڵی مەدەنیدا پشتگوێ بخەن، بەڵکو دەبێت بەلەبەرچاوگرتنی خاڵی هاوبەشەوە بچنە ناو ئەم لێکۆڵینەوەیەو ئامادەیی کلتوری خۆیان بسەلمێنن. لەجیاتی شۆڕبوونەوە بەناو قوڵایی پۆڵاییینی کلتوریدا (بەهەر ئەندازەیەك بتوانرێت شایستەییو راستی مێژوویی بۆ لەبەرچاو بگیرێت)، شیکارکارانی وڵاتانی ناخۆرئاوایی دەبێت چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لەمێژووی فەلسەفیدا هەنگاوێك بۆ پێشەوە بەرنو بایەخی جیهانی ئەو چەمکە بزاننو نرخی بۆ دابنێن. بەلای کەمەوە نیشانیبدەن کەئاگایی بیریارانی ناخۆرئاوایی لەمەڕ فەلسفەو مێژووی، خۆرئاوا زیاترە لەئاگاداری بیریارانی خۆرئاوایی لەمەڕ فەلسەفەو مێژووی  وڵاتانی ناخۆرئاوایی.



# بنەما یاساییەکانی کۆمەڵی مەدەنی

دروستکردنی هەر کۆمەڵێکی مەدەنیی لەسەر بناغەی حکومەتی یاسا وەستاوە. دروستکردنو بەڕێوەبردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێویستی بەکەشو هەوای سیاسیو یاسایی گونجاو هەیە، بوونی رێکخراوگەلی چالاكو کاریگەری کۆمەڵی مەدەنیی سەلمێنەری بوونی کۆمەڵی دیموکراتییە. ئەم رێکخراوانە، بەنۆرەی خۆیان بواری ئەوە دەدەنە هاووڵاتیانی هەر کۆمەڵێك تا لەبەهێزکردنی حکومەتی دیموکراتی ئەو کۆمەڵەدا بەشداریان هەبێت.

## رۆڵی یاسا

یاسا بنچینەییەکان بۆ پشتیوانیکردن لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، ئەوانەی کەپشتیوانی لەئازادی دەربڕینو بەستنی پەیوەندیو پێکهێنانی کۆڕۆ کۆمەڵی ئاشتیخواز بکەن. بەبوونی یاسایەکی لەم شێوەیەیە کەمافەکانی تاك بەپارێزراوی دەمێنێتەوە. بەو مانایەی کەیاسا دەبێت نەك هەر تەنیا پشتیوانی لەئازادیی دەربڕینو بەستنی پەیوەندیو پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی ئاشتیخواز بکات،

بەڵکو دەبێت بەرگری لەو مافانەش بکات کە لەڕێڕەوی دروستکردنی کەسایەتییە یاساییەکاندا، وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، دێتە ئاراوە. ئەم یاسایانە نەك تەنیا مافی دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بۆ خەڵك دەپارێزێت بەڵکو چاودێری دەکات تا بەڕێوەبەرایەتییەکەیشیان لەئاستی بەرپرسیاریو وەڵامدانەوەدا بێ، هەروەها، پەیڕەوکاری ڕێو شوێنو سیستەمی ڕەفتارە پیشەییو موعتەبەرەکان بنو وردبێتەوە، تا بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکە لەو بڕیارانە لانەدەن. بۆ بەرگرتن بەم مەترسییە کەڕێساگەلێکی زۆری دەستو پێگیر نەبێتە بەربەست لەبەردەم چالاکی دارایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵێ مەدەنی، خودی ئەم ڕێکخراوانە دەبێت چاودێری تەواویان بەسەر کارەکانی خۆشیاندا هەبێت.

## بایەخی یاسا بۆ کۆمەڵی مەدەنی

بوونی ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنیی سەربەخۆو بەهێز پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبوونی کۆمەڵێکی دیموکراتیو هەمەجۆرەوە هەیە.

هەروەها، ئەو یاسایانەی کەمافەکانی کۆمەڵی مەدەنیی مسۆگەر دەکەن، لەهەمان حاڵدا، پارێزەرو هاندەری ئامادەبوونی کۆمەڵێکی کراوەو فرە لایەنگەریشن. ئەم یاسایانە، لەیەك ساتدا چەندین ئامانج بەدیدێنن.



## پشتگیریکردنی ئازادی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان

پارێزگاری ئازادی دەربڕینو دروستکردنی پەیوەندیو پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی ئاشتیخواز، لەیاسا جیهانییەکان، لەپەیمانە ناوچەییەکان، لەدەستووری وڵاتاندا دەستەبەر کراوە.

## هاندانی گیانی دانبەخۆدا گرتنو پەسەندکردنی هەمەجۆری خەڵكو بیروباوەڕیان

بوونی یاسایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، کەنوێنەری بەرژەوەندییە بەرفراوانەکانی دەستەو گروپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵن، هەمەجۆریو هەمەچەشنی لەکۆمەڵدا پەسەند دەکاتو پشتیوانی لێدەکات. ئەو یاسایانەی پەیوەستن بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە، ئاستی دانبەخۆداگرتنی خەڵك لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکان ئەو هەمەڕەنگییەی کەلەنێوان خەڵکی کۆمەڵدا هەیە بەرز دەکاتەوەو ناهێڵێت بەریەکەوتنی توندو مامەڵەی ناشرین لەنێوانیاندا ڕوودات.

## هاندانی سەقامگیری و کۆمەڵایەتی و حکومەتی یاسا

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بەگشتی لەو کۆمەڵە سەقامگیرانەدا دێنە ئاراوەو سەرکەوتوو دەبن کەتیایاندا ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ و حکومەتی یاسا دەگیرێت. ئەو یاسایانەی کەبۆ پشتیوانیکردن لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنیی دادەنرێن و جێبەجێدەکرێن, ئەو بوارە بۆ دەستەو گروپەکان دەڕەخسێنن کەبەشێوەیەکی یاسایی خۆیان ڕێکبخەن و کاربکەن و, ئەمەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوەو کێشمەکێشە ناشرینەکان و پێش بەوە دەگرێ کەخەڵکی دەستبدەنە کاری ژێر بەژێرو نایاسایی.

## هاندانی بەشداری خەڵك لەبەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی پەرەسەندندا

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گەورە لەدەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا دەگێڕن. ئەم ڕێکخراوانە بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە بەشداری دەوڵەت و کەرتی بازرگانی و هەروەها ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵی مەدەنیی دەکەن و هەروەها هۆکارگەلێکی کاریگەرو هۆشیار بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی خەڵك دەستەبەر دەکەن و لەدەردیسەریەکانی (بیرۆکراتی) کەمدەکەنەوە.



## بوونی یاسایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی

بۆ پێشخستنی کۆمەڵی مەدەنیی سەرەتا دەبێت یاساگەلێك دابڕێژرێت کەبەسەر پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییدا فەرمانڕەوا بێت و لەهەمان کاتیشدا متمانەی خەڵك ڕابکێشێت و بیپارێزێت. ئەم یاسایانە کەسایەتییەکی یاسای دەدەنە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و ڕێگر دەبن لەبەردەم لەکارکەوتنە نابەجێکان یان تێخزینی ئەو هاندەرانەی کەلایەنی سیاسییان هەبێت, هەروەها چاودێری ئەوەش دەکات کەچالاکی ڕێکخراوەکان لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت نەك بەقازانجی تایبەتی کەسانێك بێت کەپێکیان هێناوە یان سەرمایەکەیان دابینکردووە.

## دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

دەبێت لەڕووی یاساوە خەڵکی ڕێگەپێدراوبن تا بەبوون و نەبوونی کەسێتی یاسای بەشێوەی بەکۆمەڵ چالاکی بنوێنن. ئەنجومەنە ناڕەسمی و ڕێکخراوە ناحکومیە ڕەسمیەکان, هەردووکیان, لایەنگەلێکی کۆمەڵی مەدەنین. لەبەرامبەر ئەو ئیمتیازاتانەی دەدرێنە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی (بۆ نموونە لێبوردن لە باجەکان), دەوڵەت دەتوانێ خوازیاری ئەوەبێت کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی

مەدەنیی لەڕووی یاساییەوە تۆمار بکرێت و بەپێی بڕیارەکان وەڵامدەرەوەی چالاکییەکانی خۆی بێت.

## تۆمارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

یاسای تۆمارکردنی ئەم ڕێکخراوانە دەبێت بەجۆرێك بنوسرێت و جێبەجێبکرێت کە کارەکان ئاسان و خێراو بەنرخێکی کەم تێبپەڕێت.

تۆمارکردنی ئەم ڕێکخراوانە دەبێت ئارەزوومەندانە بێت نەك بەزۆرە ملێ، و دەبێت هەموو ڕێکخراوە هاوشێوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بتوانن سوود لەم یاسایە وەربگرن. هەر جۆرە ڕێکخراوێك، چ خاوەنی ئەندامانی بێت یا نەبێت، دەبێت بتوانێت دابمەزرێت و کار بکات.

## فەرمانگەی تۆمارکردن

ئەو فەرمانگە حکومیانەی کەتۆمارکردنی ئەم ڕێکخراوانەیان لەئەستۆیە دەبێت ئەرکەکانی خۆیان بەبێلایەنی تەواو زوو بەزوو و لەسەر وەختی خۆیدا ئەنجامبدەن و ئەگەر تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە ئەرکی دادگایە، ئەوا دەبێت مافی چاوپێدا گێڕانەوە لەدادگای تەمیزدا بۆ خوازیاران پارێزراو بێت.



## تۆمارکردنی گشتی

بۆ تۆمارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی دەبێت فەرمانگەیەکی تایبەتی لەوڵاتدا هەبێت کەهەمووان دەستیان پێی ڕابگات. ئەم فەرمانگەیە دەبێت نەك هەر تەنیا ناوونیشانی هەموو ڕێکخراوە هاوشێوەکانی لەلابێت بەڵکو دەبێت نوسخەیەك لەهەموو پەیڕەوو پرۆگرام و بڕیارنامەو ئامانج و ئەرکەکان و ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی ئەوانیش هەڵبگرێت.

## هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی

بەڕێوەبەرانی ڕێکخراو (دەستەی بەڕێوەبەرێتی) دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت کەبەئارەزووی خۆیان ڕێکخراوەکە هەڵبوەشێننەوە.

فەرمانگەی تۆمارکردن نابێت سەلاحیەتی ئەوەی هەبێت ڕێکخراو هەڵبوەشێنێتەوە، مەگەر لەحاڵێکدا کە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە بەئاشکرا پێچەوانەی یاسا بێت.

## ئامانجەکان و چالاکیە ڕێگەپێدراوەکان

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەبێت ڕێگەپێدراوبن کەبەئاقاری بەرژەوەندی گشتیدا چالاکییان هەبێت. ئەم

چالاكیانە بریتین لەو كارانەی كەیارمەتی تەندروستیو پەروەردەو فێركردنو كلتوورو باشبوونی ژیانی خەڵك دەدات.

هەروەها دەبێت بتوانن بەئازادی لەمەڕ بابەتگەلێك كەپەیوەندییان بەكۆمەڵی ئەوانەوە هەیە قسە بكەنو لەو وتووێژانەدا كەسیاسەتە گشتییەكان دیاریدەكەن بەشداریی بكەن.

## بەڕێوەبەرێتيو بەرپرسیارێتی

بوونی بڕیاری روونو سەرڕاست بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری ناوخۆیی رێكخراوەكەو بەرپرسیاریو وەڵامدانەوە لەبەرامبەر خەڵكانی دیدا, لەسەقامگیریو پاراستنی پێگەی رێكخراوو راكێشانی متمانەی گشتیدا زۆر گرنگە. ئەو بڕیارە ئارەزوومەندانەیەی كەبۆ بەڕێوەبردنی كاروباری ناوخۆیی خۆیان هەڵدەبژێرنو بەكاری دەهێنن, پێویستی پەیرەویكردن لەبڕیارە بیرۆكراتییەكان دەستوپێگیرە حكومییەكان بۆ بەڕێوەبردنی رێكخراو, رەتدەكاتەوە. یاساكان دەبێت بەجۆرێك داڕێژرێن كەرێكخراوە ناحكومییەكان بتوانن رێگەو دەستوورنامەی بەڕێوەبردنی روونو ئاشكرا بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان هەڵببژێرن.



## بەڵگەنامەو دیكۆمێنتەكان

بەڵگەنامەكانی رێكخراو دەبێت ناونیشانی رێكخراوو, ئامانجەكان, ناونیشانی دامەزرێنەرانو, ناوی نوێنەرانو, جۆری رێكخراوەكە (ئەندامی هەبێت یان نەیبێت) , و هەلومەرجو بنەماكانی دابەشكردنی دارایی لەكاتی هەڵوەشاندنەوەی لەخۆگرتبێت.

## دەستەی بەڕێوەبەرێتی

بەڕێوەبەرانی رێكخراو (دەستەی بەڕێوەبەرێتی) بەرپرسیارن كە رێكخراوەكە لەوپەڕی تەندروستیو بەلەبەرچاوگرتنی بنەما پیشەییەكانو پەیڕەوكردنی هەموو ئەو یاساو رێسایانەی پەیوەستن بەم رێكخراوانەوە, بەڕێوە ببرێن. دەستەی بەڕێوەبەرێتی رێكخراوەكە پێویستە لەسەری كەبەشێوەیەكی رێكوپێك كۆبوونەوە ساز بكاتو راپۆرتی داراییو كارەكانی رێكخراو وەرگرێتو لێكۆڵینەوەی لەسەر بكاتو سیاسەتە گشتییەكانو بەرنامەكانی رێكخراوەكە بخاتە دەنگدانەوە.

## بەریەك كەوتنی بەرژەوەندییەكان‌و دابەشكردنی قازانجەكان

دەبێت یاساكان, ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرێتی (هەروەها دامەزرێنەران‌و كارمەندانی رێكخراو)ناچاربكات كەنەهێڵن بەرژەوەندییە تایبەتییەكان یان بەرژەوەندی ئیشوكار لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی رێكخراودا تێكەڵ‌بن. هەروەها دەبێت دابەشكردنی قازانجەكان‌و ئەو باقی دەستكەوتەكانی تری رێكخراو لەنێوان ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرو ئەندامانی تری وابەستە بەڕێكخراو قەدەغە بكەن.

## رێكخراوە چاودێرەكان

دەبێت یاساكان هانی دامەزراندن‌و مۆڵەتدانی ئەو رێكخراوانە بدەن كەچاودێرن بەسەر رێكخراوە بنچینەییەكەوە. ئەم رێكخراوە چاودێرانە بەسەر پەیڕەوی ناوخۆیی رێكخراوەوە چاودێر دەبن, هەروەها بەهاوكاری شارەزایانی پیشەیی (وەك مافناسان‌و ژمێریاران, زانكۆییەكان)چوونە پێشەوەی كارو دروستی چالاكییە داراییەكانی رێكخراو هەڵدەسەنگێنن. چۆنێتی پەیوەندی رێكخراوگەلێكی لەم چەشنە دەتوانێت نیشانەی بەڕێوەبەرایەتییەكی باشی رێكخراوەكە بێت.



## سەقامگیری دارایی

بۆئەوەی رێكخراوێك بتوانێت بەردەوامیی‌و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت دەبێت تا رادەیەك لەڕووی داراییەوە پشتی بەخۆی بەستبێت. لەهەر كۆمەڵێكدا شێوازو سەرچاوەگەلێكی فراوان بۆ كۆكردنەوەی یارمەتییە داراییەكان بۆ رێكخراوە ناحكومییەكان هەیە.

دەبێت یاساكان شێوازەكانی وەرگرتنی یارمەتی دارایی رێگەپێدراو بەشێوەیەكی سادەو روون دیاری بكەن‌و چاودێری ئەم جۆرە چالاكیانە بن.

## چەند خاڵێكی گشتي لەمەڕ كۆكردنەوەی یارمەتییە داراییەكان

رێكخراوە ناحكومیەكان كەبۆ پێشكەوتنی كۆمەڵی مەدەنی دادەمەزرێن‌و پێكدەهێنرێن دەبێت رێگەیان پێدرابێت دەستبدەنە هەر جۆرە چالاكییەكی یاسایی كەبۆ كۆكردنەوەی یارمەتی داراییە. ئەم چالاكییانە بریتین لەوەرگرتنی یارمەتی بێبەرامبەر لەحكومەت, لەدامەزراوە خۆماڵی‌و بیانییەكان, هەروەها لەكەرتی تایبەت بەكۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانی‌و هاوولاتیانیش.

## ڕێساکانی وەرگرتنی یارمەتی دارایی لەخەڵك

ئەو ڕێکخراوانەی داوای یارمەتیی دارایی لەخەڵك دەکەن پێوستە لەسەریان کەخەڵکی لەکارو بەرنامەو کاروبارە داراییەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوە. هەروەها دەبێت بڕی پارەو شێوازی یارمەتییە داراییەکانو ئەو پارەیەی کەبۆ جێبەجێکردنی بەرنامە جۆراوجۆرەکانو ئەو بودجەیەی کەبۆ بەڕێوەبردنو ڕاگەیاندن خەرجیکردوون. بەخەڵکی ڕابگەیەنێت.

## چالاکییە ئابورییەکان

ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێویستە مۆڵەت پێدراو بنو, بتوانن لەکارە سوودخوازە بازرگانییەکانو کاری تری لەو شێوەیە کەبۆ ڕێکخراوەکە یارمەتی دارایی بەدواوەیە کەڵك وەربگرن. ئەو داهاتو سوودانەیش کەلەمجۆرە چالاکییانەوە بەدەست دێت دەبێت تەنیا بۆ ئەنجامدانی بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە خەرج بکرێت نەك بۆ بەرژەوەندیی بەڕێوەبەرانو کارمەندانو ئەندامەکانی.



## لێخۆشبوون لەباجەکان

ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێت لەدانی باجی ئەو دیاریو یارمەتییە بێبەرامبەرانەی کە وەریدەگرن, ببەخشرێن. ئەو کەسو دامەزراوە بازرگانیانەش کەیارمەتی دارایی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەدەن, دەبێت بەڕادەی ئەو یارمەتییە داراییانەی کەداویانە لەبەخشینی باجەکان بەهرەمەند بن.

# تیرۆرو مەترسییەکانی

# تیرۆرو مەترسییەکانی

تیرۆری نێودەوڵەتی دیارترین شێوەی توندوتیژیی سیاسییە، لەبواری پەیوەندییە مرۆییەکانداو دواتر یەکێکە لەو تاوانە مەترسیدارانەی دژی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاڕاستە دەکرێت. تێڕوانینی جیاجیای زانستی تاوان، دەربارەی توندوتیژی سیاسی هەیە، هەندێك پێیان وایە توندوتیژی دەوڵەت، بەمەبەستی تێکدانی ئاسایشی ناوخۆی وڵات، یەکسانە بەو توندوتیژییەی ئاڕاستەی ئاسایشی دەرەکی یان نەتەوەییەکەی دەکرێت، لەڕووی مەترسییەوە وەك تاوانی دەستدرێژی نێودەوڵەتیە، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە پێویستە لەسەر دەوڵەت ڕووبەڕووی توندوتیژی سیاسی ببێتەوە، بەهەمان ئەو هێزو توندییەی کەڕووبەڕووی دوژمنێکی دەرەکی دەبێتەوە کە دەیەوێت خاکەکەی و سەربەخۆیی سیاسی تێکبدات.

واتە پێویستە دەوڵەت ڕووبەڕووی تاوانی سیاسی ببێتەوە بەهەمان ئەو هێزەی کەڕووبەڕووی دوژمنێکی بیانی ببێتەوە کەئامانجی وێرانکردنی دامودەزگا گشتی و تایبەتییەکانێتی لەکاتی جەنگدا، تەنانەت ئەگەر بووەهۆی بەزاندنی چوارچێوەی دەستوورو پەنابردنەبەر یاسا



نائاساییەکان. ئەم تێڕوانینە هەتا سەدەی نۆزدەهەم برەوی هەبوو، چەند ئەنجامێکی لێکەوتەوە، کە گرنگترینیان لەسێدارەدانی تاوانباری سیاسی یان ئەنجامدەری کاری تیرۆریستی بوو، بەوەی کە دوژمنی کۆمەڵگەن، لەو سۆنگەیەوە کەدەستدرێژیکردنە سەری، لەڕاستیدا دەستدرێژی کردنە بۆسەر خودی کۆمەڵگە.

بەڵام تیۆری دووەم، کە لەسەدەی نۆزدەهەم وەك کاردانەوەیەك بۆ تیۆری تاکەکەسی دەرکەوت، کەداوای ڕزگاربوونی دەکرد لەچوارچێوەی یاسا یان سیاسەتدا، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە، پێویستە وا سەیری دەوڵەت نەکرێت کەدەسەڵاتێکی ڕەهایە، بەڵکو بەوە کەدەسەڵاتێکە ئەرکی پاراستنی ماڤ تاکەکانی لەئەستۆدایە، تیۆرەکە سەرنجی بۆلایەنە نێگەتیڤەکانی دەستێوەردانی حکومەت لەکاروباری تاکدا ڕاکێشا، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەدەستێوەردان بۆ بەرگریکردن و پارێزگاریکردنی مافەکانیان پێویست بێت، پابەندبوون بەدەقە یاساییەکان لەئەنجامەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کەدەبێ دەسەڵات لەگەلەوە بێت، نەك لەدەستی فەرمانڕەوادا بێت. چونکە فەرمانڕەوا بوونی خۆی لەویستی گەلەوە وەردەگرێت.

ئەمەش بووەهۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەبۆچوونی زانستی تاوان، لەمەڕ تاوانی سیاسی پەیدابێت و ئەم جۆرە تاوانە دابنرێت بەدەستدرێژی بۆسەر کەسی دەسەڵاتدار نەك

بۆسەر کۆمەڵگەو دواتر وەك سەرجەم تاوانەکانی دیکە بەتاوانی ئاسایی دادەنرا.

بەمەبەستی نزکیکردنەوەی ئەم دوو تیۆریەی پێشوو, بۆچوونێکی نوێ دەرکەوت کەدەبێت هەڵوێستو ئەم هاندەرانە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی لەبەرچاو بگیرێت رەنگە هاندەرەکەی تایبەتی بێت کەبانگەشەی بۆ دەکات لەسیستمی دەسەڵاتداردا نابینێت. لەبەرئەوە ئەم بۆچوونە دەستیکرد بەهەوڵدان بۆ کەمکردنەوەو سووککردنی ئەو سزایانەی بەسەر ئەنجامدەرانی تاوانە سیاسییەکاندا دەسەپێنرێتو بەشێوەیەکی تایبەت مامەڵەیان لەتەکدا بکات, بەوەی کەسزادان هەرچۆنێك بێت تاوانباری سیاسی لەکەدار ناکات, لەسۆنگەی پاڵنەرە جوامێرە نیشتمانییەکانی کەڕەنگە لەتاوانبارێکەوە بیگۆڕێت بۆ پاڵەوانێکی میللیو سەرنجی جەماوەر رابکێشێتو پشتگیری رای گشتی بەدەست بهێنێت, بەڵام لەدوای جەنگی جیهانییەوە, کەزیانێکی گەورەی بەمرۆڤایەتی گەیاند, کۆدەنگی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەسەر تاوانبارکردنی کارگەلێك کەزیان بەسیستمی گشتی نێودەوڵەتی دەگەیەنن گەلاڵە بوو, لەوانە: تاوانەکانی جەنگ, تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی, تاوانەکانی دژی ئاشتیو تاوانەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی.



## بڵاوبوونەوەی دیاردەی تیرۆری نێو دەوڵەتی

لەکۆتایی شەستەکانو سەرەتای هەفتاکان بەدواوە, زاراوەی تیرۆرو تیرۆری سیاسی تیرۆری ناوخۆو تیرۆری دەوڵەتو تیرۆری نێودەوڵەتی, لەکەناڵە ناوخۆییو جیهانییەکانی راگەیاندندا زیاتر بەکاردەبرێت, هەروەك چۆن لەرۆژنامەکاندا هەواڵی ترسناكو دڵتەزێن سەبارەت بەڕفاندنی فڕۆکەو وێرانکردنی باڵوێزخانەکانو ئاگرتێبەردانیان بەبارمتەگرتنو تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلە بەمین چێنراوەکانو چەند کارێکی وروژاندنو بێزارکردنو هێرشکردنە سەر نێردراوە حکوميو ناحکومییەکانو ناردنی شتوومەکی تەقینەوە بۆ کوشتنو تیرۆرکردنی زیاتری قوربانییەکان. دیاردەی تیرۆر تەنها بەرفاندنی فڕۆکە نەوەستا, بەڵکە گەیشتە نوێنەرانو دیپلۆماتیکەکانیش, ئەو کارانەی کەلەدژیان دەکرێت بوونە جێی گرنگی پێدان تا رووداوی فڕاندنو بەبارمتەگرتنو کوشتن زیادی دەکرد, ئەگەر حکومەتەکان خواستو داواکانیان دەستەبەر نەکردایە.

لەئەنجامی ئەوەی لەپێشەوە باسمانکرد بۆتان روونبۆوە کە لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا کار گەیشتۆتە چی, بەجۆرێك کە کاروبارەکان ئاڵۆزبوونو گرنگی خۆیان

وەرگرتووەو مەترسیەکانیش روو لەزیاد بوونەو سەرجەم بەڵگەنامەو ڕێوڕەسمی نێو دەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانی کە ڕێگەی شەپۆلی شەشەمو زۆرداری و کاری تیرۆریستییەوە پێشێلدەکرێن, کەزیان بەگیانی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت و هەڕەشەیە بۆسەر گیانیان. بەڵام ئەوەی جێی مەترسی زیاترە, شکستی دەوڵەتانە لەچارەسەرکردنی هۆیە شاراوەکانی پشت تیرۆرەوەو هەڵوێستی سلبی نەتەوە یەکگرتووەکانە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە مەترسیدارەو لاوازیی و بێتوانایی لەوەرگرتنی ڕێو شوێنی یەکلاییکەرەوە, بەرامبەر بەئەنجامدەرانی ئەو کارە تاوانباریانەو تەیارکردن و کۆکردنەوەی رای گشتی جیهان لەدژی کەدەبێتەهۆی ئەوەی پەل وپۆ بۆ سەرانسەری جیهان بهاوێت.

## ڕەهەندە سیاسییەکانی کێشەی تیرۆر

ئەو شەپۆلە تیرۆرەی کەلەم ساڵانەی دواییدا بەجیهاندا بڵاوبۆوە, بووەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەکان و کۆششەکان کەپەیوەستن بەو هۆیانەوە کەدەتوانرێت لەڕێگایانەوە, ئەو تاوانە قەڵاچۆ بکرێت و کۆتایی بەو دیاردە مەترسیدارە بهێنرێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئیدانە بکرێت کەدەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوخۆو لەمپەر خستنە بەردەم گەشەکردنی سروشتیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کارەکانی توندوتیژی کە دەبێتەهۆی کوشتن و لەناوبردنی گیانی سەدان کەسی بێتاوان و



وێرانکردن و رووخاندنی دامودەزگاکان و دەست بەسەردا گرتنی هەموو ئەوانە, پێویستیان بەو ئاگاهێنانەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی و گرنگیپێدانی جیهانەو پێویستە دەستبەجێ و بەشێوەی جددی کار بکرێت, لەپێناو گەیشتن بەئامڕازو ڕێگەچارانەی کەدەتوانرێت لەڕێگایانەوە کۆتایی بەو تاوانە مەترسیدارە بهێنرێت کە قاڵبێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.

ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە لەئەنجامی شیکردنەوەی هەندێك کاری تیرۆریستییەوە چەند ئەنجامێکی گرنگمان دەستدەکەوێت, لەوانە بوونی پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان تیرۆرو هێزە توندڕەوەکاندا کە هەوڵدەدەن بۆ لەباربردنی پشتگیریکردنی سەقامگیری و قەدەغەکردنی پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەی کەئامانجی کەمکردنەوەی پشێوی جیهانەوە کەڵەکەبوونی ململانێی چەکداری و زیان گەیاندن بەبزوتنەوە دیموکراسیەکان لەچەند وڵاتێکی جیهاندا.

لەنێو مێژووی تیرۆرو مێژووی توندوتیژیدا (بەهەموو جۆرەکانیەوە) پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە, نەشونما کردنی دیاردەی توندوتیژی لەقۆناغە جیاجیاکان هاوکات بووە لەگەڵ دەرکەوتنی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکاندا, بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆ زاڵبوون بەسەر هەرجۆرێك لەجۆرەکانی توندوتیژییدا, پێویستە بەسەر ئەو ناکۆکیانەدا زاڵبین و دەتوانرێت ناکۆکی ئابووری و سیاسی و تەنانەت ئایدۆلۆژی, بەو هۆیانەوە دابنرێت کەدەبنە مایەی سەرهەڵدانی توندوتیژی و هەر ئەو هۆیانەش دەکرێن بەیانوو و پاساو بۆ توندوتیژی.

## ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن‌و بنبڕکردنی کارە تیرۆرییە ئاڕاستەکراوەکانی دژی دەوڵەت

کــارە تیرۆرییـــەکان شـــێوەی جۆراوجـــۆر وەردەگـــرن لەنێوانیاندا وێرانکردنی دامەزراوە گشتییەکان کە لـەڕووی ئابوورییەوە گرنگەو تیرۆرکردنی کەسایەتی سیاسی ناسراو کـە کاریگـەریان لەسـەر رای گشـتی دەبێـت, بـۆ تێکـدانی قـــەوارەی ئـــەو دەوڵەتـــەو لەبەریـــەک هەڵوەشـــاندنەوەی سـەقامگیری‌و وروژانـدنی تـرس‌و تـۆقێن لـەنێو هاوڵاتیانـدا, بـەئامانجی گـۆڕینی سیســتمی سیاســی, یــا روخانــدن‌و لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتەی تیایدایە.

دەوڵــەتان بایـــەخیان بـــەوجۆرە تـــیرۆرە داو چـــەندین ڕێککەوتننامـەی نێودەوڵـەتیان بـۆ قەدەغـەکردن‌و سـزادانی کـردە تیرۆریـەکانی ئاڕاسـتەکراو دژی دەوڵـەت مـۆرکرد, لـەو ڕێکەوتننامانەش:

١- ڕێککەوتننامـەی جنێـف بـۆ قەدەغـەکردن‌و سـزادانی تـیرۆر, کەلـە ١٦ی تشرینی دووەمـی ١٩٣٧ لەجنێفدا ئیمـزا کرا.

٢- ڕێککەوتننامــەی ئــەورووپا بــۆ بنبڕکردنــی تــیرۆر کــە لە٢٧ی کانوونی ١٩٧٧ لەستراسبۆرگ ئیمزا کراوە.



ڕێککەوتننامـەی جنێـف بـۆ بنبڕکـردن‌و سـزادانی تـیرۆر لەپێشـەکییەک‌و (٢٩) مـاددە پێکهـاتووە, لەپێشـەکیەکەدا هانی ئەو لایەنانە دەدات کە ڕێککەوتننامەکەیان مۆرکردووە ڕێوشوێنی کاریگەر بگرنەبەر بۆ بنبڕکردن‌و سزادانی تاوانی تیرۆر کەمۆرکی نێودەوڵەتی پێوەدیارە. لـەماددەی یەکەمی ئـەو ڕێککەوتننامەیـەدا لایەنـەکان بـەڵێنیان داوە کـە ڕێگـە لەهەموو کارێك بگرن کەهانی چالاکی تیرۆری دەدات‌و کاری تـیرۆری ئاراسـتەکراو بـۆ هـەر دەوڵـەتێکی دیکـە قەدەغـە دەکـەن‌و سـزای ئەنجامـدەرانی دەدەن, بـۆ چەسـپاندنی ئەمـەش دەبێـت هاوکـاری لەنێوانیانـدا هـەبێت, لەبڕگـەی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە مەبەست لـەکاری تیرۆر, ئەو تاوانـە ئاڕاسـتەکراوانەیە دژی هـەر دەوڵـەتێك بەمەبەسـتی دروستکردنی حاڵەتی ترس‌و تۆقین, لەلای کۆمەڵە کەسێکی دەستنیشـانکراو, یـان هـەر کۆمەڵـە کەسـێك یـان هـەموو خەڵکی.

لـەوەی کـە باسـکرا, ڕووندەبێتـەوە کـە پێویسـتە بـەپێی بڕگـەکانی ڕێککەوتننامەکـە چـەند مـەرجێك هـەبێت لـەکاری تیرۆریـدا تـا ئـەو بڕگانـەی کـە لەڕێککەوتننامەکـەی جنێفـدا بیگرێتەوە, بەسەریدا لەو مەرجانەش کە کارە تیرۆییەکە لـەو جۆرەبێـت کەدەچێتە ریـزی ئـەو کـردە تاوانکارییانـەی کـە لەڕێککەوتننامەکەو یاسادانانی سزای نیشـتمانیدا هـاتووە کە کارەکە بەڕێگـەی ڕاستەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی دەوڵـەت بکرێـت, چـونکە کـارە ئاڕاسـتەکراوەکانی دژی تـاک

ناچنه چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەوە, کە ئامانج لەئەنجامدانی بۆ بەرپاکردنی باری ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ بێ لەنێو کەسایەتییە دەستنیشانکراوەکاندا, یان کۆمەڵێکی دیاریکراو لەخەڵك یان خەڵك بەگشتی و کاری تیرۆری بچێتە ریزی ئەو کارانەی کە لەماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتوون و کارەکە مۆرکێکی نێودەوڵەتی بەخۆوە بگرێت.

## چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە

ڕێککەوتننامەکە لەماددەی دووەمیدا ئاماژە بەچەند نموونەیەك لەو کردارانە دەکات کە بەکردەی تیرۆی دەژمێردرێن کە مۆرکێکی نێودەوڵەتیان پێوە بێت, بەپێی ئەو ماددەیەش بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی جنێف بەسەر ئەمانەی خوارەوەدا جێبەجێ دەکرێت:

١– هەر کردەیەکی بەئەنقەست کە دەبێتەهۆی مردن یان زیانی گەورەی جەستەیی یان پێشێلکردنی ئازادی هەریەك لە:

أ– سەرۆکی دەوڵەتان و جێگرەکانیان و ئەوانەی هەڵدەستن بەکارەکانیان یان ئەوانەی کەجێیان دەگرنەوە.

ب– ژنان یان پیاوانی ئەو کەسانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا.



ج– ئەو کەسانەی کە لێپرسراوییەتی گشتییان لەئەستۆدایە, یان ئەوانەی پۆستی گشتییان بەدەستەوەیە, ئەگەر ئەو تاوانەیان بەرامبەر کرا بەهۆی پلەو پایەکانیانەوە.

٢– وێرانکردن و تێکدانی بەئەنقەست, یان زیانگەیاندن بەسامان و شتومەکی گشتی یان ئەو کەلوپەلانەی کەبۆ مەبەستی گشتیی دیاریکراون و یان دەگەڕێنەوە بۆ دەسەڵاتی وڵاتێکی تر لەوڵاتانی پەیماننامەکە.

٣– هەر کردەیەکی بەئەنقەست کەژیانی گشتی ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە.

٤– هەر هەوڵدانێك بۆ سەرپێچیکاری لەچوارچێوەی ئەو کردارانەی پێشتردا.

٥– دروستکردن, بەدەستهێنان, لەدەستدابوون, پێدانی چەك و ئامڕازی تەقینەوە, یان هەر ماددەیەکی دیکەی زیانبەخش, بەمەبەستی ئەنجامدانی هەر کردەیەکی لەوجۆرە لەهەر دەوڵەتێکدا بێت, کە دەچێتە چوارچێوەی ئەو کارە قەدەغەکراوانەی لەپێشەوە ئاماژەیان پێکرا.

## چەند ڕێککەوتننامەیەکی تر
## بۆ بنبڕکردنی هەندێك دیاردەی تیرۆری نێودەوڵەتی

### یەکەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

رەنگە تێبینی چەندین ڕێککەوتننامەو پرۆتۆکۆلی دیکە بکەین کەتایبەتن بەهاوکاری نێودەوڵەتی, بۆ بنبڕکردنی تیرۆرو بەشێوازە جیاوازەکانیەوە کەدواتر گەڵاڵە کراوە لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامانەی لەپێشەوە ئاماژەیان بۆکرا, ئەوەش وەکو:

١- ڕێککەوتننامەی پاراستنی ماددی لەمادده ئەتۆمییەکان, کەلە ٢٦ ی تشرینی ساڵی ١٩٧٩ دا بەسترا, ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بڕیاریان لەسەردا یان چوونە ریزی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە, گەیشتە (٥٥) دەوڵەتو چووە خانەی کارپێکردنەوە.

٢- پرۆتۆکۆلی پەیوەندیدار بەبنبڕکردنی کردەکانی توندوتیژی نایاسایی, لەو فڕۆکەخانانەی کەخزمەتی فڕۆکەوانی مەدەنیی نێودەوڵەتی تێدا دەکرێت کە لە(٢٤)ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ لەمۆنتریالدا بەستراو, ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە بڕیاریان لەسەردا, یان چوونە ریزیەوە گەیشتە (٦٥) دەوڵەتو چووە خانەی کارپێکردنەوە.



٣- ڕێککەوتننامەی بنبڕکردنی کردە نایاساییەکان, لەدژی ئاسایشی کەشتیوانی دەریایی ئاراستە دەکرێت, کەلە (١٠)ی ئازاری ١٩٨٨ لەرۆمادا بەستراو ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بڕیاریان لەسەردا, یان چوونە ریزییەوە گەیشتە (٣٣) دەوڵەتو چووە خانەی کارپێکردنەوە.

٤- پرۆتۆکۆلی پەیوەندیدار بۆ بنبڕکردنی کردە نایاساییەکانی ئاڕاستەکراو, لەدژی دامەزراوە جێگیرە بەرپاکان لەکەنارەکاندا، کەلە ١٠ی مارتی ١٩٨٨ لەڕۆمادا بەستراو, ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بڕیاریان لەسەرداو چوونە ریزییەوە گەیشتە ٣١ دەوڵەتو چووە خانەی کارپێکردنەوە.

٥- ڕێککەوتننامەی جیاکردنەوەی تەقینەوەی پلاستیکی, بەمەبەستی دۆزینەوەی کە لە١ی ئاداری ١٩٩١ لەمۆنتریالدا ئیمزا کراو ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بڕیاریان لەسەردا یان چوونە ریزییەوە گەیشتە ٢٣ دەوڵەتو هێشتا نەچۆنە خانەی جێبەجێکردنو کارپێکردنەوە.

٦- ڕێککەوتننامەی پەیوەندیدار بەئاسایشی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەو کەسانەی کە لەگەڵیاندان, کە کۆمەڵەی گشتی لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٤ دا بڕیاریداو ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بڕیاریان لەسەرداو ئەوانەی هاتنە ریزییەوە, گەیشتە ٩ دەوڵەت, هێشتا رێکەوتننامەکە نەچۆتە خانەی جێبەجێکردنەوە.

**دووەم: لەسەر ئاستی ناوچەیی**

١- ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی کردە تیرۆییەکان کە بەتاوان لەدژی کەسان و پەیوەندی بەو کردەوانەوە هەیە دادەنرێت، کەبایەخی نێودەوڵەتی پێدەدرێت و سزادانی لەسەرە، کەلە ٢ی شوباتی ١٩٧١ دا کە لەلایەن ڕێکخراوی وڵاتانی کیشوەری ئەمریکاوە بڕیاری لەسەر درا ژمارەی ئەو دەوڵاتانەی کە بڕیاریان لەسەردا یان چوونە ریزیەوە گەیشتە ١١ دەوڵەت و ئێستا کاری پێدەکرێت.

٢- ڕێککەوتننامەی ئیقلیمی بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، کەلە ٤ی تشرینی ١٩٧٨دا لەلایەن وڵاتانی ئەندام لەیەکێتی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری ئیقلیمی بڕیاری لەسەر دراو ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بڕیاریان لەسەردا یان چوونە ریزییەوە، گەیشتە (٧) دەوڵەت و چووە خانەی کارپێکردنەوە.

## هەوڵە زانستییەکان بۆ پێناسەکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی

پێناسەکردنی تیرۆر دەگۆڕێن بەپێی بۆچوونی زانایانی یاسای نێودەوڵەتی، لەدیاریکردنی ئەو دیاردەیەو توخمە پێکهێنەرەکانی کردەی تیرۆر. ڕەنگە گرنگترین هەوڵە زانستییەکان بۆ پێناسەکردنی تیرۆر، ئەوانە بن کە کۆنگرەی



یەکەم، بۆ یەکخستنی سزادان پێی هەستا، لەشاری وارشۆ لەپۆڵەندا، لەساڵی ١٩٣٠ بەسترا[1]

ویلکسۆن (Wilkison)تیرۆر وا پێناسە دەکات کە (ئاکامی توندوتیژی توندڕەوەکە ئەنجام دەدرێت، لەپێناوی گەیشتن بەچەند ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراو، کە لەپێناویدا قوربانی دەدات بەهەموو بیروباوەڕە مرۆڤایەتی و ڕەوشتکارییەکان)[2] ویڵکسۆن تاوانەکانی تیرۆر بەمجۆرەی خوارەوە پۆلێن دەکات[3]:

١- تیرۆری جەنگی (پەنابردنە بەر شێوازی جۆراوجۆر، بۆ بڵاوکردنەوەی ترس لەناو هاووڵاتییاندا، لەڕێگەی بەکارهێنانی چەکی وەکو نارنجۆک و چەکی ئاگرین و هتد).

٢- تیرۆری سەرکوتکاری (وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو، لەچوارچێوەی سیستمی ڕێوشوێنە سەرکوتکارییەکاندا).

(١) بڕوانە: (الارهاب في القانون الجنائي)، د. محمد مؤنس محی الدین.

(٢) Government and opposition, vol. 8, No: 3, summer 1973, London, p.222. هەروەها بڕوانە n. 1974.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٣ – ٣٠٨، موس تیرۆر بەمشێوەیە پێناسە دەکات:

Sheldon G. Levy, William J. Crooty, Commission on the Cause and Prevention of Violence, U.S. Government Printion office, (Washington, 1969), P. 421.

٣-تیرۆری شۆڕشگێڕانه (بەمەبەستی لەقکردنی سستمی دەوڵەتو دەسەڵات بەدەستەوەگرتن).

٤-تیرۆری نیمچە شۆڕشگێڕانه (مەبەست لەو کارانەیە کە بەبێ هیچ هاندەرێکی سیاسی، یان ئایدۆلۆژی ئەنجام بدرێنو، مەبەست ئەوە نەبێت دەسەڵاتی دەوڵەتێك زەوت بکرێت).

سۆرنتۆن پێی وایە تیرۆر بەکارهێنانی تۆقاندنە وەکو کارێکی هێمایی، بەمەبەستی کارکردنە سەر ڕەفتاری سیاسی بەهۆی شێوازی نا ئاساییەوە، کە دەخوازێت پەنا ببرێتە بەر هەڕەشەو توندوتیژی[٤] و سۆرنتۆن بایەخێکی تایبەت دەدات بەشێوازە نائاساییەکان، لەپێناسەکردنی تیرۆردا، توندوتیژی کە ئاڵۆزیی سیاسی دەبزوێنێت، لەپلەو پایەیەکی بەرزتر لەتوندوتیژی سیاسی جیادەکاتەوە. بەڵام سۆرنتۆن مەبەستی خۆی، لەمەڕ سروشتی نائاسایی کاری تیرۆری روون نەکردۆتەوە، هەروەها هیچ ڕێنماییەکی نەخستۆتە بەرچاو، تا لەڕێیانەوە"، لەنێوان کاری نائاسایی (تیرۆر)و کاری ئاساییدا جیاوازیی بکرێت، کە لەبۆچوونی خۆیدا، کاری تیرۆرییانە پێکناهێنێت. تیرۆر بەلای سۆرنتۆنەوە بەسروشتە هێماییەکەوە جیادەکرێتەوە. کە

(٤) in H.E. Eckstein (ed.), Internal War (London: Collier-Macmillan, 1964), P. 73.



کاریگەرییەکی زیاتر بەکردەکە دەبەخشێت[٥] بەڵام واردلۆ، تیرۆری سیاسی واپێناسە دەکات کە بەکارهێنانی توندوتیژی یان هەر هەڕەشەیەك کە لەلایەن تاك یان کۆوە کە لەپێناوی یان دژی دەسەڵاتێکی بەرچاو ئەنجامدەدرێت، کاتێ کەمەبەست لەو کارە، راهێنانی حاڵەتێك بێت لەنیگەرانی توند، لەلایەن کۆمەڵێك لەقوربانیانی راستەوخۆی تیرۆرەوەو، ناچارکردنیان لەسەر رەزامەندیو ملدان بەخواستە سیاسییەکانی ئەنجامدەرانی کردە تیرۆرییەکان[٦].

(٥) سۆرنتۆن لەم بارەیەوە بڕیار دەدات کە:

If the terrorist comprehends that he is seeking a demonstration effect, he will attack targestes with a Maximum Symbolic Value. The Symbols of the State are particularly importantm but perhaps even more zre those referring to the normative Structures znd relationships that Constitute the Supporting framework, of Society. By showing the Weakness of this framework, the insurgents bemonstratem not only their own strength and the Weakness of the incumbents but also the inability of the Society to Provide Support for its.

(٦) بەشێوەیەکی گشتی بڕوانە:

Wardlaw, G
Cambridye University Press 1982, P. 16.

بەپێی گرۆس، پێویستە، لەنێوان ئەو حاڵەتە جیاوازانەی کە توندوتیژییان تیادا بەکاردەبرێت جیاوازیی بکرێت، لەوانە[٧]:

١- خەبات و توندوتیژی ئاڕاستەکراو دژی دەسەڵاتی تاکڕەوی لەناو دەوڵەتدا.

٢- توندوتیژیی ئاڕاستەکراو دژی داگیرکەرانی بیانی، کەهەوڵی لەناوبردنی دەوڵەت، یان بەکۆیلەکردنی گەلەکەی دەدەن.

٣- توندوتیژیی ئاراستەکراو دژی دامەزراوە دیموکراسییەکان، وەکو ئەوەی حزبە فاشیەکان و نازییەکان و دارو دەستەکانیان ئەنجامیاندا.

لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنکردنی سەرەوەی کردەکانی توندوتیژی، گرۆس توندوتیرژیی دەکات بە(٥) بەشەوە، بەمجۆرەی خوارەوە:

١- توندوتیژیی تەکنیکی، بەمەبەستی هێنانەدی مەبەستێکی هەلپەرستانەی دیاریکراو، یان بەدەستهێنانی سوودێکی کاتی (وەکو سزادان، مۆرکردنی سزا، روخاندنی حکومەت).

٢- توندوتیژیی هەڕەمەکی، بەبێ ڕەچاوکردنی بەدیهێنانی مەبەستێک و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئاڕاستە نەکرابێت.

(٧) بڕوانە: ,op. Cit, p.422,



٣- توندوتیژیی هەڕەمەکی چڕ، واتە هەڕەمەکی لەسروشتیدا، بەڵام ئاڕاستەکراوبێت بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.

٤- توندوتیژیی لەچوارچێوەی بەرین و گشتگیرییدا.

٥- تیرۆری سیاسی دژی دەسەڵاتداران.

بەڵام والتەر پێیوایە کە تیرۆر کردەیەکی تۆقێنەرە، لەسێ توخم پێکدێت:

کاری توندوتیژی یان هەڕەشەی ئەنجامدانی، کاردانەوەی سۆزداریی کە لەئەوپەڕی پلەی ترسی قوربانیان و قوربانییە شیمانەکراوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و، ئەو کاریگەرییانە دەگرێتەوە کەبەهۆی توندوتیژی، یان هەڕەشەی بەکارهێنانی و ئەو دڵەڕاوکێیانەی لێیدەکەونەوە[٨].

لەهەوڵێکی تری پێناسەکردنی تیرۆر، لەسۆنگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، ئێریک دێڤید پێیوایە کەتیرۆر هەموو ئەو کردانەی توندوتیژیی چەکدارانە دەگرێتەوە کە لەپێناوی ئامانجێکی سیاسی، فەلسەفی، ئایدۆلۆژی یان ئایینی ئەنجامدەدرێن[٩].

(٨) W
Case Studies of Some PRIMITIVE African Communitie (New York: Oxfored University Press. 1967), P. 5.

(٩) In Reflexions sur la definition et la repression du terrorism, Editions de Bruxelles, (Brussels, 1974). P.125.

فریلاند دەڵێت, تیرۆر بەکارهێنانی تاکتیکی توندوتیژییە, سەرەتا بەمەبەستی خولقاندنی دۆخێکی گشتیی لەترس و دڵەڕاوکێ, بەلای بەشی زۆری گەلەوە(١٠).

بەڵام میکۆلۆس تیرۆر وا پێناسە دەکات کەبەکارهێنان, یان هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی ئەو نیگەرانییەی لەتوندوتیژیی نا ئاساییەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستی سیاسی. مەبەست لەوە کاریگەرییە لەسەر هەڵوێست و رەفتاری تاقمێك کە کاری تیرۆر بەرنامەیان لەسەر دادەڕێژێت, زیاتر لەقوربانییە راستەوخۆکە(١١).

لەهەوڵێکدا بۆ جەختکردن لەسەر لایەنی ئایدۆلۆژی, یان ستراتیژی دیاردەکە, تۆرك بەم جۆرە تیرۆر پێناسە دەکات کە ئایدۆلۆژییەك یان ستراتیژییەکە پاساو بۆ تیرۆری جەرگبڕ یان سووك دەهێنێتەوە, بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی, لەڕێگەی زیاتر ترساندن بەلایەوە, لەڕێگەی لێدانی ئامانجە هەڕەمەکییەکان(١٢).

بەڵام فیراکوتی پاساو بۆ لایەنی خەباتگێڕی کاری تیرۆر دەهێنێتەوە, وا پێناسەی دەکات کە کارێکە ئەنجامدەدرێت, وەکو ئامرازێك بۆ خەباتی سیاسی, بەمەبەستی کاریگەریی

---

(١٠) بڕوانە: ((الارهاب والقانون الدولی)), د. اسماعیل الغزالی, سەرچاوەی ئاماژەپێکراوی پیچشوو, ل ١٢ – ١٣.

(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٣.

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.



لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت, یان دەستەبەرکردنی ئەو دەسەڵاتە, یان بەرگریکردن لێی, کەخۆی لەبەکارهێنانی توندوتیژی دژی بێتاوانان و بێوەیاندا دەبینێتەوە(١٣).

سوتێل تیرۆرو وا پێناسە دەکات کە تاوانکاریی تێکەڵ بەتۆقاندن و ترساندنە, بەمەبەستی بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو(١٤).

گۆنز بێرگ توخمەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی, بەم شێوەیە چڕ دەکاتەوە(١٥):

١- دەستدرێژی بۆ سەر خزمەتگوزاری گشتی, وەکو سەرقاڵکردنی هاتوچۆی نێودەوڵەتی, وەکو رفاندنی فڕۆکە

٢- دەستدرێژیی بۆ سەر سەرۆکی دەوڵەت یان ئەندامێکی حکومەت لەدەرەوە. ولیمکن پێیوایە کە تاوانی تیرۆری نێودەوڵەتی, کاتێ روو دەدات کە ئەم توخمانەی خوارەوە لەئارادابن:

١- دووبارە بوونەوەی روودانی کاری تیرۆر, یان جۆراوجۆربوونی کارە تیرۆرییەکان.

٢- رەفتارە تیرۆرییەکان, بەمەبەستی خولقاندنی پشێوی, یان ئاڵۆزی بێت لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

٣- کە جیاوازیی هەبێت لەنێوان:

أ- رەگەزنامەی بکەر.

---

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

(١٤) بڕوانە:

665, 1938, p. 96.

(١٥)بڕوانە: (الارهاب السیاسي والقانون الجنائي), د. عبدالرحیم صدقي, هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٧.

ب- رەگەزنامەی کەسی قوربانی.

ج- رەگەزنامەی ئەو شوێنەی کە تاوانەکەی تیادا ئەنجامدراوە.

بەڵام لیژنەی شارەزایان کە سەر بەیەکێتی نێودەوڵەتیی یەکخستنی یاسای تاوانکارییە, پێیوایە کاتێ کارێك بەتیرۆری نێودەوڵەتی دادەنرێت کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١- ئاڵۆزی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بوروژێنێت.

٢- کەتاوانەکە ئاڕاستە بکرێت دژی ئەو وڵاتەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت (واتە ئاسەواری تاوانەکە زیاتر لەناوچەیەك لەدەوڵەتێکدا بگرێتەوە).

٣- ئەنجامدەران لەدەرەوە پەنایانهێنابێت.

٤- ئامادەکاری بۆ تاوانەکە لەوڵاتێکی تردا کرابێت, نەك ئەو دەوڵەتەی پەیوەندیدارە بەئەنجامدانی تاوانەکەوە, یان تیرۆری نیوەناچڵی وڵاتێکی تر جگە لەوڵاتە پەیوەندیدارەکەدا روویدات.



## ئەم پاکێجە لەم کتێبانە ئامادە کراوە:

١- دێڤید بێتهام -کوین بۆیل, دیموکراسی چیە؟, (ئاشنابوون بەدیموکراسی), وەرگێڕانی: شۆڕش جوانرۆیی, پێداچونەوە: یوسف زەڵمی ٢٠٠٣. لەبڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان.

٢- رۆبەرت داڵ, دەربارەی دیموکراسی, وەرگێڕانی: ئامانج عەزیز کەندی, ٢٠٠٣, لەبڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان.

٣- د. عەباسعەلی سەحافیان, ئاشنابوون بەدیموکراسی, وەرگێڕانی, کارزان محەمەد, چاپی یەکەم -٢٠٠٣.

٤- ئانتۆنی ئاربلاستەر, دیموکراسی: لەڕووی مێژووییو تیۆرییەوە, وەرگێڕانی: رێباز مستەفا, چاپی یەکەم: (٢٠٠٢), لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

٥- رۆشنبیر, کۆمەڵگە, دیموکراسی, چەند سەرنجێك بەپێنوسی: بەختیار عەلی, مەریوان وریا, ئاراس فەتاح. لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی, ٢٠٠٠.

٦- مۆدێرنیتە, دیموکراسیو رۆشنبیران, رامین جیهانبەگلو, وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانیو موراد حەکیم, دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی- ٢٠٠٢.

٧- کۆمەڵگەی مەدەنی, چەمكو کێشەکانی, محەمەد جمال باروت, وەرگێڕانی: گۆران جەلال.

٨- کۆمەڵی مەدەنی چییە؟ کورتە مێژوو, واتا, چۆنێتی بەکارهێنانی لەوڵاتانی جیهان دا, کۆکردنەوەو رێکخستنی: مەریەم پورنەزەر, وەرگێڕانی بۆ کوردی: یاسین عومەر, پێداچوونەوە: پێشڕەو حسێن, چاپی یەکەم, سلێمانی ٢٠٠٣.

٩– تـيرۆرى نێودەوڵـەتى، نوسـينى: د. ئەحمـەد محەمـەد رەفعـەت، د. سـاڵح بـەكر ئەلتـەيار. وەرگێڕانـى: كوێسـتان جـەمال. لـەبڵاوكراوەكانى خانەى وەرگێڕان، ٢٠٠٣، زنجيرە ٢٠.

١٠– آلان تورين, ما هي الديمقراطية, حكم الاكثريـة أم ضـمانات الأقليـة. الطبعة الثانية –دار الساقي– ترجمة: حسن قبيسي, ٢٠٠١.

١١– السـلوك الحضـاري والمواطنـة في المجتمعـات الديمقراطيـة اللبراليـة. تحرير: ادوارد سي. بانفليد. ترجمة: سمير عزت نصار.

دار النسر للنشر والتوزيع– عمان/ الاردن, ١٩٩٤.

١٢– جـان مـورانج, الحريـات العامـة. منشـورات عويـدات، ترجمـة: وجيـه البعيني, الطبعة الاولى ١٩٨٩.

١٣– حريـة التعـبير في مجتمـع مفتـوح، تـأليف: رودنـي أ. سمـوللا، ترجمـة كمـال عبـدالرؤوف، الجمعيـة المصـرية لنشـر المعرفـة والثقافـة العالمية. ط ١٩٩٥.

١٤–استطلاع الرأي العام –جان ستوتزل والان جيرار, ترجمة: عيسى عصفور, منشورات عويدات –بيروت– لبنان, ١٩٨٢.

١٥–برتران دوجوفنيل, في السلطة, تأريخ الطبيعي لنموها, ترجمـة: محمد عرب صاصيل, منشورات وزارة الثقافة للجمهوريـة السـورية, دمشـق ١٩٩٩.

16- Phuc ydids, The Pelponnesian War (New york: Modem library, 1951), P.105

17-Arend lyphart, Dewocrac is: Patterns of majorian and consensus. Gorarmmert

HN penty-one Guntries (New Haren and London: Yal Univesity Press, 1989) table 3.1P38.


**پـەراوێزو سەرچـاوەكانى مەترسـييەكانى تـيرور" كـە لـە كتێبـى تيرۆرى نێودەوڵتىيەوە وەرگيراوە:**



(١) **بڕوانه: (الارهـاب في القـانون الجنـائي), د. محمـد مؤنس محـى الديـن.**

(٢) Government and opposition, vol. 8, No: 3, summer 1973, London, p.222. **هـەروەها بڕوانـه** n. 1974.

(٣) **سەرچاوەى پێشوو, ل ٢٩٣ – ٣٠٨, موس تيرۆر بەمشێوەيە پێناسە دەكات:**

Sheldon G. Levy, William J. Crooty, Commission on the Cause and Prevention of Violence, U.S. Government Printion office, (Washington, 1969), P. 421.

(٤) in H.E. Eckstein (ed.), Internal War (London: Collier-Macmillan, 1964), P. 73.

(٥) **سۆرنتۆن لەم بارەيەوە بڕيار دەدات كە:**

If the terrorist comprehends that he is seeking a demonstration effect, he will attack targestes with a Maximum Symbolic Value. The Symbols of the State are particularly importantm but perhaps even more zre those referring to the normative Structures znd relationships that Constitute the Supporting framework, of Society. By showing the Weakness of this framework, the insurgents bemonstratem not only their own strength and the Weakness of the incumbents but also the inability of the Society to Provide Support for its.

(٦) **بەشێوەيەكى گشتى بڕوانه:**

Wardlaw, G

Cambridye University Press 1982, P. 16.

(٧) بڕوانه: ,op. Cit, p.422,

(٨) W

Case Studies of Some PRIMITIVE African Communitie (New York: Oxfored University Press. 1967), P. 5.

(٩) In Reflexions sur la definition et la repression du terrorism, Editions de Bruxelles, (Brussels, 1974). P.125.

(١٠) بڕوانه: ((الارهاب والقانون الدولى)), د. اسماعيل الغزالى, سەرچاوەی ئاماژەپێکراوی پێشوو, ل ١٢ – ١٣.

(١١) بڕوانه:
665, 1938, p. 96.

(١٢)بڕوانه: (الارهاب السياسي والقانون الجنائي), د. عبدالرحيم صدقي, هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٧.



**سەرنج:**

**ئەم پاکێجە بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەو زیادکردنی ئاستی رۆشنبیریی گەنجانە لەبوارەکانی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیو مەترسییەکانی تیرۆر..**

**یەکێکە لەپرۆژە رۆشنبیرییەکانی "پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن - KIE"و لەسەر ئەرکی رێکخراوی "RTI" ئەمریکی چاپکراوە..**

## سوپاسنامە

**زۆر بەتایبەتی سوپاسی هاوڕێی ئازیزم کۆمپیوتەرست: (شیلان نوری) دەکەم کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی لەچاپدانو کلێشەسازی ئەم پەرتوکەی گرتە ئەستۆو هاوکاری کردم، هاوکات سوپاسگوزاری رێکخراوی (RTI)ی دەکەم کە پرۆژەکەیان قبوڵکرد.**